# رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28 - 7ی بەفرانبار 2715 (750) دینار




لەگەڵ ئەو ژمارەیە رۆژژمێری رووداو بە دیاری وەربگرە

## خاوەنی (عادل موتەحیدە) بە 180 ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ



**رووداو- دهۆک**

دادگای تاوانەکانی دهۆک سکاڵای ئەو 300 هاووڵاتیەی یەکلایی کردەوە کە لەسەر روشدی سەعید، خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە تۆماریان کردبوو. دادگا سزای 180 ساڵ بەندکردنی بەشێوەی غیابی بۆ خاوەنی کۆمپانیاکە دەرکرد.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە پارێزگای دهۆک دەڵێ، خاوەنی ئەو کۆمپانیایە 9 ملیۆن دۆلاری خەڵکی بردووە. کۆمپانیای ناوبراو لە ساڵی 2013 پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی لە شاری دهۆک بەناوی ستی ستارز راگەیاند، بەڵام پرۆژەکە بەنیوەچڵی بەجێما.

دادوەر بەهزاد ئەترۆشی، دادوەری دادگای کەتنی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "300 هاووڵاتی سکاڵایان لەدژی خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە تۆمار کردووە کە زۆربەیان عەرەبن و دۆسیەکەشیان لە دادگا یەکلایی کراوەتەوە". گوتیشی "خاوەنی کۆمپانیاکە بە غیابی بۆ هەر سکاڵایەک بە شەش مانگ حەپسکردن سزا دراوە". بەو پێیە بێت، دەبێ خاوەنی کۆمپانیاکە 180 ساڵ لە زینداندا بمێنێتەوە.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان دەڵێت "بێجگە لەو 300 سکاڵایە، نزیکەی 1000 هاووڵاتیش لەلای ئێمە سکاڵایان تۆمار کردووە".

2 »

### هێرۆ ئیبراهیم بە دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتی رازییە، بەڵام بەرهەم ساڵحی تێدا نەبێ


4



ئەردۆغان:

### کێشەی کورد بەو ترلیۆن لیرەیەی لە شەڕ خەرج دەکرێ چارەسەر نابێ

6



رێبوار کەریم وەلی

### کێ لە یەکێتی جیادەبێتەوە؟

23

### 721 ملیار دیناری لەلای سەرمایەدار و بەڵێندەرانە

# حکومەت مۆڵەتی تەنیا مانگێک دەداتە قەرزداران

3 »




### وەزارەتی کارەبا 27 ملیۆن دۆلار قەرزداری ئێرانە

2



### کوردێک لە ناسا پۆست وەردەگرێ

9



### "راوچیی خراپ" سێرەی لە خەڵاتی ئۆسکار گرتووە

10

رووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28



## لە شەقڵاوە مەرقەدێک دەسووتێندرێت

**رووداو- هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، شەوی 2015/12/25 چەند کەسێکی نەناسراوە ئاگریان لە مەرقەدی شێخ توراب لە گوندێکی سەر بە قەزای شەقڵاوە بەرداوە. مەریوان گومانی لە سەلەفییەکان هەیە و دەڵێت "رۆژانە خەڵکانێکی زۆر بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی زیارەتی ئەو مەرقەدەیان دەکرد، بۆیە گومانم هەیە، ئەو خەڵکانەی سەر بە عەقڵیەتییە سەلەفییە داخراوەکانن ئاگریان لە مەرقەدەکە بەردابێت، چونکە ساڵی رابردووش هەر لە سنووری قەزای شەقڵاوە پەلاماری گۆڕی چەند پیاوچاکێک درا".

# خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە بە 180 ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ



## بەڕێوەبەری وەبەرهێنان لە دهۆک: 9 ملیۆن دۆلاری خەڵکی دهۆک لەلای کۆمپانیای عادل موتەحیدەیە

**عوبێد رەشافایی**
**رووداو- دهۆک**

دادگای تاوانەکانی دهۆک سکاڵای ئەو 300 هاووڵاتیەی یەکلایی کردەوە کە لەسەر خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە تۆماریان کردبوو. دادگا سزای 180 ساڵ بەندکردنی بۆ خاوەنی کۆمپانیاکە دەرکرد.

دوای راگەیاندن و دەستبەکاربوون لە پرۆژەیەکی گەورەی نیشتەجێکردن بەناوی پرۆژەی دەشتی بەهەشت لە شاری هەولێر لەلایەن کۆمپانیای عادل موتەحیدە، کۆمپانیای ناوبراو لە ساڵی 2013 پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی لە شاری دهۆک بەناوی ستی ستارز راگەیاند، بەڵام پرۆژەکە بەنیوەچڵی بەجێما.

باوکی ئەحمەد، بە رەنج و ماندووبوونێکی زۆر 30 هەزار دۆلاری کۆکردەوە. پارەکەی خستە دەستی خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە بۆ ئەوەی شوقەیەک لە پرۆژەی ستی ستارز بکڕێ، بەڵام دوای هەڵاتنی خاوەنی کۆمپانیاکە، باوکی ئەحمەد لەو باوەڕەدا نییە تازە نە ببێتە خاوەنی شوقە و نە پارەکەی دەست بکەوێتەوە.

بەختیار ئەمین، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە دهۆک دەڵێت، ئەوانەی هاوشێوەی باوکی ئەحمەد زەرەرمەند بوون، بەبێ ئاگاداری ئەوان گرێبەستیان لەگەڵ وەبەرهێنەر کردووە. بەختیار گوتی "ئەو هاووڵاتیانەی گرێبەستی باوەڕپێکراویان هەیە، لای ئێمە کێشەیان چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەوانەی گرێبەستیان نییە دەبێ لە دادگا کێشەکەیان چارەسەر بکەن".

زیاتر لە ساڵێکە کارکردن لە پرۆسەی ستی ستارز وەستاوە، ژمارەیەک لەو هاووڵاتیانەی گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیای عادل موتەحیدە کردووە، سکاڵایان لەسەر خاوەنی کۆمپانیاکە تۆمار کردووە.

دادوەر بەهزاد ئەترۆشی، دادوەری دادگای کەتنی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "300 هاووڵاتی سکاڵایان لەدژی خاوەنی کۆمپانیای عادل موتەحیدە تۆمار کردووە کە زۆربەیان عەرەبن و دۆسیەکەشیان لە دادگا یەکلایی کراوەتەوە".

ئەو دادوەرە دەڵێت، ئەو هاووڵاتیانە بەپێی مادەدە 456 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە قۆڵبڕین، سکاڵایان تۆمار کردووە. گوتیشی "خاوەنی کۆمپانیاکە بە غیابی بۆ هەر سکاڵایەک بە شەش مانگ حەپسکردن سزا دراوە".

بەو پێیە بێت، دەبێ خاوەنی کۆمپانیاکە 180 ساڵ لە زینداندا بمێنێتەوە.

بەختیار ئەمین، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان دەڵێت "بێجگە لەو 300 سکاڵایە، نزیکەی 1000 هاووڵاتیش لەلای ئێمە سکاڵایان تۆمار کردووە، لەوانەش 500یان گرێبەستی پەسەندکراویان هەیە و مافیان نافەوتێ".

بەختیار ئەمین ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان پێشتر هاووڵاتیانیان ئاگادار کردووەتەوە لەوەی هەر گرێبەستێک مۆری دەستەی وەبەرهێنانی لەسەر نەبێت، نەیکەن، بەڵام دەڵێت "کۆمپانیای عادل موتەحیدە مۆری ئێمەی ساختە کردبوو، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان متمانەی پێ بکەن و شوقەکانی لێ بکڕن".

گوتیشی "لەسەر ئەو ساختەکارییە سێ سکاڵامان لەسەر کۆمپانیای عادل موتەحیدە تۆمارکردووە".

هەر وەبەرهێنەرێک پرۆژەیەک بکات، دەبێ چەکێکی بانکی وەکو خیتاب زەمان بۆ وەبەرهێنان ببات. بەختیار ئەمین دەڵێت کۆمپانیای عادل موتەحیدە لەوەشدا فێڵی کردووە "چەکێکی بۆ ئێمە هێنابوو، رەسیدەکەی 3%ی تێچووی پرۆژەکە بوو، بەڵام دوای دیارنەمانی خاوەنی پرۆژەی ستی ستارز، ئەو چەکەش ئاشکرابوو کە ساختەیە و لە بانکی (مصرف التجاري العراقي) هێنابووی کە هیچ رەسیدی نەبوو".

بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی دهۆک ئەو پارەیە ئاشکرا دەکات کە کۆمپانیاکە وەکو پێشەکی لە هاووڵاتیانی وەرگرتووە و دەڵێت "کۆمپانیاکە زیاتر لە 9 ملیۆن دۆلاری وەکو پێشەکی لە هاووڵاتیان وەرگرتووە، بەڵام تەنیا 50%ی پرۆژەکەی جێبەجێ کردووە و جێیهێشتووە".

سەبارەت بە چارەنووسی ئەو خەڵکەی پارەیان کەوتووەتە لای کۆمپانیاکە، بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی دهۆک دەڵێت "400 دۆنم زەوی پرۆژەکە لەسەر ناوی کۆمپانیاکە ماوە و هیچی لەسەر نەکراوە. بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان، ئەو زەوییە دووبارە نەخشەی بۆ دەکێشرێت، لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە ئێمە، شارەوانی، نیشتەجێکردن و وەزارەتی دارایی تێیدا ئەندامین، دواتر زەوییەکە بە وەبەرهێنەران دەفرۆشرێت و بە پارەکەی پرۆژەکەی ستی ستارزی پێ تەواو دەکرێ".

بەڵام هاووڵاتیان گلەییان هەیە کە ئەو لیژنەیە کارەکانی زۆر دواکەوتن و ئەوانی لە چاوەڕوانیدا هێشتووەتەوە.

بەختیار ئەمین دەڵێت "ئەوە راستە، بەڵام کێشە لەلای وەزارەتی دارایی بوو، درەنگ نوێنەری خۆیان بۆ لیژنەکە دیاری کرد، گەشبینین کە ساڵی داهاتوو ئەو کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە".

## ئێران گرێبەستی کارەبای پێنجوێن تەنیا بۆ شەش مانگ نوێ دەکاتەوە

# وەزارەتی کارەبا 27 ملیۆن دۆلار قەرزداری ئێرانە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

وەزارەتی کارەبای کۆماری ئیسلامیی ئێران گرێبەستی پێدانی کارەبا بۆ قەزای پێنجوێن تەنیا بۆ شەش مانگ نوێ دەکاتەوە. داواش لە وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان دەکات ئەو 27 ملیۆن دۆلار قەرزەی کارەبای پێنجوێنیان بداتەوە، ئەگەرنا چیدی بەردەوام نابن لە دابینکردنی کارەبا بۆ ئەو قەزایە.

رۆژی 2015/12/20 شاندێکی حکومی کە لە نوێنەری وەزیری کارەبا، قایمقامی قەزای پێنجوێن و چەند بەرپرسێکی دیکە پێکهاتبوون، بەمەبەستی نوێکردنەوەی گرێبەستی کارەبای قەزای پێنجوێن سەردانی شاری کرماشانیان کرد، بەڵام ئەمجارە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەبری ساڵێک، بۆ ماوەی شەش مانگی داهاتوو یاداشتی لێکتێگەیشتنیان بۆ دابینکردنی کارەبای پێنجوێن نوێ کردەوە.

قەزای پێنجوێن دەکەوێتە سەر سنووری باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان و هاوسنوورە لەگەڵ شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان. وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی لەساڵی 2007ەوە گرێبەستیان بۆ ماوەی 7 ساڵ بەمەبەستی دابینکردنی کارەبا بۆ قەزای پێنجوێن واژۆ کرد، بەڵام لەساڵی رابردووەوە و بۆ نوێکردنەوەی دابینکردنی کارەباکە، ئەو گرێبەستە کرایە "یاداشتی لێکتێگەیشتن" و دیسانەوە لە مانگی تشرینی دووەمی 2014 تا تشرینی دووەمی ئەمساڵ نوێ کرایەوە.

زانا رەحمان، قایمقامی قەزای پێنجوێن بە (رووداو)ی راگەیاند، لە سەردانەکەی ئەمجارەیاندا و لەسەر داوای کۆماری ئیسلامیی ئێران، یاداشتی لێکتێگەیشتنەکە تەنیا بۆ ماوەی شەش مانگ نوێ کراوەتەوە "بەرپرسانی ئێران گوتیان بۆیە ئەمجارە شەش مانگیان نوێ کردووەتەوە، چونکە دەبێت لە دوای شەش مانگەکەوە گرێبەستێک لە نێوان هەردوو وەزارەت بکرێتەوە، چونکە گرێبەست چەند ئیلتیزاماتێکی هەیە و دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات کە هەندێکیان تەکنیکین".



بە گوتەی زانا رەحمان، لە کاتی نوێکردنەوەی یاداشتەکەدا بەرپرسانی ئێران گوتوویانە لە ماوەی 8 ساڵی رابردووەوە تائێستا هیچ بڕە پارەیەکیان پێ نەگەیشتووە و ئێستاش 27 ملیۆن دۆلار قەرزدارن.

زانا رەحمان گوتی "هەرێمی کوردستان بەرامبەر گرێبەستەکان کەمتەرخەم بووە، چونکە لە 2014ەوە بیریان لە نوێکردنەوەی گرێبەستەکە و دابینکردنی پارەکەی نەکردووەتەوە کە ئاخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەکەی دابین دەکات یاخود حکومەتی عێراق، چونکە ساڵی رابردووش تەنیا گرێبەستەکە کراوەتە یاداشتی لێکتێگەیشتن و باسی دابینکردنی پارەکە نەکراوە".

بەبۆچوونی قایمقامی پێنجوێن، دابینکردنی کارەبای قەزاکەیان بۆ شەش مانگی داهاتوو لەلایەن ئێرانەوە زیاتروەکو مەسەلەیەکی ئینسانی بووە و گوتی "ئەوان پێیانگوتین نامەردیتان لەگەڵدا ناکەین و کارەباکە نابڕین، بۆیە ئێستا دابینکردنی کارەباکە وەکو هاوکارییەکی لێهاتووە و کارێکی مرۆڤانەیە".

بەڕێوەبەرایەتی کارەبای پێنجوێن 40 رۆژ جارێک پارەی کارەبا کۆدەکاتەوە، بە گوتەی بەرپرسانی کارەباش، نرخی کارەبای ئێران لە کارەبای نیشتمانی بۆ پێنجوێن هەرزانترە.

رزگار مەحموود، لێپرسراوی فەرمانگەی کارەبای پێنجوێن کە 15 ساڵە لەو پۆستەدایە، بە (رووداو)ی گوت، نرخی هەر کیلۆوات کارەبای ئێران بۆ قەزاکەیان تەنیا 11 سەنت دەکەوێت و ئەوانیش بەهەمان نرخی کارەبای هەرێمی کوردستان کە 15 دینارە، دەیدەنەوە بە ماڵان و هەر ماڵێکیش بۆی هەیە لە مانگێکدا 450 کیلۆوات کارەبا خەرج بکات، ئەو دەڵێت "لەرووی نرخەوە کارەبای ئێران هەرزانترە".

سالار حیسامەدین، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانیش هەر لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند، لە سەرەتای واژووکردنی رێککەوتنەدا پێویست بوو حکومەتی عێراق لە نەفەقاتی حاکیمە ئەو پارەیە دابین بکات، بەڵام دواتر ئەوان هیچ بڕە پارەیەکیان رادەستی ئێران نەکردووە و لە کۆتایی ساڵی 2012یشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر جەختی لەسەر ناردنی ئەو پارەیە کرد و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵی دا لە گیرفانی خۆی بیدات، بەڵام دواتر حکومەتی هەرێمیش بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی نەیتوانی ئەو پارەیە بداتە ئێران.

سالار حیسامەدین گوتی "بەپێی دوایین نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیرانیش، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانەوەی ئەو پارەیەی خستووەتە ئەستۆی هەرێمی کوردستان".

عەبدولرەحمان عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە خەڵکی قەزای پێنجوێنە، نیگەرانیی خۆی دەربڕی لە دابیننەکردنی ئەو پارەیە. ئەو پەرلەمانتارە باسی پێشنیازێکی پێشتری خۆی دەکات و دەڵێت "پێشتر پێشنیازم کردبوو ئەو پارەیەی کۆدەکرێتەوە لە سندووقێکدا دابنرێت بۆ ئەوەی ساڵانە بدرێتە کۆماری ئیسلامی، بۆیە داواکارین ئەو قەرزە دابین بکرێت تا پێنجوێن و دەوروبەری تووشی گرفتی بێکارەبایی نەبن، چونکە تاوەکو ئێستاش کارەبای نیشتمانی بۆ دابین نەکراوە".

# کچە کوردە ئێزدییەکە دوای سیسی شای سعودیە دەبینێ

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ئەو کچە کوردە ئێزدییەی شەممەی رابردوو لەگەڵ سەرۆکی میسر کۆبووەوە، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لەگەڵ شای سعودیە کۆببێتەوە و باسی رەفتارەکانی داعش بەرامبەر ئافرەتانی کوردی ئێزدی بکات. بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی ئێزدییەکان لەدەستی داعش دەڵێت "نادیە خۆی هەوڵی داوە ئەو سەرۆکانە ببینێ".

نادیە موراد کە یەکێک بوو لەو کچانەی لەلایەن داعشەوە وەکو "کەنیزەک" لەدوای داگیرکردنی شنگال رفێنرابوو، ناوەڕاستی ئەم مانگە لە دانیشتنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بەسەرهاتی ئەو رۆژانەی خۆی گێڕایەوە کە لەدەستی چەکدارانی داعشدا بووە. دواتر سەردانی میسری کرد و لە زانکۆی ئەزهەر گوتارێکی پێشکەش کرد، رۆژی 26ی ئەم مانگەش لەلایەن عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسرەوە پێشوازیی لێکرا.

حوسێن قائیدی، بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێنراوانی کوردی ئێزدی لە دهۆک چەند زانیارییەکی لەبارەی سەردانەکەی نادیە بۆ میسر ئاشکرا کرد و گوتی "دوای ئەوەی نادیە گەیشتە میسر، داوای کردبوو سەرۆکی میسر ببینێ و ئازارەکانی کوردی ئێزدیی بۆ باس بکات". ئەو گوتی "عەبدولفەتاح سیسی بە نادیەی گوتووە کە ئەوان وەکو حکومەتی میسر ئامادەن پشتگیری کوردی ئێزدی بکەن، هەروەها ئیدانەی ئەو توندوتیژیانەی کردووە کە داعش بەرامبەر کوردی ئێزدی کردوونی".

بەرپرسی نووسینگەکە گوتیشی کە دوای سەردانەکەی بۆ میسر، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2015/12/28 نادیە سەردانی شانشینی سعودیە بکات و سەلمان بن عەبدولعەزیز شای ئەو وڵاتە پێشوازیی لێ بکات".



### نووسینگەی رزگارکردنی کوردی ئێزدی:
### نادیە خۆی داوای بینینی سیسی کردبوو

نادیە موراد خەڵکی گوندی کۆچۆیە، رۆژی سێی ئابی ساڵی رابردوو لە شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لەگەڵ ژمارەیەک ئافرەت و منداڵی کوردی ئێزدی رفێنران، پاش ئەوەی پیاوەکانی ئەو گوندەیان بەکۆمەڵ کوشت. نادیە رۆژی 2014/9/14 لە دەستی داعش رزگار کرا. چوار مانگ لەمەوبەر لە رێگەی رێکخراوێکی جیهانییەوە گەیشتە ئەڵمانیا.

حوسێن هۆکاری سەردانی نادیەی بۆ سعودیە باسکرد و گوتی "نادیە دەیەوێت هەموو ئەو تاوانانەی داعش بەسەری ئەوانیان هێناوە، بۆ شای سعودیە باس بکات".

بەپێی ئەو ئامارەی لە نووسینگەی رزگارکردنی کوردی ئێزدی دراونەتە (رووداو)، تاوەکو ئێستا 2326 هاووڵاتی کورد لە دەستی داعش رزگارکراون کە 866 یان ئافرەتن، لەگەڵ 316 پیاو و 1144 منداڵ.

جگە لە نادیە، چوار مانگ لەمەوبەر کچێکی دیکە بەناوی جینان بەدەل کە ئەویش رزگاربوویەکی دیکەی دەستی داعش بوو، لەلایەن فرانسۆ ئۆلاند، سەرۆکی فەرەنساوە پێشوازیی کرا و لە کۆنفرانسێکی جیهانیشدا لەو وڵاتە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە. سەرۆکی فەرەنسا ئامادەیی وڵاتەکەی نیشاندا کە مافی مانەوە بداتە جینان، بەڵام ئەو داواکارییەی رەتکردەوە و گوتی دەچمەوە کوردستان لەگەڵ خێزانەکەم لە کەمپ دەژیم.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28



## هێرۆخان پشتگیری بەرپرسێکی گۆڕان دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، پشتگیری خۆی بۆ بەختیار عەبدولڕەحمان قایمقامی مەرکەزی سلێمانی نیشانداوە کە لەسەر پشکی گۆڕانە، ئەو پشتگرییەی هێرۆخان لە کاتی سەردانێکدا بووە بۆ لای قایمقام. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی قایمقامیەتی سلێمانیش کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، قایمقامی سلێمانی ڕایگەیاندووە "سەردانەکەی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم بۆ دەربڕینی پشتیوانی بووە بۆ ئەوەی بە هاریکاری سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا شاری سلێمانی زیاتر پێشبخرێت".

### 721 ملیار دیناری لەلای سەرمایەدار و بەڵێندەرانە

# حکومەت مۆڵەتی تەنیا مانگێک دەداتە قەرزداران



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەگەڵ تەواوبوونی پشووەکانی سەری ساڵ، پاکێجە چاکسازییەکانی حکومەت بە دوای یەکدا ڕادەگەیێنرێن و کۆتایی بەو دەنگۆیە دەهێنرێ کە دەڵێ چاکسازییەکانی حکومەت لە بڕین و کەمکردنەوەی دەرماڵەی سێ سەرۆکایەتییەکەدا قەتیس بووە. یەکێک لە بەرنامەکانی ئەو چاکسازییە وەرگرتنەوەی ئەو قەرزە زۆرەیە کە داویەتی بە وەبەرهێنەر و سەرمایەداران.

د.فرسەت سۆفی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە لەگەڵ گۆران ئازاد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەیەکیان بۆ چاکسازیی دایە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، دەڵێ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڕیارەکانی چاکسازی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەدرێن.

مووچەی مانگێکی خەڵک لای وەبەرهێنەرانە

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ژمارەیەک وەبەرهێن و خاوەن کۆمپانیا قەرزیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و تاوەکو ئێستا قەرزەکەیان نەگەڕاندووەتەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە زیاتر لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستیکەوتوون، هەنگاوی یەکەمی پاکێجە چاکسازییەکانی حکومەت، وەرگرتنەوەی قەرزەکانە و بەکارهێنانیەتی لە هەندێک پڕۆژە و دانەوەی مووچەی فەرمانبەراندا.

د.فرسەت سۆفی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و ڕەتیشیدەکاتەوە ئەو پارەیە تەنیا لای وەبەرهێنەران بێت "خەڵکێکیشی تێدایە کۆمپانیای نییە و وەبەرهێنیش نییە و قەرزی 20 ملیار و 30 ملیار دیناری لە حکومەت کردووە، ماوەی یەک مانگیان بۆ دادەنرێ و دەبێ لەو ماوەیەدا قەرزەکانیان بدەنەوە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەشی لەبەرچاو گرتووە کە ئەگەر ئەوانە لەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە پارەکە نەگێڕنەوە، دەست بەسەر ئەو مولْکانەیاندا دەگرێت کە وەکو ڕەهن لە بەرامبەر وەرگرتنی قەرزەکە دایانناوە.

د.فرسەت دەڵێت "کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی ڕەهنیان داناوە بۆ قەرزکردن، قەرزەکەیان دوو هێندە و سێ هێندەی پارەی ڕەهنەکەیە، بەڵام ئەوە ناچاریان دەکات پارەکەیان بدەنەوە".

### دهۆک کەمترین قەرزی کردووە

وەبەرهێن و سەرمایەدارەکانی پارێزگای دهۆک تەنیا 7 ملیار دیناریان لە حکومەت قەرز کردووە، بەڵام ئەوانەی پارێزگای هەولێر زۆرترین پارەیان لایە کە 420 ملیار دینارە. هەروەها وەبەرهێن و خاوەن کۆمپانیاکانی پارێزگای سلێمانیش 250 ملیار دیناری حکومەتیان لەلایە.

مانگانە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە 850 ملیار دینار هەیە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی، بەڵام ئەوە بۆ پێش بڕیاری کەمکردنەوەی دەرماڵەی سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان بوو. هەر بۆیە حکومەت دەیەوێ بەو قەرزەی لە قەرزدارەکانی وەردەگرێتەوە، هەر هیچ نەبێت، مووچەی مانگێکی فەرمانبەرانی بدات.

فاروق مەلا مستەفا، وەبەرهێن و سەرمایەداری دیاری کوردستان و عێراق، هەرچەندە دەڵێت هیچ قەرزێکی لە حکومەت نەکردووە، بە مافی ڕەوای حکومەتیشی دەزانێ قەرزەکانی وەربگرێتەوە، بەڵام پێیوایە "دەبێ جیاوازی هەبێ لە نێوان ئەوانەی قەرزیان وەرگرتووە، دەبێ ڕووپێوێک بکرێ، ئەوەی قەرزی کردووە و پڕۆژەی بەدەستەوەیە و پڕۆژەکەی دانەخستووە بەڕووی خەڵکدا و قازانجی هەیە، دەکرێ هەندێک ڕەچاوی ئەوە بکرێ، بەڵام کەسێک قەرزی وەرگرتووە و پڕۆژەیەکی نییە یان تەنیا بۆ قازانجی خۆی وەریگرتووە، ئەوە جیایە. چاکسازی کارێکی باشە و حکومەت مافی خۆیەتی چاکسازی بکات".

### "باشە بەڵام ئیفلاس دەکەن"

سەرۆکی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، وای وێنا دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانی داراییەوە کەوتووەتە نێو دەریایەکەوە و بیر لەوە دەکاتەوە دەست بۆ چڵە پووشیش ببات "بەڵام ئەگەر پێشتر ڕێککەوتن و دانوستاندێک لەنێوان حکومەت وەبەرهێنەرەکاندا نەبێ، ئەوە زۆر قورس دەکەوێ".

یاسین مەحموود ڕەشید، سەرۆکی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێ، ڕاستە حکومەت دەبێ چاکسازی بکات و پارەی خۆی وەربگرێتەوە "بەڵام وەبەرهێن هەیە پارەی نییە بیداتەوە، کێشەشی نییە حکومەت دەست بەسەر ڕەهنەکەدا بگرێ، بەڵکو کێشەی گەورە ئەوەیە ڕەهنەکە کە زەوی و خانووە، ئێستا بازاڕی زەوی و خانوو شکاوە و ناتوانێ بیفرۆشێ و قەرزەکانی حکومەتی پێ بداتەوە".

یاسین مەحموود، بە دووری نەزانی "هەندێک وەبەرهێن لە تاو ئەو داواکارییە قورسە ئیفلاسی خۆیان ڕابگەیێنن، یان سەری خۆیان هەڵبگرن کە ئەوەش بۆ ئایندەی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان لە کوردستان، خراپە".

### کارەبای زێدەڕۆ دەبڕدرێ

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە، تاکە ڕێگەی مانەوەی، هەڵبژاردنی ئازایەتییەکی زۆرە بۆ ئەوەی دەست بۆ لابردنی ئەو دوومەڵانە ببات کە لەنێو جەستەیدا دروست بوون بەهۆی گەندەڵی و بەهەدەرچوونی داهات و سامانەکەیەوە.

د.فرسەت سۆفی باسی سێیەمین بڕیاری چاکسازی دەکات کە هەر لە ئێستاوە لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆ و ئەندامێتی بەرپرسی یەکەمی دەزگای ئاسایش و وەزیری کارەبا و داواکاری گشتی بۆ پێکهێناوە. کاری لیژنەکەش بڕینی هەموو ئەو هێڵانەی کارەبایە کە بە نایاساییی لەلایەن خاوەنی باخ و کۆمپانیا و کارگە و تەنانەت هاووڵاتیانیشەوە ڕاکێشراون.

ئەندازیار یاسین حەسەن، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ ئاگاداری ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی حکومەتن و پێیوایە "30 بۆ 35%ی کارەبای نیشتمانی بەفیڕۆ دەچێ". هەر بۆیە دەسەڵاتە ئەمنییەکانی پشت ئەو هەڵمەتە بەگرنگ دەزانێ بۆ بڕینی کارەبا نایاساییەکان، بەڵام پێشنیاز دەکات "سزاکان بەندکردنیشی تێدابێ".

گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشبینی دەکات بڕێکی زۆر کارەبا بۆ کارەبای نیشتمانی بگەڕێتەوە، هەرچەندە پێیوایە هێشتا چارەسەرێکی ئاسان نییە "هەندێک حاڵەتی سەرپێچی هەیە زۆر بە وردی کراوە، دەبێ زیرەکانە بدۆزرێنەوە، بەڵام ئەو پشتیوانییە ئەمنییە زۆر باشە".

ئێستا هەرێمی کوردستان پێویستی بە 5 هەزار میگاوات کارەبا هەیە، بەڵام تەنیا 2800 مێگاوات کارەبا بەرهەم دێت و حکومەت 2200 مێگاوات کورتهێنانی هەیە، بۆیە سەعاتەکانی پێدانی کارەبا زۆر کەم بوونەتەوە.

د.فرسەت سۆفی، لەبارەی شێوازی هەڵمەتەکەوە دەڵێ ماوەی 15 ڕۆژ دەدەنە خەڵک و خاوەنی کۆمپانیا و کێڵگەکان، ئەوانەی کارەبای نایاساییان بردووە، لەو ماوەیە کارەباکە دەدەنەوە بیدەنەوە، نایدەنەوە لە 16 هەمین ڕۆژدا لە هەموو شارەکان و شارۆچکەکان لیژنە دروستدەکرێ و بەسەرپەرشتی پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دەست دەکرێ بە هەڵمەتی بڕینی کارەبای زێدەڕۆیی، دواتر ئەوەی کە کارەباکەی دەبڕدرێ، ڕەوانەی دادگای دەکەن.

### دوو مووچەیی تەواو

د.فرسەت سۆفی، باسی چاکسازییەکی دیکەی حکومەت دەکات کە تایبەتە بە دوو مووچەکان "ئەوانیش ماوەی 30 ڕۆژیان پێدەدرێ، ئەگەر کەسێک لەو ماوەیە ئاشکرای بکات لێیخۆش دەبن، بەڵام ئەگەر حکومەت خۆی ئاشکرای بکات، ئەوا هەموو ئەو مووچانەشی پێدەبژێردرێ کە وەریگرتوون". گوتیشی "هەرچەندە لە ڕووی یاساییەوە کێشەی تێدایە بەڵام هەر ئەوە جێبەجێ دەکرێ".

هەروەها دەڵێ، ئەو فەرمانگانەی کە زیادەن یان بوونەتە بارگرانی بەسەر حکومەتەوە و خەرجییان زۆرتر کردووە، دەخرێنە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکی نزیک لەخۆی، ئەمە جگە لەوەی بڕیارێکی دیکە پەیوەندی بە دامەزراندنی پاڵاوگەوە هەیە لە هەر سێ شارەکە. "سێ پاڵاوگەی گەورە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک ڕادەگەیێنرێ و حکومەت ئاسانکارییان بۆ دەکات".

# "6000 چەکداری حەشد مووچە لە تورکیا وەردەگرن"



**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی حەشدی نیشتیمانی مووچە لە حکومەتی تورکیاوە وەردەگرن.

دوای دروستکردنی حەشدی شەعبی لەلایەن شیعەکانەوە، هێزێکی دیکە بۆ سوننەکان بەنێوی حەشدی نیشتیمانی دروستکرا، زۆربەی چەکدارانی ئەو هێزە لە سوننەکانی شاری مووسڵن و بەشێکی زۆریان ڕاهێنانیان پێکراوە وەک ئامادەکارییەک بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵ.

سەربازگەی ئەو هێزە لە ناوچەی باشیکە، لەپاڵ ئەواندا ژمارەیەک ڕاهێنەری سوپای تورکیا هەن کە ڕاهێنان بەو هێزە دەکەن.

لە ماوەی ڕابردوودا تورکیا هێزێکی زۆری خۆی ناردە ئەو سەربازگەیە، ئەمەش کاردانەوەی بەرپرسانی عێراقی لێکەوتەوە. هەفتەی ڕابردووش بەشێکی ئەو هێزە لە ناوچەکە کشانەوە.

دوای کۆنترۆڵکردنی شاری مووسڵ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە حوزەیرانی 2014، هێزە ئەمنییەکان و فیرقەی 4ی سوپای عێراق هەرەسیان هێنا و پەرتەوازە بوون. ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی نەینەوا ڕەزامەندی لە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق وەرگرت بۆ ئەوەی ئەو هێزە پەرشوبڵاوە لەژێر ناوی حەشدی نیشتمانی کۆبکاتەوە.

سەرەتا حکومەتی عێراق پاڵپشتی ئەو هێزەی کرد و مووچەی دەدانێ، بەڵام دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی لە ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵ وەرگرتەوە، ئیدی حکومەتی عێراق دەرگای پاڵپشتی بەسەر ئەو هێزە سوننییەدا داخست، بەبیانووی ئەوەی ئەو هێزە سەر بە ئەسیل نوجێفین.

شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ماوەی پێنج مانگە حکومەتی عێراق مووچەی ئەو هێزەی ڕاگرتووە، ئێستا ئەو هێزە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە کۆمەکی دارایی دەکرێن".

شاخەوان عەبدوڵڵا گوتیشی "ئەو هێزەی حەشدی نیشتمانی ژمارەیان لە 6000 چەکدار زیاترە و مانگانە هەر چەکدارێک بڕی 600 هەزار دینار لە حکومەتی تورکیا وەردەگرێت".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئێستا حەشدی نیشتمانی لەلایەن کوڕێکی ئەسیل نوجێفی پارێزگاری پێشووی نەینەواوە بەناوی عەبدوڵڵا نوجێفی، سەرپەرشتی دەکرێ.

عەمید ڕوکن محەممەد یەحیا، فەرماندەی سەربازگەی حەشدی نیشتمانی لە باشیک ڕایگەیاند کە ئەو هێزە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێ. ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت "نزیکەی 5 مانگ بەر لە ئێستا 10 ڕاوێژکاری سەربازیی سوپای تورکیا هاتنە سەربازگەی باشیک بۆ مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانمان، بەڵام لە سەرەتای مانگی ڕابردوو ژمارەی ڕاوێژکارەکانیان زیاد کرد بۆ 110 ڕاوێژکار، هاوکات هێزێکیشیان ڕەوانەی ناوچەکە کرد بە مەبەستی پاراستنیان".

هەرچەندە زۆربەی هێزەکەی تورکیا لە باشیک کشاونەتەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) تا ئێستاش چەکە قورسەکانیان لە سەربازگەکە ماون کە پێکهاتوون لە 30 تانک و زرێپۆش و دەیان جۆر چەکی قورس و مامناوەند.

لەدوایین کاردانەوەی وەزارەتی بەرگریی تورکیادا سەبارەت بە هێزەکەیان لە باشیک، عیسمەت یڵماز، وەزیری بەرگریی تورکیا گوتی "یەکە سەربازییەکانمان کە ئەرکی مەشق و ڕاهێنانیان گرتووەتە ئەستۆ، لە ناوچەکەدا ماونەتەوە. بەمەبەستی دووبارە ڕێکخستنەوەی یەکە سەربازییەکانیش هێزی بەرگری لەوێ دەمێننەوە".

تاوەکو ئێستاش 1200 سەرباز لە خولە سەربازییەکان لە سەربازگەی باشیک دەرچوون و پێشتریش لەو سەربازگەیە هەشت هەزار پۆلیس دەرچوون و ئێستا لە ناوچەی سپایکەر لە سنووری پارێزگای سەلاحەدین نیشتەجێ کراون.

عەمید ڕوکن محەممەد یەحیا گوتی "ئێستا نزیکەی 10 هەزار سەرباز و پۆلیس ئامادەکراون بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، هەشت هەزار لەو پۆلیسانە لە سەربازگەی دووبەردان مەشقیان پێکراوە و ئامادەکراون".

ڕووداو

ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28



## عەلی باپیر: کەس لاری نییە لەگەڵ بارزانی کۆببێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێموانییە هیچ کەسێک لاری لەوە هەبێت لەگەڵ کاک مەسعود کۆببێتەوە، بەڵام پێویستە کاک مەسعودیش زەمینەسازی بۆ ئەو دانیشتنە بکات". عەلی باپیر ڕاشیگەیاند "بارودۆخی ئێستا زۆر بەرەو داهاتوویەکی نادیار دەچێت، بۆیە پێویستە تەکبیری ئەم بارودۆخە بکەین، چونکە ئەوەی ئێستا دەکرێت، دواتر پێمان ناکرێت". بڕیارە سەرەتای ساڵی داهاتوو مەسعود بارزانی لەگەڵ حیزبەکانی باشووری کوردستان کۆببێتەوە.

# هێرۆ ئیبراهیم بە دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتی ڕازییە، بەڵام بەرهەم ساڵحی تێدا نەبێ

**مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:**
یەکێتی موڵکی هێرۆخان نییە

**حامیدی حاجی غالی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:**
دوو ساڵ تەحەمولمان کرد و ئێستا دەمانەوێ چاکسازی بکرێ

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**



ئەگەر موڵک و پارەی یەکێتی ئاشکرا نەکرێ و هاوبەشی لە دەسەڵاتەکاندا نەبێت، ئەوا بەبڕوای ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی "سەد دەر سەد گۆڕانێکی دیکە لەنێو یەکێتیدا دروست دەبێ".

"جام کە پڕبوو لەسەری دەڕژێ"، ئەمە وەسفی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتییە بۆ دۆخی حیزبەکەی، دوای خراپبوونی پەیوەندیی نێوان هەردوو جێگرانی سکرتێری یەکێتی کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە ئێستا بە "کەسی یەکەم"ی نێو یەکێتی دەزانرێ.

کرۆکی کێشەکانی یەکێتی لەسەر داهات و پارە و پوولی یەکێتییە. مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەڕاستی کێشە لە سەرکردایەتی یەکێتی هەیە و بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ و ناتوانین کێشەکانی یەکێتی پینە بکەین".

گوتیشی "ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن، سەد دەر سەد گۆڕانێکی دیکە لەنێو یەکێتی دروست دەبێ".

مستەفا چاوڕەش داوای جێبەجێکردنی پەیڕەوی نێوخۆی حیزبەکەی دەکات و دەڵێت "بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەکانی کۆنگرە بێ، دەبێ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی (کۆسرەت ڕەسوڵ) ڕۆڵی خۆی ببینێ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی نییە، ناتوانێ ئەو ڕۆڵە ببینێ".

ئەم ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نایشارێتەوە کە بەشێکی سەرەکیی ناکۆکی لەنێوان هەردوو باڵەکەی یەکێتی پەیوەندی بە مەسەلەی داراییەوە هەیە "دەبێ پارەی یەکێتی بۆ هەمووان بێ، نەک کەس نەزانێ پارە و داهاتی یەکێتی لە کوێیە؟".

گوتیشی "کاک کۆسرەتیش هاواریەتی و دەڵێت پارەی یەکێتی لە کوێیە".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی زانیاری زیاتر دەربارەی کێشەکانی یەکێتی و بەتایبەت لەسەر دارایی ئەو حیزبە باس دەکات و دەڵێت "جگە لە هێرۆخان و شانازی خوشکی، تەنانەت کاک قوبادی کوڕیشی نازانێ داهاتی یەکێتی و پارەی یەکێتی لە کوێیە و چەندە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لەسەر باڵی جێگرانی سکرتێری یەکێتی هەژمار دەکرێ و داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، ڕەخنە لە هێرۆ ئیبراهیم دەگرێ و دەڵێت "بەرپرسە لە تێکچوونی دۆخی یەکێتی، چونکە دوو ساڵە کاک کۆسرەت و کاک بەرهەم تەحەمولی وەزعی نێوخۆی یەکێتی دەکەن و یەکێتی تەسلیمی هێرۆخان کرابوو، بەڵام خراپی کرد، بۆیە ئیدی تەحەمول نەما".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی حیزبەکەی بە "پاشکۆی هەموو شتێک" دادەنێ "لەکاتێکدا ئێستا یەکێتی لە هەموو کاتێک بەهێزترە و پارتی ئامادەیە بۆ زۆر شت سازش بۆ یەکێتی بکات بۆ ئەوەی لەگەڵی ڕێکبکەوێ، کەچی یەکێتی بووە بە پاشکۆی هەموو لایەک". گوتیشی "بەهۆی ناکۆکیی نێو یەکێتی، پارتی ئێستا بووەتە حیزبی قائید و هەموو شتێک لەم هەرێمە ئەو بەڕێوەی دەبات".

بەگوێرەی زانیارییەکانی کەسێکی نزیکی هێرۆ ئیبراهیم کە بۆ (ڕووداو) قسەی کرد، پەیوەندیی نێوان هێرۆ ئیبراهیم و بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی "ئەوەندە خراپ بووە، ئاساییکردنەوەی زەحمەتە".

ئەو کەسە نزیکەی هێرۆ ئیبراهیم گوتی "هێرۆخان لەلای خۆیەوە بڕیاری داوە چیدی لەگەڵ بەرهەم ساڵح ناتوانێ کاربکات، ئیدی ئامادە نییە گفتوگۆشی لەگەڵ بکات، هێرۆخان گوتوویەتی بەرهەم لەنێو یەکێتی کۆتایی هات".

حامیدی حاجی غالی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لە بەرەی بەرهەم ساڵح دەژمێردرێ، دەڵێت "دوو ساڵ تەحەمولمان کرد، ئێستا دەمانەوێ چاکسازی لە دەسەڵات، ئیدارە و بڕیار و پارەی یەکێتیدا بکەین".

دەربارەی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی دۆخی نێوخۆیی یەکێتی، بەتایبەت لەنێوان باڵی جێگرانی سکرتێری گشتی یەکێتی و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کە لە دروستکردنی یەکەم مەفرەزەی یەکێتیدا بەشدار بووە و وەک خۆی دەڵێ 10 جار بریندار بووە، گوتی "هێشتا زۆری ماوە بگەینە ئەنجام، بەڵام هیچ باڵێک یەکێتی بەجێناهێڵێ".

### مەرجی هێرۆ ئیبراهیم

لێژنەیەکی شەش کەسی لە نێو سەرکردایەتی یەکێتی پێکهاتووە بۆ نزیککردنەوەی هەردوو باڵەکەی یەکێتی، بەڵام پێناچێ ئەنجامێکی ئەوتۆی هەبێ. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت "لێژنەکە پێشنیازی کردووە تاوەکو کۆنگرە، دەستەی سەرۆکایەتی پێکبهێنرێ کە هەردوو جێگرانی سکرتێری گشتی و هێرۆخان و دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی لەخۆ بگرێ". بەڵام گوتی هێرۆخان بە مەرجێک ئەو لێژنەیەی قبووڵە کە "بەرهەم ساڵح لەو دەستەیەدا نەبێ".

سەبارەت بە بڕیار و دەسەڵاتەکان لەنێو یەکێتی، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی "هەموو کەس لەنێو یەکێتیدا، بەتایبەت لە مەکتەبی سیاسی ئەوە باش دەزانێ کە ئێستا مۆری یەکێتی لەلای هێرۆخانە". بەڵام مستەفا چاوڕەش دەڵێت "یەکێتی موڵکی هێرۆخان نییە و موڵکی کەس نییە بەڵکو یەکێتی هی هەمووانە و بەهەمووانەوە جوانە و دەبێ ئەو چەپکە گوڵە بین کە هەمووجار مام جەلال باسی دەکرد".

### مینبەرەکەی بەرهەم ساڵح

قسەوباسی گەرمی ئێستای نێو یەکێتی، جیاکردنەوەی مینبەرێکە لەلایەن جێگرانی سکرتێری گشتییەوە.

حامیدی حاجی غالی نایشارێتەوە کە "هێرۆخان گلەیی لە د.بەرهەم هەیە"، بەڵام لەبارەی دروستکردنی مینبەر دەڵێت "ئەوەمان وەک دوا چارەسەر داناوە بۆ یەکێتی".

ئەو بەرەیەی پشتیوانی لە کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح دەکەن لە 15 ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی پێکدێن. بەرامبەر ئەوانیش باڵەکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد 21 ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتین.

بەرهەم ساڵح، تاوەکو ئێستا هیچ قسەیەکی لەبارەی کێشەکانی لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم نەکردووە، بەڵام کەسێکی نزیکی باسی هەڵوێستی بەرهەم ساڵح دەکات بۆ (ڕووداو) و دەڵێت "د.بەرهەم دەیەوێ کێشەکانی یەکێتی بە یەکێتیانە لە نێوخۆی یەکێتیدا چارەسەر بکرێن".

# دەڵێت ئێران داوای ڕوونکردنەوە لە پارتی دەکات

**نازم دەبباغ:** بیرۆکەی گواستنەوەی نەوتی کوردستان بۆ ئێران بەهۆی هاتنی سوپای تورکیاوە دواخرا

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران ئاشکرای دەکات دوای هاتنی سوپای تورکیا بۆ نێو خاکی عێراق، شاندێکی ئێرانی سەردانی باشووری کوردستانیان کردووە و داوای ڕوونکردنەوەیان لە پارتی کردووە.

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە دوای هاتنی سوپای تورکیا بۆ نێو خاکی عێراق و سەردانەکەی جەنابی کاک مەسعود بارزانی بۆ تورکیا، شاندێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان کۆبوونەوە".


گوتیشی "شاندەکە داوای ڕوونکردنەوەیان لە برادەرانی پارتی کردبوو".

نازم دەباغ ڕەتیدەکاتەوە کە ئێران داوای ڕوونکردنەوەی لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران کردبێت و دەڵێ "ئەوان لە ڕێگای کەناڵی تایبەتی خۆیانەوە داوای ڕوونکردنەوەیان کردووە".

سەبارەت بە سەردانی بارزانی بۆ ئێران، ئەو بەرپرسەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: "جەنابی کاک مەسعود بارزانی ئامادەیی هەبوو سەردانی ئێران بکات و پێشتریش سەردانی ئێرانی کردووە، بەڵام ئێستا هیچ بەرنامە و بانگهێشتێکی فەرمی نییە بۆئەوەی سەردانی تاران بکات".

دوایین سەردانی مەسعود بارزانی بۆ تاران لە 2011/10/29 بوو، سەفەرەکەش لەسەر داوای بەرپرسانی ئێران بوو، بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دوو جار سەردانی ئەنقەرەی کردووە.

نازم دەباغ سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا بە ئەرێنی وەسف دەکات و دەڵێ "هیچ سەردانێکی جەنابی کاک مەسعود بۆ تورکیا و هیچ وڵاتێکی دیکە بە خراپ نابینم، سەرکردایەتی سیاسی کورد بەردەوام هەوڵی داوە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە باش بێت و لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بیخاتەگەڕ".



سەبارەت بە دروستبوونی هاوپەیمانێتی ئیسلامی دژی تیرۆر بە سەرۆکایەتی سعودیە، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ "ئەو هاوپەیمانییە دەبوو ئێرانیشی تێدابێ، چونکە ئەویش وڵاتێکی ئیسلامیی گەورەیە، بۆیە ئەم هاوپەیمانییە زیاتر سوننیە، بۆ کورد باشە نەچێتە هیچ بەرەیەکەوە، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت و پەیوەندی لەگەڵ هەموو وڵاتان بە هاوسەنگی ڕابگرێت".

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دروستبوونی هەرێمێکی سوننی لە عێراق بە "تیغی دوو سەرە" بۆ کورد وەسف دەکات و دەڵێت "ئەم هەرێمە دەمێکە کاری بۆ دەکرێت و قسەی زۆری لەسەر کراوە، ئوسامە نوجێفی و ئەسیلی براشی بەردەوام بانگەشەی دروستکردنی هەرێمی سوننە لە 6 پارێزگای عێراق دەکەن، ئەم هەرێمە بۆ سوننەکان بۆ جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق باشە، بۆ کوردیش باشە، بەڵام ڕەنگە کێشە لەسەر ئەو ناوچە کوردستانیانە دروست بکات کە عەرەبی سوننە دانی پێدانانێن وەکو خاکی کوردستان".

ماوەیەکە باسی ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری نەوت و غاز دەکرێت. نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێ "ئەوە ڕێککەوتن نەبوو، بەڵکو چەند دانیشتن و قسەیەکی زارەکی بوو لەو سەردان و دیدارانەی لە تاران و هەولێر کران، بۆ ئەوەی ڕێککەوتن بۆ گواستنەوەی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران واژوو بکرێت، بەڵام هاتنی سوپای تورکیا ئەو بابەتەی دواخست".

نازم دەباغ بە گرنگی دەزانێت نەوت و غازی هەرێمی کوردستان هەناردەی ئێران بکرێت و گوتی "تێکەڵکردنی بەرژەوەندی ئابووریی هەرێمی کوردستان و وڵاتێکی گەورە و گرنگی وەکو ئێران لە بەرژەوەندیی هەردوولایە. بە بڕوای من ئێران لە تورکیا نزیکترە تا نەوت و غازی بۆ هەنارده بکرێت، بە تایبەتی چەند پاڵاوگەیەکی نزیک لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی ئێران هەن کە چەند سەد کیلۆمەترێک دوورن، بە تایبەتی لە کرماشان و تەورێز کە دەتوانرێت نەوتی بۆ بنێردرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتنی ئابووری لەگەڵ تورکیاش بە ئەرێنی دەبینم".

## دکتۆر ڕەئوف کەریمی، سکرتێری بەرەی یەکگرتووی کورد لە ئێران بۆ (ڕووداو):

# حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتگیریمان ناکەن

لەلایەک بە سیاسەتەوە خەریکە و لەلایەکیش بە پیشەکەیەوە کە پزیشکی ددانسازە. دکتۆر ڕەئوف کەریمی، سکرتێری بەرەی یەکگرتووی کورد، بۆ هەڵبژاردنی خولی دەیەمی پەرلەمانی ئێران یەکێکە لە کاندیداکانی بەرە لە بازنەی سنە. کەریمی سێیەمین سکرتێری بەرەی یەکگرتووی کوردە، لەگەڵ دەستبەکاربوونیشی دەستپێشخەری بۆ دانوستاندن لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەوڵەتی ئێران کرد، هەرچەندە دەڵێت کاربەدەستانی ئێران تاوتوێی دەستپێشخەرییەکەیان کردووە، بەڵام بەهۆی پەرتەوازەیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو باوەڕەدا نییە دەوڵەتی ئێران دانوستاندنیان لەگەڵ بکات.

کەریمی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی پەرلەمانی ئێران و بەشداری بەرەکەیان لەو هەڵبژاردنەدا دەکات.

هەڤپەیڤین: ناسر پیرۆتی
ڕووداو- هەولێر



**ڕووداو: مەسەلەی مۆڵەتی بەرەی یەکگرتووی کورد بە کوێ گەیشت؟**

**ڕەئوف کەریمی:** بەداخەوە تا ئێستاش لایەنە پێوەندیدارەکان و ناوەندی بڕیار نەیانتوانیوە ئەو حەقیقەتە قبوڵ بکەن کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و دەبێت فرە ڕەنگی و فرەدەنگی و مافی نەتەوە جیاوازەکان لەبەرچاو بگرێ. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئێستا بە دەیانجار و بە ناوی جۆراوجۆرەوە داواکاری مۆڵەتی فەرمی بۆ ڕێخراوەیەکی سیاسیی کوردی پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کراوە، هەر جارەو بە بیانوویەک ڕەتکراوەتەوە. 10 ساڵە داوای مۆڵەتمان بۆ "بەرەی یەکگرتووی کورد" کردووە و لەو کاتەوە نزیکەی 100 تاقم و دەستە کە زۆربەیان سەر بە ناوەندی دەسەڵاتن، مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا وەڵامێک بە ئەرێنی و نەرێنی بە بەرە نەدراوەتەوە.

**ڕووداو: دوایین جار کەی لەویارەوە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ قسەتان کردووە و وەڵامیان چی بووە؟**

**ڕەئوف کەریمی:** ئێمە لە ڕێگەی هاوڕێیانی شووورای بەرە لە تاران، زۆربەی کات لەگەڵیان لە پێوەندیداین. هەست دەکەین حەز بەوە ناکەن وەڵامێکی نەرێنیمان بدەنەوە، لە هەمانکاتیشدا نەیانتوانیوە خۆیان بگەیننە ئەو قەناعەتە کە ئیجازەی کارکردنی فەرمی بە بەرە بدەن.

**ڕووداو: ئامادەن لە پێناو وەرگرتنی مۆڵەت ناوی بەرە بگۆڕن؟**

**ڕەئوف کەریمی:** هەڵبژاردنی ناوی "بەرەی یەکگرتووی کورد" لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بەڕێکەوت نەبووە و بیری لێ کراوەتەوە. ئەم ناوەش وەک براندێک لە ئەدەبیاتی سیاسیدا جێی خۆی گرتووە. ئێمە وەک دامەزرێنەران و زۆرینەی ئەندامان لەگەڵ گۆڕینی ئەو ناوەدا نین، بەڵام بۆ دەربازبوون لەو گرفتە و بۆ بڕینی بیانوو، لەڕاستیشدا بۆ جێکەوتنی بەرە وەک چەترێک کە بتوانێ بۆچوونە جیاوازەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەم کارەشمان کرد. دوو ساڵ لەمەوبەر کە پێیانگوتین بەناوی "بەرەی یەکگرتووی کورد" مۆڵەتتان نادەینێ، بەشێک لە ئەندامانی بەرە بەناوی (حیزبی یەکگرتووی نەتەوەیی) داوای مۆڵەتمان کرد، بەڵام بەو ناوەش تا ئێستا مۆڵەتیان پێنەداوین.

**ڕووداو: بۆچی بەرەی یەکگرتووی کورد لەنێو خەڵکی ئاسایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ناسراو نییە، ئایا هۆکارەکە ئێوەن، یان خەڵکە کە مەسەلەی سیاسەت و حیزبایەتی بەلاوە گرنگ نییە؟**

**ڕەئوف کەریمی:** لە دوای هەڵبژاردنی دەورەی دووەمی سەرۆک کۆمار ئاغای ئەحمەدی نژاد، هەموو ڕێکخراوە سیاسی و تەنانەت فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانیش ئاستی چالاکییان تاڕادەیەکی بەرچاو هاتە خوارەوە. بەرەش لەو هەلومەرجەدا نەیدەتوانی وەک پێویست چالاکی بکات. ئەمە خەسارێکی گەورە بوو بۆ بەرە و بە جەماوەربوونی دواخست. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ئێمە وەک پێویست نەمانتوانیبێ سەرنجی کۆمەڵگا بۆ لای خۆمان ڕابکێشین. پێموانییە خەڵک پرسە سیاسییەکانیان بەلاوە گرنگ نەبێت. بەشێکی لەبەر ئاڵۆزی هەلومەرج و بەهۆی داخراوبوونی بارودۆخ و ئەوەی کە ئێمە مۆڵەتمان نەبووە، بەشێکی خەڵک نەیانناسیوین، بڕێکیش لە خەڵک دڵیان لە لامانە و لە کاتی پێویست بە دەنگمانەوە دێن، بەڵام لەبەر کەمکردنەوەی خەسارەکان، ڕاستەوخۆ نەهاتوونە ناو بەرە و ئێمەش ئەو لایەنەمان لەبەرچاو گرتووە. جگە لەوەش بەشێک لە خەڵک هێشتا باوەڕیان بەو شێوە کارە لە ناوخۆدا نییە و بە گومانەوە

### ئەم هەڵبژاردنە وەک ڕاپرسییەکە بۆ بەرە

### ڕەنگە لەم خولەدا دەنگێکی زۆر نەهێنین

### لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەربژێرمان هەیە

تەماشای دەکەن و بۆچوونی بەشێک لە هێزەکانی دەرەوە نەک لە دژایەتی ئێمە، بەڵکو لە نەگەتیڤ ڕوانینە کاری ناوخۆ، کاریگەریی هەبووە.

**ڕووداو: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەیرانێک هەیە بەنێوی قەیرانی ڕێبەرایەتی خەڵک، بۆچی بەرە نەیتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە؟**

**ڕەئوف کەریمی:** بەداخەوە ئەو بۆشاییە بەرچاوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا و ئێستاش، پەرشوبڵاوییەک لە نێو ماڵی کورد بەگشتی و لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی هەیە. ڕێبەرایەتی بە دوو شێوە دەبێت. یەکەم کەسایەتییەکی کاریزما کە بتوانێ جەماوەر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. دووەم هێزێک یان لایەنێکی بەدەسەڵات بتوانێ هەژموونی خۆی بسەپێنێ. بەرەش وەک هەموو لایەنەکانی دیکە تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە لەم دوو بوارەدا ئەم کەلێنە پڕ بکاتەوە.

**ڕووداو: بڕیارە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران بکەن، پێتانوایە بەو هەڵبژاردنە بتوانن کەلێنی قەیرانی ڕێبەرایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ بکەنەوە؟**

**ڕەئوف کەریمی:** ئێمە کارمان کردووە کە لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی پارلەماندا بەشداری بکەین. بەڵام بەشداریکردنی ئێمە بەپێی خوێندنەوەی ناو بەرەیە بۆ هەلومەرجەکە و وەک پێویستییەک بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە نەک خۆسەپاندن و بەدەستەوە گرتنی ڕێبەرایەتی. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە خەڵک بڕیار دەدات چ کەس یان لایەنێک هەڵگری توانای ڕێبەرایەتیکردنی هەیە و متمانەی خۆی پێ ببەخشێ.

ئەم هەڵبژاردنە وەک ڕاپرسییەکە بۆ بەرە کە تا چەند توانیویەتی دەنگی خۆی بە جەماوەر بگەیەنێ. بەڵام بەو هۆیانەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ڕەنگە لەم دەورەدا نەتوانین دەنگی زۆر بهێنین. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین بەرە هەڵگری بیرۆکەیەکە کە بەتەواوی لەگەڵ ویستی کۆمەڵگا هاوتەریبە و هیچ کات لەگەڵ دژایەتییەکی جدی خەڵک بەرەوڕوو نەبووین و بە پێچەوانەوە زۆریش جێی سەرنجە.

**ڕووداو: کاندیداکانتان لەسەر چ بنەمایەک دەستنیشان دەکەن؟**

**ڕەئوف کەریمی:** بەپێی ڕێککەوتنی نێو بەرە لە سێ ئاستدا کاندیداکان هەڵدەبژێردرێن: یەکەم، ئەو شارانەی بەرە لە ئەندامانی چالاکی خۆی کەسی شیاوی بۆ بەربژێرکردن، هەبوبێت داوایان لێکراوە ناو بنووسن. تەنیا ئەندامبوون مەرج نییە و دەبێ ئەو کەسە خۆی توانا و لێوەشاوەیی لە ئاستی پێویستدا بێت. بەپلەی دووەم ئەوانە دێن کە دۆست و نزیکی بەرەن، بەڵام بە فەرمی ئەندام نین. سێیەم ئەو کەسانەن کە ڕەنگە دۆستی نزیکی بەرەیش نەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو ناوچەیەدا لە پلەی یەک و دوودا کەسمان نییە و کەسێکی شیاو و لێهاتوو هەیە، حەز دەکەین هاوڕێیانی بەرە لەو شارە دەنگ بە کەسی لێهاتوو بدەن.

**ڕووداو: لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاندیداتان دەبێت؟**

**ڕەئوف کەریمی:** ڕەنگە لە هەموو شارەکان کاندیدای ڕاستەوخۆ وەک ئەندامی بەرەمان نەبێت، بەڵام لە زۆربەی شارەکان بەربژێری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆمان هەیە. بەشێکیش لە پلانەکان دەمێنێتەوە بۆ دوای تێپەڕبوونی بەربژێرەکان لە کەناڵی شووورای نیگابان و پەسەندکردنیان لەلایەن شووراوە.

**ڕووداو: بە پلە یەک تەرکیزتان لەسەر چ ناوچەیەکە؟**

**ڕەئوف کەریمی:** هەموو ناوچەکان لە هەر پێنج پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و شاری تارانیش بۆمان گرنگن و لە هەرکام لەم حەوزانەوە بتوانین نوێنەری بەتوانا بنێرینە پارلەمان دەتوانێت کاریگەری خۆی لەسەر بەرەوپێشچوونی ڕەوتەکە هەبێت. بەڵام ڕەنگە لەم دەورەدا شارە گەورەکان و بەشێک لە شارە بچووکەکان زیاتر مەبەست بن.

**ڕووداو: بۆچی لەشارێکی وەکو مهاباد کاندیداتان نییە؟**

**ڕەئوف کەریمی:** مهاباد شارێکی دیاری ڕۆژهەڵاتە. لەگەڵ هەموو گرنگی و تایبەتمەندی شاری ورمێ و بەشی باکووری پارێزگاکە، مهاباد هاوئاست لەگەڵ ورمێ حسێبی بۆ کراوە. لە مهابادیش کاندیدامان هەیە، بەڵام لە بەشی ناڕاستەوخۆکانە.

**ڕووداو: بۆچی زۆرتر گرنگی بە سنە دەدەن؟**

**ڕەئوف کەریمی:** شاری سنە بەهۆی ئەوەی سەنتەری دامەزرانی بەرەیە و زۆربەی دامەزرێنەرانی بەرە لەم پارێزگایەوە دەستیان بەکار کردووە و خوالێخۆشبوو ئەندازیار بەهادین ئەدەب وەک یەکێک لە دامەزرێنەرە بەرچاوەکان و وەک یەکەم سکرتێر و گوتەبێژی بەرە خەڵکی شاری سنە بوو، دیارە ناوەندی سنە جێگەیەکی تایبەتی هەیە. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە هەر پارێزگایەک گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بۆ بەرە جیاوازی نییە.

**ڕووداو: لە تارانیش کاندیداتان هەیە؟**

**ڕەئوف کەریمی:** تاران پایەتەختی ئێرانە و سەنتەری هەموو بڕیار و ئاڵوگۆڕەکانی ئێرانە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هەموو تاکێکی کۆمەڵگاکەمان هەیە. بەپێی هەموو داتاکان 10%ی دانیشتووانی تاران کوردن. کە لە ئاستی ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە کۆکراوە و نوێنەری هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باقی ناوچە کوردنشینەکانی وەک خۆراسان، هەمەدان، شیراز لەخۆدەگرێ. هەبوونی نوێنەری کورد لە شاری تارانەوە بۆ بەرە گرنگە و شووورای تارانی بەرەش یەکێکە لە پێنج شوورا چالاکەکانی بەرە.

**ڕووداو: تەنیا چاوتان لە دەنگی کوردانە، لەو باوەڕەدان تورک و فارس دەنگ بە ئێوە بدەن؟**

### ئەگەر بەربژێرەکانمان پەسەند نەکرێن هەڵوێستمان دەبێت

### هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرگان بۆ ئێمە گرنگ نییە

### بەرە نەیتوانیوە سەرنجی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆلای خۆی ڕابکێشێ

**ڕەئوف کەریمی:** ئێمە بە ناوی "بەرەی یەکگرتووی کورد"ەوە کاردەکەین و زۆربەی چالاکییەکانمان لە ناوچە کوردنشینەکانە. بەڵام دژایەتیمان لەگەڵ هیچ لایەنێک نییە. زۆر پێمان خۆش دەبێت ئەگەر بتوانین لە ناوچەکانی دیکەش متمانە و دەنگمان بێت. لەو ناوچانەی کە تێکەڵاوی کورد و تورکمان هەیە، وەک ورمێ یان قوروە بەشێک لە کاندیدای غەیرە کورد بە تایبەتی ڕیفۆرمخوازەکان داوای پەیوەندی و هاوکارییان لێکردووین. ئەوەی کە تاچ ڕاددەیەک دەتوانین هاوکاریمان ببێت، دواتر بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**ڕووداو: تەوەری سەرەکی بەرنامەکانی هەڵبژاردنتان چی دەبێت؟**

**ڕەئوف کەریمی:** بە گشتی لەسەر گەشە و ئاوەدانی پارێزگا کوردنشینەکان، بەرەو پێشبردنی عەدالەت، فراوانکردنی پانتایی ئازادی و لە هەمانکاتدا لەسەر شوناس و مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کار دەکرێ.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدان شووورای نیگابان کاندیداکانی ئێوە پەسەند بکات؟**

**ڕەئوف کەریمی:** پێمانوایە دەبێت کاندیداکانمان پەسەند بکرێن. بەهۆی ئەوە کە

### ئێران بیرۆکەی دانوستاندنی لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە جددی وەرنەگرت

هەموویان کەسایەتی شیاو و بەتوانان و لە فایلەکانیاندا شتێک بۆ پەسەندنەکردنیان نییە.

**ڕووداو: ئەگەر پەسەند نەکران، چی دەکەن، بەناوی کاندیدی سەربەخۆ بەشداری دەکەن؟**

**ڕەئوف کەریمی:** پێشتر ئاماژەم پێدا لەسەر سێ ئاست کاندیدامان دەبێت، بەڵام ئەگەر هەموو کاندیداکانی بەرە و نزیکانی بەرە پەسەند نەکرێن هەڵوێستی خۆمان دەبێت. لە باری کار و چالاکیشەوە، بەرە هەڵبژاردن وەک بەشێک لە ئەرکەکانی سەیر دەکات و بەهەڵبژاردنەوە دەستی بەکار نەکردووە و کاریشی تەواو نابێت و شێلگیرانەتر لە جاران درێژە بەکار و چالاکییەکانی دەدات.

**ڕووداو: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێ بە ڕکابەری سیاسیی خۆتان دەزانن؟**

**ڕەئوف کەریمی:** دوو لایەنی بنئاژۆخواز و ڕیفۆرمخواز لە سەرانسەری ئێران و هەروەها لە کوردستانیش بە پشتیوانییەکی بەرچاوەوە هاتوونە پێش، لە باری ئابوورییەوە پشتیان قایمە و گرفتی مۆڵەتیشیان نییە. ئەم دوو لایەنە پێیان خۆش نییە لایەنێکی سێیەم و سەربەخۆ بەتایبەت لە کوردستان ببێتە ڕکابەریان. ئێمە هەوڵ و تێکۆشانی خۆمان دەبێت و چاومان لە هەڵوێست و بڕیاری خەڵک دەبێت.

**ڕووداو: حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا چەند پشتگیریتان دەکەن؟**

**ڕەئوف کەریمی:** شتێک کە لە ئاست هەڵبژاردنەکان وەک نەریتێکی لێهاتووە و تا ئێستاش لەناو بەشێک لە حیزبەکان پەیڕەو دەکرێ مەسەلەی بایکۆتە. ئەم لایەنانە ڕەنگە ڕاستەوخۆ دژایەتی بەرە نەکەن، بەڵام پشتگیریشی ناکەن، دژی هەرچەشنە چالاکییەکی لەم جۆرەن. بەشی دووەم ئەگەرچی بە گشتی دژی بەشداری لە هەڵبژاردندا نین، بەڵام پشتیوانییەکی تایبەتیان نەبووە.

**ڕووداو: ئێوە پێشتر دەستپێشخەرییەکتان هەبوو بۆ لێکنزیکردنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەوڵەتی ئێران. وەڵامی ئێران و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەو دەستپێشخەرییە چی بوو؟**

**ڕەئوف کەریمی:** ئێمە وەک لایەنێکی ئاشتیخواز حەز ناکەین توندوتیژی لە هیچ لایەنێکەوە ڕووبدات و پێمان خۆشە بتوانین کێشەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ و بە دیالۆگ چارەسەر بکەین. بەداخەوە لایەنی دەسەڵات تا ئێستا چ شتێکی لەم بارەوە نەدرکاندووە، ئەگەرچی پێمانوایە ئەوان خوێندنەوەی تایبەتیان لەسەر ئەم بابەتە بووەو لەکاتی خۆیدا کەڵکی لێوەردەگرن. بەشێک لەلایەنی ئۆپۆزیسیۆن هەر وەک چاوەڕوان دەکرا بەشێوەی نەرێنی هەڵوێستیان هەبوو. بەشێکی دیکەش هەڵوێستەکەی ئێمە بە پۆزەتیڤ دەبینن و پشتیوانی لێ دەکەن.

**ڕووداو: وەڵامی کاربەدەستانی ئێران چی بوو؟**

**ڕەئوف کەریمی:** خوێندنەوەی ئێمە ئەوەیە کە تا ئێستاش بەهۆی پەرشوبڵاوی و لاوازیی لایەنی بەرامبەر، دەسەڵات وەک زەرورەتێک نەیڕوانیوەتە ئەم بابەتە تا بە جددی وەک پرۆژەیەک کاری بۆ بکات. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە تا ئێستاش دەسەڵات نایەوێ بەرە وەک لایەنێکی کوردی و بەهێز بە فەرمی بناسێ.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدان کاربەدەستانی ئێران ئامادەبن دانوستاندن لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، بە تایبەتی کە بەرپرسێکی ئێرانی گوتبووی ئەو حیزبانە هەڕەشە نین بۆ سەر ئێران؟**

**ڕەئوف کەریمی:** ماوەیەک لەمەوبەر هەواڵی ئەوە هەبوو کە لایەنی دەسەڵات چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن کردووە و ئەمە نیشانەیەکی باشە. بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد تا ئێستاش مەسەلەکە بۆ لایەنی دەسەڵات بەڕادەی پێویست جددی نییە.

**ڕووداو: کە چوونە پەرلەمان لەوێ فراکسیۆنەکەتان بەناوی بەرەی یەکگرتووەوە دەبێ، یان وەک پێشتر ناوی فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردی لێ دەنێن؟**

**ڕەئوف کەریمی:** "بەرەی یەکگرتووی کورد" لایەنێکە و هەڵگری بۆچوونی بەشێکی خەڵکی کوردستانە. ئێمە بەر لەوەی "بەرە" بین کوردین و بەرەش لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد دروست بووە. لە پارلەمانیش هیوادارین بەرە بتوانێ ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێ و باقی ئەندامانی کوردی ناو پارلەمان و تەنانەت بەشێک لە نوێنەرانی غەیرە کوردیش لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات و فراکسیۆنێکی بەهێزی نوێنەرانی کورد دروست بکات.

**ڕووداو: لەنێوان بنئاژۆخواز و ڕیفۆرمخوازان خۆتان لە کامیان نزیکتر دەبینن؟**

**ڕەئوف کەریمی:** ڕاستیەکەی ئێمە خۆمان بە هیچ لایەنێکەوە نەبەستووە و وەک لایەنێکی کوردی سەربەرخۆ خۆمان پێناسە دەکەین. لەم بوارەشدا بێ کێشە نەبووین. بە گشتی ڕەوتی ئێمە ڕەوتێکی ڕیفۆرمخوازانەیە و ئەمە لە بەرامبەر شێوازی ئینقلابیدایە. نزیکترین لایەن بۆ ئێمە ڕیفۆرمخوازانن، ئەگەرچی جیاوازیی بەرچاومان هەیە. بەشێکی زۆر لەو چالاکانەی بە ناوی ڕیفۆرمخوازانی کوردەوە چالاکی دەکەن دۆستی ئێمەن، بەڵام لایەنێکی سەربەخۆ و یەکدەست نین و هەر بەشەو سەر بە حیزبێکی ناوەندن. ئێمە دەمانەوێ بڕیاری تایبەتی خۆمان هەبێت.

**ڕووداو: بۆچی بۆ مەجلیسی خوبرەگان کاندیدتان نییە؟**

**ڕەئوف کەریمی:** ئەو مەجلیسە ڕاستەوخۆ کاریگەری کەمی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەیە و لە چاو هەڵبژاردنەکانی دیکەی وەک شووورای شارەکان یان پارلەمان، کەمتر وەک تایبەتمەندی چاوی لێ کراوە. مەرجێکی دیکەی بەربژێری و کاندیدا بوون بۆ مەجلیسی خوبرەگان پێویستی بەشێوەیەک مەرجەعیەتی ئایینی هەیە، کە ئێمە وەک بەرەی یەکگرتووی کورد لەم بوارەدا کەمتر کارمان کردووە و کەسی لەو ئاستەشمان لەناو ئەندامان و لایەنگرانی بەرەدا نییە.

### بەرە نەیتوانیوە کەلێنی قەیرانی ڕێبەرایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕبکاتەوە

### نامەوێ بارودۆخی شەڕی نەخوازراوی نەغەدە لە ورمێ دووبارە ببێتەوە

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28



## لە جزیرێ کۆرپەیەکی سێ مانگە و باپیرەی کوژران

**ڕووداو- هەولێر**

لە شارۆچکەی جزیرێی باکووری کوردستان، کۆرپەیەکی تەمەن سێ مانگ بەناوی میرای ئینجە لەگەڵ باپیرە تەمەن 80 ساڵانەکەیدا گیانیان لەدەستدا. میرای کە لەگەڵ دەنگی تانک و بۆمبەکاندا هاتە دونیاوە، دوای 89 ڕۆژ لە ژیان بریندار بوو، هەرچەندە برینەکەی سووک بوو، بەڵام لەکاتی گواستنەوەیدا بۆ لای ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن، لەگەڵ باپیرەیدا کەوتنە ناو شەڕە تەقەوە و کوژران. بەپێی گوتەی مامی کۆرپەکە، ئێوارەی ڕۆژی 2015/12/25 گوللەیەک بەر میرای کەوتووە و بریندار بووە، لەکاتی گواستنەوەیدا بۆ نەخۆشخانە، گوللەیەکی دیکەی بەرکەوتووە و گیانی لەدەستداوە.

## 1382 پاڵێوراو کێبڕکێ لەسەر 38 کورسییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن

# 6 مەلای کورد کاندیدای ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەرین

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بۆ هەڵبژاردنی خولی دەیەمی پەرلەمانی ئێران کاندید کردووە، ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران ئەوە بە دەستکەوت بۆ خۆیان دەزانن، بەڵام ڕۆژنامەنووسانی کورد پێیانوایە ئەوە نیشانەی بەنبەست گەیشتنی سیاسەتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

وا بڕیارە دەیەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری) لە ڕۆژی 26ی شوباتی 2016 بەڕێوەبچێ.

لە هەر پێنج پارێزگاکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە 1382 کەس ناوی خۆیان وەک پاڵێوراو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران تۆمارکردووە. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئێران، لە پارێزگای ورمێ 444 کەس بۆ بەدەستهێنانی 12 کورسی، سنە 213 کەس بۆ 6 کورسی، کرماشان 295 کەس بۆ 8 کورسی، لوڕستان 308 کەس بۆ 9 کورسی و ئیلامیش 122 کەس بۆ بەدەستهێنانی 3 کورسی ناویان تۆمار کردووە. ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی ئێرانیش 290 ئەندامە.

لە شاری تارانیش بۆ یەکەمجار 11 کەس لە چالاکانی کورد ناوی خۆیان وەک پاڵێوراو تۆمار کردووە. لە هەموو ئێراندا بەگشتی 12 هەزار و 123 کەس ناویان تۆمار کردووە، ئەمەش لە مێژووی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ئێراندا وێنەی نەبووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە ژمارەیەکی زۆری کاندیدی نوێ، ژمارەیەکی بەرچاوی نوێنەرانی خولەکانی پێشووی پەرلەمانیش ناویان تۆمار کردووە. بە تایبەت نوێنەرە ڕیفۆرمخوازەکان کە لە خولەکانی پێشتردا شیاوییان بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردن، لەلایەن ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوورەوە ڕەتکرابووەوە.

حکومەتی حەسەن ڕوحانی بەشداریی زۆری خەڵک وەک گەڕانەوەی هیوا بۆ کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدات، ئەمەش دەبەستنەوە بە کەشی سیاسی لە ئێران کە پێیانوایە لە سایەی ڕیفۆرمخوازاندا ئێستا کەشێکی ئازاد و میانڕەوانە باڵادەستە.

بەڵام چالاکڤانان و ڕۆژنامەڤانانی کورد بۆچوونی دیکەیان هەیە. ئەوان بەشداریی زۆری خەڵک بە نیشانەی هاتنە ئارای کەشێکی کراوەی ئازاد نابینن، بەڵکوو پێیانوایە، چالاکیی سیاسی هەم لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەمیش چالاکیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە جۆرێک بە بنبەست گەیشتووە کە ستراتیژییەک بۆ کاری سیاسی لەو بەشەی کوردستان نەماوە.

ڕۆژنامەنووسێکی کورد دەڵێت "حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە باشووری کوردستان دانیشتوون، نەیانتوانیوە بۆشاییە هزرییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ بکەنەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی قورسایی بە لای بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردندا بکەوێ".

سەبارەت بە زۆریی ژمارەی کاندیداکان، ئەو ڕۆژنامەنووسە دەڵێت "بەشێکی زۆری ئەوانەی ناویان تۆمارکردووە تووشی وەهمی بژاردەبوون هاتوون. زۆر لەوان هیچ چالاکییەکیان نەبووە و تەنیا بڕوانامەیان هەیە. وەرگرتنی بڕوانامەش لە ئێران کارێکی دژوار نییە. بەڵام هەبوونی بڕوانامە هەستێکی خۆبەزلزانی بە خەڵک بەخشیوە".

چالاکڤانێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەڵێت "لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کەشێک دروست بووە کە بێ ئەوەی کەس هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، هەر کەس دەیەوێ بەرژەوەندیی خۆی دابین بکات. بۆ ئەم مەبەستەش تێدەکۆشن بۆئەوەی دەستیان بە دەسەڵات بگات و لەم ڕێگەیەوە بەرژەوەندیی خۆیان دابین بکەن".

هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان باس لەوە دەکەن کە ئەم پرسە وەک دەرفەتێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییە، بەڵام نەک بۆ هەموو ئەو کەسانەی ناویان تۆمار کردووە.

### 6 مەلای کورد بەربژێرن

هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری) بەڕێوەدەچێت. 801 کەسیش بۆ ئەم ئەنجوومەنە ناویان تۆمار کردووە. ژمارەی ئەندامانی شارەزایانی ڕێبەری 88 کەسە.

بۆ یەکەمجارە لە پارێزگای ورمێ، شەش مامۆستای ئایینی کە کوردن، ناوی خۆیان بۆ ئەو ئەنجوومەنە تۆمار دەکەن. پێشتر دووجار ئیمام جومعەی سوننە مەزهەبەکان لە شاری ورمێ خۆی کاندید کردبوو، بەڵام هەردوو جار ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور ڕەتی کردەوە.

لە خولی یەکەمی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەردا د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنگی پێویستی هێنا، بەڵام ڕێگەی پێنەدرا بچێتە نێو ئەنجوومەنەکە.

پارێزگای ورمێ لە ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەریدا سێ ئەندام، سنە و کرماشان و لوڕستان هەر یەک 2 ئەندام و ئیلامیش ئەندامێکی هەیە. لە ئەندامەکانی خولی ئێستا، نوێنەرێکی سنە و نوێنەرێکی کرماشان پێش ئەوەی ماوەکەیان تەواو بێت، کۆچی دواییان کرد.

سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری لە پیاوانی ئایینی پێکدێن. بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران ئەنجوومەنەکە دەسەڵاتی زۆری هەیە، بەڵام تا ئێستا بەکاری نەهێناون.

ئەم ئەنجوومەنە لە کاتی مردنی ڕێبەردا کە بەرزترین دەسەڵاتی ئێرانە، دەبێت دەستبەجێ ڕێبەرێکی نوێ دیاری بکات. هەر کات ئەم ئەنجوومەنە بەو قەناعەتە بگات کە ڕێبەر توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی نەماوە، دەتوانێ ڕێبەر لەسەر کار لابدات و ڕێبەرێکی نوێ لە جێی دابنێ. ئەرکێکی دیکەی ئەم ئەنجوومەنە چاودێریکردنی کارەکانی ڕێبەری ئێرانە.

لە ماوەی ڕابردووشدا لەنێوان لایەنگرانی عەلی خامنەیی ڕێبەر و، هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مافی چاودێریی ئەم ئەنجوومەنە بەسەر کارەکانی ڕێبەرەوە، ناکۆکی هەبوو.

ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری پێش ئەوەی هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت 17%ی ئەندامەکانی گۆڕاون. هۆکاری ئەمەش بۆ مردنی 9 کەس لە ئەندامانی خولی ئێستا و کاندید نەبوونی 6 کەسی دیکەیان دەگەڕێتەوە.

زۆرینەی ئەندامەکانی خولی ئێستای ئەنجوومەنی شارەزایان لە ئوسوڵگەراکانن و عەلی خامنەیی پشتگیرییان دەکات.



## ئەردۆغان:

# کێشەی کورد بەو ترلیۆن لیرەیەی لە شەڕ خەرج دەکرێ چارەسەر نابێ

## کێشەی کورد بە کۆنترا گەریلا و تیمی تایبەت چارەسەر ناکرێ



**ڕووداو- هەولێر**

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا کە پرۆسەی چارەسەری کێشەی کوردی هەڵپەسارد و گوتی "ڕێککەوتنی دۆڵمە باخچەم قەبووڵ نییە"، 24 ساڵ لەمەوبەر ڕاپۆرتێکی لەبارەی کێشەی کوردەوە ئامادە کردووە کە دەڵێت "پێویستە تیرۆری دەوڵەت ئیدانە بکەین، ئەم کارە بە کۆنترا گەریلا و تیمی تایبەت چارەسەر ناکرێ".

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ساڵی 1991 بەرپرسی لقی ئیستانبوڵی پارتی ڕەفا بوو، ئەوکات ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی (کێشەی کورد و پێشنیاز بۆ چارەسەری) ئامادە کرد و ڕۆژی 1991/12/18 پێشکەشی نەجمەدین ئەربەکانی کرد کە ئەوکات سەرۆکی پارتی ڕەفا بوو.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ئەردۆغان ئەوکات بۆچوونی زۆر ئەرێنی بووە لەبارەی کێشەی کورد، تەنانەت لەڕاپۆرتەکەدا لە جیاتی "ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات" کە ئێستا هەر خۆی بەکاری دێنێ، ناوی (کوردستان)ی بەکارهێناوە و دەڵێت "ئەو ناوچانەی ئەمڕۆ بە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات ناویان دەهێنرێ، دەکەوێتە ناو سنووری ئەو جوگرافیایەی لە بەرەبەیانی مێژووەوە بە (کوردستان) ناوی هاتووە".

### "کێشەی کورد"

ئەردۆغان لە ڕاپۆرتی "کێشەی کورد و پێشنیاز بۆ چارەسەری" پێیوایە ڕێوشوێنی ئەمنی کێشەی کورد چارەسەر ناکات. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ئەو کێشەیەی بە کێشەی ڕۆژهەڵات یان باشووری ڕۆژهەڵات ناو دەبرێت، لە بنەمادا کێشەی کوردە. بەڕاستی کێشەکە کێشەیەکی نیشتمانییە، واتە کێشەی کوردە. ئەو ناوچانەی ئەمڕۆ وەکو ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات ناو دەبرێن، دەکەونە ناو سنووری ئەو جوگرافیایەی لەبەرەبەیانی مێژووەوە پێیگوتراوە کوردستان. کورد بە زمانی کوردی قسە دەکەن کە زمانێکی سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندی بە زمانی تورکییەوە نییە".

### دوو تیرۆر

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کە ئەمڕۆ تەرەفێکی ئەو شەڕەیە لە باکووری کوردستان هەڵگیرساوە و کاتی خامۆشبوونەوەی دیار نییە، لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی ڕەوشی باکووری کوردستان لە سایەی شەڕی پەکەکە و سوپاوە دەکات و دەڵێت "باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ئەمڕۆ ڕووبەڕووی کێشەی دواکەوتن بووەتەوە. لەو ناوچەیە بەهۆی کێشەی کوردەوە یاسای باری نائاسایی جێبەجێ دەکرێت و لەلایەن والییەکەوە ئیدارە دەکرێت کە دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی هەیە. ئەم ناوچەیە لە ساڵی 1985ەوە بەهۆی هێرشەکانی پەکەکەوە لەلایەک و بەدەست تیرۆری دەوڵەتەوە لەلایەکی دیکە دەناڵێنێ. بەبیانووی ئەوەی خەڵکی ناوچەکە پشتگیری پەکەکە دەکەن، بەردەوام لەژێر هەڕەشە و ئەشکەنجەدان. کار و ڕەفتاری تیمە تایبەتەکان لە ناوچەکە لە دەرەوەی لێپرسینەوەیە".

ئەردۆغان هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا باسی بەهێزبوونی پەکەکە دەکات و دەڵێت "بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکاندا پەکەکە تادێت بەهێزتر دەبێ. زیادبوونی هێز و هەژموونی پەکەکە، لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات ڕێگا بۆ لەناوچوونی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان خۆش دەکات. لەشارەکان کاریگەریی پەکەکە پەرەدەستێنێ. لە شارەکانی وەکو ئامەد، باتمان و مووش، دەربارەی کێشەی کورد توێژێکی ڕۆشنبیری زۆر زانا و پسپۆڕ دروست دەبێ".

ئەردۆغان کە ئێستا زۆر بە توندی ڕووبەڕووی پەکەکە دەبێتەوە، ئەوکات پێیوابووە ئەو کێشەیە بەشەڕ چارەسەر ناکرێ و دەڵێت "ئەمڕۆ لە باشووری ڕۆژهەڵات شەڕی چەکداری بەدەستی پەکەکە شارەکانی گرتووەتەوە. دەبێت دەوڵەت تێبگات بە کۆنترا گەریلا و تیمی تایبەت، بەو ترلیۆن لیرەیەی خەرجیان دەکات، بە سیستەمی گوندپارێزان، ناتوانێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئیتر شێوازی تەقلیدی دەوڵەتی کەمالیستی لەمەڕ بەکارهێنانی توندوتیژی و چەک ئیفلاسی کردووە".

### کورد چییان دەوێ؟

ئەردۆغان لە ڕاپۆرتەکەیدا دەپرسێت "کورد چی دەخوازن؟"، ئەو لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێت "زۆربەمان پێمانوایە کورد دەخوازن لە تورکیا جیاببنەوە، بەڵام زۆربەی کورد دەخوازن بە یەکسانی و ئارەزوومەندانە لەگەڵ تورک بژین. تەنیا ئەو کوردانە دەخوازن لە کۆماری تورکیا جیاببنەوە و دەوڵەتێکی کوردی دروست بکەن کە لەڕووی سیاسییەوە لاوازن.

ئەوانیش دەڵێن ئەمە لە داهاتوویەکی نزیکدا مومکین نییە، بەڵام بۆ داهاتوویەکی دوور ئەو قسەیە دەکەین. زۆرینەی گەلی کورد داوای دانپێدانان بە ناسنامەی کورد و پێشخستنی کولتوورەکەیان دەکەن".

هەروەها دەڵێت "ئەو گۆڕانکاریانەی لە جیهاندا ڕوودەدەن، گۆڕانکارییان لە ناوخۆدا کردووەتە شتێکی حەتمی. لەوەش گرنگتر دەبێت لەوە تێبگەین شێوازی تەقلیدیی پەکەکە کە پشت بە توندوتیژی دەبەستێ، مەحکومی ڕووخانە، بۆیە دەبێت ئەو کێشەیە لەسەر بنەمای دیموکراسیی تەواو چارەسەر بکرێت.

دیداری سەرۆک کۆمار تورگوت ئۆزال لەکاتی قەیرانی کەنداو لەگەڵ نوێنەرانی کورد جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و ئەنجامدانی گفتوگۆ لە ئاستێکی باڵادا، دەرفەتێکی باشی بۆ قسەکردن لە بارەی کێشەی کورد ڕەخساندووە".

### پێشنیازەکانی ئەردۆغان

**ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا 14 پێشنیازی بۆ چارەسەری کێشەی کورد کردووە:**

- پێویستە دەستەواژەی کورد بەکاربێنین: ئەگەر وەکو پارتی ڕەفا لە قۆناغی داهاتوودا ناخوازین لە دوای ڕووداوەکانەوە بمێنین، پێویستە بە ئاسایی دەستەواژەی کورد بەکاربێنین، دەتوانین ببینە وەرگێڕی ئەو ناخۆشی و زوڵمەی کورد لە تورکیا ڕووبەڕووی بوونەتەوە.
- لە ئایدیۆلۆژیی فەرمی بپرسینەوە: 75 ساڵە ئایدیۆلۆژیی فەرمی دەوڵەت لە تورکیا نکۆڵی لە کورد دەکات. دەبێت بەدەنگێکی بەرز لەو ئایدیۆلۆژییە بپرسینەوە.
- دان بە مافە کولتوورییەکاندا بنێین: پێویستە هەموو ئەو یاسایانەی ئاستەنگن لەبەردەم ناساندنی زمانی کوردی و پێشکەوتنی کولتووری کورد هەڵوەشێنەوە.
- پێویستە لەدژی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە تورکیا پێش هەموو کەس و لەهەموو کەس زیاتر بوەستنیەوە.
- پێویستە پشتگیری لە خوێندن بە زمانی دایک بۆ هەموو ئەوانە بکەین کە لە تورکیا دەژین.
- پێویستە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ سیاسەتێکی ژیرانە بگرینەبەر. بەداخەوە لەو بارەیەوە پارتیمان نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست. لە کاتێکدا لە باشووری ڕۆژهەڵات ڕووباری خوێن دروستبووە و خەڵک ڕووبەڕووی هەموو گوشارێک دەبێتەوە، پارتەکەی ئێمە هەنگاوێکی بەرچاوی نەناوە. لە ئاستی ئیدانەکردنیشدا پارتیمان لەدوای پارتەکانی دیکەیە. دەبێت پارتی ڕەفا لەدژی زوڵم لە باشووری ڕۆژهەڵات بوەستێتەوە.
- برایەتی ئارەزوومەندانە بەدەستبێنین: پێویستە چەمکی دەوڵەتی یاسا پێشبخەین بۆ بەدەستهێنانی برایەتییەکی ڕاستەقینە، کولتوورێک دروست بکەین کە دەستووری فەرمی ڕەگەزپەرست و نکۆڵیکەر ڕەتبکاتەوە.
- ئیدانەی تیرۆری دەوڵەت بکەین: پێویستە بەو جۆرەی ئیدانەی تیرۆری پەکەکە دەکەین، تیرۆری دەوڵەتیش ئیدانە بکەین.
- دەبێت ئەوەی بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێشنیاری دەکەین بە ڕاشکاوانە باسی بکەین.
- لەدژی هەموو ڕەگەزپەرستییەک بوەستینەوە.
- سوود لە ئیسلام ببینین.
- ئەوانە ئاشت بکەینەوە کە لێمان زوویر بوون.
- سیاسەتێکی کوردی بگرینە بەر.
- سەرلەنوێ ناوچەکە ئاوەدان بکەینەوە.



شاڵاو عەبدولخالق محەممەد

# ترسە شاراوەکانی ناو بازاڕی نێودەوڵەتیی وزە

ماوەی چەند مانگێکە نرخی نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانییەکانی وزەدا لە ناجێگیرییەکی بەردەوامدایە و تا دێت نرخی ئەم کاڵا ستراتیجییە روو لە دابەزینی زیاترە. هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکانی پشت ئەم دابەزینە لە ماوەی درێژخایەن و کورتخایەندا جیاوازن. ئەگەرچی هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی خستنەڕووی نەوتی خاو و دابەزینی نرخی نەوت، زیاتر بۆ ئەو هۆکارە ئابووری و سیاسییانە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی درێژخایەندا کاریان کردبووە سەر بازاڕی نێودەوڵەتیی وزە، بەڵام لە کاتی ئێستادا سەرهەڵدانی چەندین ترسی شاراوە لەناو بازاڕی نێودەوڵەتیی وزەدا، گەورەترین هۆکار بووە کە لەم ماوە کورتەدا کاری کردووەتە سەر نرخی نەوتی خاو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەند دۆلارێک دابەزین بەخۆوە دەبینێ.

ئێستا ڕێژەی زیادەی نەوتی خاو سێ ملیۆن بەرمیل هاتووەتە سەر ئاستی خواستی داواکراوی جیهانی کە بەپێی ئاژانسی وزەی جیهانی بە 97 ملیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرێت. ئەو هۆکارە ئابووری و سیاسیانەی کە لە ماوەی درێژخایەندا بوونە هۆی هاتنە ناوەوەی ئەم ڕێژە نەوتە زۆرە و دابەزینی نرخی نەوتی خاو بۆ یەک لەسەر سێی ساڵی 2012ی، جیاوازن.

سەرەتا ئەگەر لەڕووی پیشەسازیی پترۆلیۆم و ئابوورییەوە لێی ورد بینەوە، دیارترین هۆکارەکان بریتی بوون لە: زیادبوونی ڕێژەی سەکۆکانی وەبەرهێنانی نەوتی خاو لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەم و هەناردەی نەوتی خاو لەلایەن وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک، ڕوودانی شۆڕشی نەوتی بەردین و قوڕی شێڵ لە ئەمریکا، زیادبوونی خواستی وڵاتانی بەکارهێنەری وزە بۆ گازی سروشتی زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو، هەروەها دابەزینی ئاستی گەشەی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی چین. لەسەروو ئەمانەشەوە بڕیاری لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران لە سەرەتای ساڵی 2016 ەوە لەلایەن وڵاتانی 5+1 و فەشەلی کۆبوونەوی وڵاتانی ئۆپێک لە 2015/12/4 سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان و هەناردەکردن.

بەڵام لەڕووی سیاسییەوە هۆکارەکان زۆر ئاڵۆزن، چونکە سەرەڕای ئەوەی لەلایەک ململانێ پەرت و بڵاوەکانی وڵاتانی زلهێز لە پێناوی سەپاندنی هەژموونی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان، دوو بەرەی دژ بەیەکی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە دروست کرد (رووسیا، ئێران، سووریا و هاوپەیمانەکانیان لە بەرامبەر ئەمریکا، سعودیە، تورکیا و هاوپەیمانەکانیان)، لەلایەکی دیکە ئەم ململانێ سیاسیانە کاریگەرییەکی گەورەیان کردە سەر گۆڕینی ڕێڕەوی جیۆپۆلیتیکی بازرگانیی نەوت و گاز، بەتایبەتی بەهۆی کێشەی نیمچە دوورگەی کریمیا لە ئۆکراینا و هەڵگیرساندنی جەنگی دابەزاندنی نرخی نەوتی خاو، بە تایبەتی لەلایەن سعودیە و وڵاتانی کەنداوی عەرەبییەوە لەلایەک دژ بە رووسیا و ئێرانییەکان لەڕووی سیاسییەوە، لەلایەکی دیکەوە دژ بە نەوتی جۆری شێڵ لەڕووی ئابوورییەوە. ئەمەش لەلایەک بووە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاری لە نەخشەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی وزە لەڕووی جیۆپۆلیتیکی Geo-Politics و جوگرافیای ئابوورییەوە Geo-Economy؛ لەلایەکی دیکەش بووە هۆی دروستبوونی ململانێ لەسەر پشکەکان و کڕیارانی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی وزەدا لەنێوان وڵاتانی هەناردەکاری نەوت.

سەرجەم ئەو هۆکارانەی سەرەوە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبوو لەسەر دابەزینی نرخی نەوتی خاوی برێنت کە لە نۆڤەمبەری ساڵی 2012 دا بە 117 دۆلار بوو، ئێستاکە بۆ یەک لەسەر سێی دابەزیوە. بەڵام دابەزینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی نەوتی خاو لە ماوەی کورتدا چیتر لەسەر بنەمای ئەو هۆکارە ئاشکرایانە نابن، بەڵکو دابەزینەکە زیاتر بۆ ئەو ترسە شاراوەیە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی کورتدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەناو بازاڕی نێودەوڵەتیی وزە دەردەکەوێت.

### ترسە شاراوەکانی ناو بازاڕی وزە

ئاڵۆزییەکانی مامەڵەکردن لە نێو بازاڕی نێودەوڵەتیی وزەدا لە کاتی ئێستادا، ئاستی پێشبینیی نرخی نەوتی خاوی لای بازرگانانی وزە کەمکردووەتەوە. ئەمەش گەورەترین ترسی خستووەتە ناو بازاڕی وزەوە، چونکە وای لە بازرگانان و دەوڵەتانی هاوردەکاری نەوت کردووە لە ماوەی کورتدا بترسن لەوەی مامەڵە بە ڕێژەیەکی زۆری نەوتەوە بکەن و لە ئایندەدا زەرەرێکی بەرچاوی لێبکەن. لە کاتی ئێستادا دیارترین ئەو مەترسیانەی کە بوونەتە هۆی ناجێگیریی نرخی نەوتی خاو لە بازاڕی نێودەوڵەتی وزەدا بریتین لە:

**یەکەم:** سەرەڕای یاریکردنی بەشێک لە بازرگانانی نەوتی خاو بە پشکەکانەوە لەناو بۆرسەکانی پەیوەندیدار بە بازرگانیی وزە، بەڵام لە کاتی ئێستادا خواست لەسەر کڕین و مامەڵەکردن بە جۆری گرێبەستی ئایندەی درێژخایەن Future contract لەلایەن بازرگانانی نەوتەوە کەم بووەتەوە، بەهۆی ترس لە هاتنەناوەوەی ڕێژەیەکی زیاتری نەوتی خاو بۆ ناو بازاڕی نێودەوڵەتیی وزە، بەتایبەتی لەلایەن ئێرانەوە پاش هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکان لە سەرەتای ساڵی تازەی 2016 ەوە کە بە زیاتر لە 500 هەزار تا 750 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەخەملێنرێت تا کۆتایی 2016.

**دووەم:** ترس لە بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەتایبەتی پاش ئەوەی گەنجینەی فیدراڵی ئەمریکا، بڕیاری دا بە زیادکردنی سووی بانکی لە 2015/12/18 بە ڕێژەی 0.25%-0.5 . کە ئەم ڕێژەیە ئەگەری بەرزبوونەوەی هەیە بۆ 1.4% تا کۆتایی 2016.

**سێیەم:** ڕێژەی نەوتی عەمبارکراو لە کۆگاکانی ئەمریکا یەکێکی دیکەیە لەو ترسانەی کە لەمەودوا زیاتر کاریگەریی دروست دەکات لەسەر بازاڕی نێودەوڵەتیی وزە، بەتایبەتی پاش دەرچوونی بڕیارێک لەلایەن کۆنگرێسەوە لە 2015/12/19 و واژووکردنی لەلایەن ئۆباماوە، بۆ دووبارە هەناردەکردنی نەوتی خاوی ئەمریکا بۆ ناو بازاڕی وزە، ئەمەش پاش 40 ساڵ لە ڕاگرتنی بە یاسا.

ئەو مەترسیانەی ئاماژەمان بۆ کردن، وای لە بازرگانانی نەوتی خاو کردووە مامەڵە بازرگانییەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە کزی بکات، ئەمەش بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوتی خاو لە ماوەی کورتدا لە بازاڕی نێودەوڵەتیی وزە.

لە کۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە، لەناو ئەو ئاڵۆزیە فرە ڕووەی بازاڕی نێودەوڵەتیی وزەدا، زۆر ئەستەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان چیتر بتوانێت تەنیا بە پشتبەستن بە یەک وەزارەت و ئەنجومەنێکی نەوت و گاز، سەرجەم لایەنەکانی (ئابووری، سیاسی، پیشەسازی، یاسایی) وزەی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ستراتیجی بەڕێوەبەرێت. بەڵکو پێویستە، بەشێوەیەکی دامەزراوەیی کەرتی وزەی کوردستان لە ڕێگەی چەندین دامەزراوەی ئابووری و سیاسییەوە، بەڕێوەببرێت، تا لە توانایدا بێت لە ئایندەدا ڕووبەڕووی ڕاچڵەکانە یەک لە دوای یەکەکانی دابەزینی نرخی وزە ببێتەوە.

***پسپۆڕی سیاسەت و وزە**

# کوردستان پێویستی بە چ نرخێکە بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی؟

محەممەد هادی
ڕووداو- هەولێر

ململانێی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، شەڕی نرخی نەوتی نێوان ئەو وڵاتانەی بەدوای خۆیدا هێنا، سعودیە بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەردەوامبوون لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، بێ گوێدانە دابەزینی نرخی ئەو کاڵایە، کارێکی کرد کە هەریەک لە وڵاتانی رووسیا و ئێران و ڤەنزوێلای خاوەن گەورەترین یەدەگی نەوت لە جیهان، هەروەها عێراق و هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی داتەپینێکی گەورەی داهات و قەیرانی ئابووری ببنەوە.

دابەزینی نرخی نەوت لە ئاستەکانی 115 دۆلارەوە بۆ 37 دۆلار، زیانێکی گەورەی بە بەرهەمهێنەرانی نەوت گەیاندووە بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە خەرجیی بەرهەمهێنانی نەوت تێیاندا لە ئاستێکی بەرزدایە.

رووسیا سەرەڕای سەپاندنی کۆمەڵێک سزای ئابووری لەلایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاوە، لەولاشەوە دابەزینی نرخی نەوت زیانی 150 ملیار دۆلاری بەو وڵاتە گەیاندووە و 8%ی داهاتی ئەو وڵاتەی کەم کردووەتەوە.

درێژەپێدانی ئەو سیاسەتە لەلایەن سعودیە، زۆر لە ئەندامانی ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی دیکەی نەوتی نیگەران کردووە، بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی کورتهێنان لە بودجەی ساڵانەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا.

سەرەڕای ئەو زیانانەی کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت بەر ئێران کەوتوون، بەڵام بەپێی قسەی بیژەن زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئەو وڵاتە، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی کەم ناکاتەوە، تەنانەت ئەگەر نرخی نەوت بگاتە ئاستەکانی 20 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. لەلایەکی دیکەوە، فرۆشتنی نەوت و داهاتی نەوت تەنیا 25%ی کۆی گشتیی داهات لەو وڵاتە پێکدێنێ.

هاوکات حکومەتی ئێران ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ نرخی 30 دۆلار بکات بۆ هەر بەرمیلێک نەوت. بە نیازیشە نرخی هەر بەرمیلێک نەوت لە بودجەی گشتی ساڵی داهاتوویدا بە 35 تا 40 دۆلار بخەملێنێ.

دابەزینی نرخی نەوت کەمترین زیانی بۆ سعودیە هەیە بەهۆی کەمیی تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت لەو وڵاتە، بە جۆرێک کە تێچووی هەر بەرمیلێک نەوت لە سعودیە لە بەرزترین ئاستدا لە 10 دۆلار تێپەڕ ناکات، بەڵام لە رووسیا دەرهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت 25 دۆلاری تێدەچێ.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا هیچ داتایەکی فەرمی لەسەر خەرجیی دەرهێنانی یەک بەرمیل نەوت بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی پێشبینییەکانی کۆمپانیا ڕاوێژکارییە نەوتییەکان خەرجیی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان نزیکە لە خەرجیی دەرهێنانی نەوت لە عێراق کە بۆ هەر بەرمیلێک بە دۆزینەوە و دەرهێنانی تا ئەو کاتەی دەچێتە ناو بۆرییەوە، کەمتر لە 10 دۆلاری تێدەچێت و پرۆسەی گواستنەوە و ئەمبارکردنیش 2 تا 3 دۆلاری پێویستە.

دابەزینی نرخی نەوت زیانێکی گەورەی بە داهاتی هەرێمی کوردستان گەیاندووە، ئەگەر باشووری کوردستان ڕۆژانە بە تێکڕا 700 هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت بە نرخی 65 دۆلار، مانگانە ملیارێک و 350 ملیۆن دۆلار داهاتی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بودجەی پێویست بۆ خۆی دابین بکات بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان و پێدانی مووچەی فەرمانبەران و دانەوەی ئەو قەرزانەی کە لەسەری کەڵەکە بوون.

لە سەرەتاکانی هەفتەی ڕابردوودا نرخی نەوت گەیشتە ئاستەکانی 33 دۆلار و ئەو نرخەش بازاڕەکان و بەرهەمهێنەرانی نەوتی تووشی شۆک کرد، بەڵام دوو ڕۆژی کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بەهای نەوت جارێکی دیکە هیوای بە بەرهەمێنەران و بازاڕەکان بەخشییەوە دوای ئەوەی گەیشتە ئاستەکانی 38 دۆلار.

گەشەکردنەوەی نرخی نەوتیش تەواو پاڵپشت بوو بە داتاکانی ئەمریکا بەهۆی کەمبوونەوەی ئاستی یەدەگی نەوتی کۆگاکراو لە کۆگاکانی ئەمریکا و کەمبوونەوەی ژمارەی سەکۆ نەوتییەکان. لەلایەکی دیکەوە، بڕیارە مێژووییەکەی کۆنگرێسی ئەمریکا بە هەڵگرتنی سەرجەم ئەو ڕێگریانەی لەبەردەم هەناردەکردنی نەوتی ئەمریکا دانرابوون، بەهای نەوتی ئەمریکی لە بازاڕەکاندا بەرز بووەوە و لەگەڵ خۆیدا بەهای نەوتی برێنت گەشەی کرد.

| وڵات | خەرجی بەرهەمهێنانی نەوت |
|---|---|
| کوێت | 8.50 دۆلار |
| سعودیە | 9.90 دۆلار |
| عێراق | 10.70 دۆلار |
| هەرێمی کوردستان | 10 دۆلار |
| ئیمارات | 12.30 دۆلار |
| ئێران | 2.601 دۆلار |
| ڕووسیا | 17.20 دۆلار |
| جەزائیر | 23.50 دۆلار |
| لیبیا | 23.80 دۆلار |
| کازاخستان | 27.80 دۆلار |
| مەکسیک | 29.10 دۆلار |
| چین | 29.90 دۆلار |
| نێجیریا | 31.60 دۆلار |
| کۆلۆمبیا | 35.30 دۆلار |
| ئەنگۆلا | 35.40 دۆلار |
| نەرویج | 36.10 دۆلار |
| ئەمریکا | 36.20 دۆلار |
| کەنەدا | 41.00 دۆلار |
| بەرازیل | 48.80 دۆلار |
| بەریتانیا | 52.50 دۆلار |

| وڵات | نرخی یەک بەرمیل نەوتی پێویست بۆ بودجە |
|---|---|
| ئێران | 140 دۆلار |
| ڤەنزوێلا | 121 دۆلار |
| جەزائیر | 121 دۆلار |
| نێجیریا | 119 دۆلار |
| روسیا | 117.8 دۆلار |
| ئیکوادۆر | 117 دۆلار |
| عێراق | 106 دۆلار |
| سعودیە | 93 دۆلار |
| لیبیا | 90 دۆلار |
| کوێت | 75 دۆلار |
| ئیمارات | 70 دۆلار |
| قەتەر | 65 دۆلار |
| هەرێمی کوردستان | 65 دۆلار |





ڕووداو
ئابووری
ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28



## نرخی لیترێک بەنزین دەبێتە 600 دینار

**ڕووداو- سلێمانی**

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دوای چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ خاوەنی بەنزینخانە بازرگانییەکان، ڕێککەوتوون کە لە ئەمڕۆوە 2015/12/28 نرخی لیترێک بەنزینی بازرگانی بە کوالێتی بەرزەوە لە 700 دینارەوە بکرێتە 600 دینار. ناوبراو گوتی "هۆکاری سەرەکی ئەو دابەزینەش بۆ بەردەوامی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و گرانی پێداویستییەکانی هاوولاتیان دەگەڕێتەوە". گوتیشی"هەوڵدەدەین لە داهاتوودا بەنزینی بازرگانی لەو نرخە هەرزانتریش بکرێت".

پرۆژەیەکی گەورە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە

# لە کوردستان پرۆژەکانی بەخێوکردنی قەل لە زیادبووندان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

عومەر محێدین، پتر لە 20 ساڵە مریشک بەخێودەکات، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی مریشک، بڕیاری دا پیشەکەی بگۆڕێت، ئێستا لە جیاتی مریشک، قەل بەخێو دەکات. عومەر ساڵانە زیاتر لە 50 تۆن گۆشتی قەل دەخاتە بازاڕ. عومەر دەڵێت "بەخێوکردنی قەل قازانجی لە مریشک پترە".

عومەر محێدین، پێنج ساڵ لەمەوبەر پرۆژەیەکی بەخێوکردنی قەل بەناوی پرۆژەی پەلەوەری بڕوا لەگوندی قەرەچناخەی سەر بەشاری هەولێر، دادەمەزرێنێ. عومەر بۆ دەستکەوتنی جوجەڵەی قەل هێلکە لەفەرەنسا دەهێنێ لەنێو هەڵێنەر بۆ ماوەی 28 ڕۆژ دایدەنێت و دوای تروکاندنی لەنێو هۆڵی پرۆژەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ بەخێویان دەکات.

عومەر گوتی "ڕەزامەندی هێنانی120 هەزار هێلکەی قەلم لە وەزارەتی کشتوکال وەرگرت ، بۆ هەر وەجبەیەک 10 تاوەکو 14 هەزار هێلکەم لە فەرەنسا دەهێنا و لەهەڵێنەر دامدەنا، دوای تورکاندنی لەنێو پرۆژەکەم بۆ ماوەی 90 ڕۆژە پەروەردەم دەکرد، کێشیان دەبوو بە 7 تاوەکو 8 کیلۆ و دەمخستە بازاڕ".

هەرچەندە لە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێنمایی بۆ دانانی پرۆژەی قەل هەیە، بەڵام لەڕێنماییەکەدا هیچ زانیارییەک لەسەر چۆنیەتی بەخێوکردنی ئەم پەلەوەرە نەخراوەتەڕوو، بۆیە عومەر محێدین بۆ بەخێوکردنی قەلەکانی پشت بە ڕێبەر و ڕێنمایی کۆمپانیایەکی فەرەنسی دەبەستێ.

عومەر محێددین، بەگوتەی خۆی یەکەم کەس بووە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە پرۆژەی بەخێوکردنی قەلی دامەزراندوە. عومەر گوتی "بۆ بەخێوکردنی قەلەکان، پشتم بەڕێبەر و ڕێنمایی کۆمپانیا فەرەنسییەکە بەست و لەدانانەوەی هێلکەکان و بەخێوکردنی جوجەڵە قەلەکان توانیم سەرکەوتن بەدەست بهێنم".



پرۆژەکەی عومەر هەر سێ مانگ جارێک 3 هەزار قەل دەخاتە بازاڕ، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم خاوەن پرۆژەیە ساخکردنەوەی بەرهەمەکەیەتی، عومەر دەڵێت" لەهەولێر خواست لەسەر گۆشتی قەل هەیە، بەڵام بە بەراورد بەگۆشتی مریشک کەمترە، بۆیە لەکاتی پێگەیشتی قەلەکان ناچارین بەشێکی بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان بنێرین، ئەمەش تێچووی زیاتر لەسەر ئێمە دەکەوێت". گوتیشی "زۆرترین خواست لەسەر گۆشتی قەل لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای سلێمانییە".

ئەم خاوەن پرۆژەیە، لەو بڕوایەدایە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ لەدامەزراندنی پرۆژەی قەل و پێدانی ڕێنمایی بۆ بەخێوکردنی هاوکاری جوتیاران بکات، لەئایندەیەکی نزیکدا بەدەیان پرۆژەی بەخێوکردنی قەل لەکوردستان دادەمەزرێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت "مریشک بە 42 تاوەکو 50 ڕۆژ بەخێوکردن کێشەکەی دەگاتە نزیکەی سێ کیلۆ و لە بازاڕیش وەک پێویست نرخ ناکات، بەڵام کێشی قەل بە 15 کیلۆ عەلەف لە ماوەی 90 ڕۆژ دەبێتە 8 کیلۆ و لەبازاڕیش کیلۆی نزیکەی 5 هەزار دینار دەکات. جگە لەوەش ڕێژەی مردنی قەل لە مریشک کەمترە، بۆیە لەڕووی ئابوورییەوە بەخێوکردنی قەل لەمریشک قازانجی زیاترە".

لەدوای سەرکەوتنی پرۆژەی عومەر چەند خاوەن کێلگەیەکی دیکەی پەلەوەر پرۆژەکانیان لە مریشکەوە گۆڕیوە بۆ قەل. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ ، چوار پرۆژەی بەخێوکردنی قەل لە هەرێمی کودستاندت هەن، کە سێیان لە هەولێرن و ئەوەی دیکەشیان لە سنووری پارێزگای سلێمانییە.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکالأ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "پڕۆژەی بەخێوکردنی قەل لە کوردستان تازەیە، بۆیە ئێستا تەنیا چەند پرۆژەیەکی بەخێوکردنی قەلمان هەیە کە بەرهەمیان لە پێداویستی ناوخۆ بۆ گۆشتی قەل کەمترە، بۆیە تا ئێستا نرخی گۆشتی قەل لە کوردستان کەمێک بەرزە". گوتیشی "بەپێی ڕێنماییەکان هاوکاری هەر کەسێک دەکەین کە نیازی دامەزراندنی پرۆژەی قەلی هەبێت".

### پرۆژەیەکی کوردی - هۆڵەندی

ڕەمەزان محەممەد ئاماژەی بەوەدا خواست بۆ دامەزراندنی پرۆژەی بەخێوکردنی قەل هەیە، ئێستا کۆمپانیایەکی ناوخۆ بەهاوکاری کۆمپانیایەکی هۆڵەندی پرۆپۆزەلی پرۆژەیەکی گەورەی بەخێوکردنی قەلیان لەهەولێر ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە، پرۆژەکە لەقۆناخی دیراسەکردن دایە، بەپێی پرۆپۆزەلەکەش لەقۆناخی یەکەم لەهەر وەجبەیەک 15 هەزار قەل بەخێودەکەن، دواتر بەگوێرەی پێویستی بازاڕ بەرهەمەکەیان زیاد دەکەن.

عەبدولخالق عەبدولقادر، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر، دەڵێت "بۆ زیادکردنی بەرهەمی گۆشتی قەل، ئامادەین هەموو هاوکارییەک پێشکەشی پرۆژەکان بکەین بەمەرجێک خاوەن پرۆژەکان پابەندی ڕێنماییەکان بن لە چۆنیەتی بەخێوکردن و دامەزراندن پرۆژەکانیان".

ڕێژەی مردنی قەل بەبەراورد بەمریشک لە پرۆژەکانی پەلەوەر کەمترە، بەهۆی بەرگری قەل بۆ نەخۆشییەکان، گۆشتەکەش لەمریشک نرخ باشتر دەکات، بۆیە ئەگەر قەل لە پرۆژەکان بەشێوەیەکی زانستی بەخێوبکرێت قازانجی لە مریشک زیاترە.

عەبدولخالق عەبدولقادر دەڵێت "بەگوێرەی بەدواداچوونەکانمان بۆمان دەرکەوتووە لەشاری هەولێر خواست لەسەر گۆشتی قەلی خۆماڵی زیاترە لە قەلی پرۆژەکان ، چونکە تامی گۆشتەکەی خۆشترە، بۆیە داوا لەخاوەن پرۆژەکانی قەل دەکەین، لەڕێگەی گۆرینی خۆراک و هەواگۆرکی پرۆژەکانیان هەوڵبدەن تامی گۆشتی قەلی پرۆژەکانیان نزیک بکەنەوە لەگۆشتی قەلی خۆماڵی تاوەکو خواستی زیاتر بکەوێتە سەر بەرهەمەکانیان و گرفتی بەبازاڕکردنیان نەمێنێ".

هەر هەوێردەیەک ساڵانە 280 هێلکە دەکات

# زانکۆی سەلاحەددین هەوێردە بەخێو دەکات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بە مەبەستی توێژینەوە و زیادکردنی جۆرێکی دیکەی گۆشتی پەلەوەر لە کوردستان، بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، هەشت مانگە دەستی بە پرۆژەی بەخێوکردنی هەوێردە کردووە، پرۆژەکە قۆناغێکی باشی لە لێکۆڵینەوە بڕیوە و ئامادەیە بۆ فراوانکردن.

خاوەنی بیرۆکەکە قوتابییەکی ماستەر بووە و بەشی سامانی ئاژەڵی کۆلێژی کشتوکاڵیش پەسەندی کردووە.

پەیام سادق، مامۆستای بەشی سامانی ئاژەڵ، لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە کە ماستەری لە بەخێوکردنی هەوێردە لە تورکیا بەدەست هێناوە، گوتی "لەتورکیا پرۆژەی بەخێوکردنی هەوێردە بۆ مەبەستی بازرگانی قۆناغێکی باشی بڕیوە، بەستان پرۆژەی بەخێوکردنی هەوێردە هەیە و بووەتە هۆی زیادکردنی جۆرێکی دیکە لە گۆشتی پەلەوەر، بۆیە دوای گەڕانەوەم ئەم بیرۆکەیەم لا گەڵاڵە بوو".

پرۆژەکەی پەیام بەهێنانی 270 هەوێردە لە زانکۆی کەرکووک دەستی پێکرد، ئێستا ژمارەیان گەیشتووەتە 650 دانە، تاوەکو ئێستاش 5 هەزار هێلکە و 850 دانەی لێ بەبازاڕکراوە.

ئەم پسپۆڕەی بواری بەخێوکردنی هەوێردە پێیوایە لەڕووی بازرگانییەوە، بەخێوکردنی هەوێردە لەمریشک ئابووریانەترە.

پەیام سادق دەڵێت"70%ی تێچووی بەخێوکردنی مریشک تا دەگاتە بەرهەم، بۆ ئالیک دەڕوات، بەڵام هەوێردە بەخۆراکێکی کەم، بەرهەمێکی باش دەدات، چونکە ئەم پەلەوەرە 35 ڕۆژ کە تەمەنی بە بازاڕکردنیەتی کێشەکەی دەبێتە 250 گرام، تەنیا پێویستی بەنیو کیلۆ ئالیک هەیە، بەڵام مریشک بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا کێشی ببێتە 2-2.5 کیلۆ، پێویستی بە نزیکەی 5 کیلۆگرام ئالیک هەیە".

### تایبەتمەندییەکانی هەوێردە

هەوێردە بەرگری بۆ نەخۆشی زۆرە، وەکو مریشک پێویستی بەڤاکسین و دەرمان نییە. بەهۆی بچووکی قەبارەکەشی، دەتواندرێت لەیەک مەتر دووجا، 50 هەوێردە بەخێوبکرێت. هەروەها ساڵانە 280 تاوەکو 300 هێلکە دەکات، هێلکەکانیش لەماوەی 17دا دەتروکێن..

پەیام هەروەها دەڵێت "هەوێردە بە 5 هەفتە دەست بە هێلکەکردن دەکات، بەڵام مریشک بە 22 هەفتە، ئینجا دەست بە هێلکەکردن دەکات". گوتیشی "گۆشتی هەوێردە زۆر لە گۆشتی مریشک تەندروستترە".

هەوێردە (Japanese Quail) لەسەر ئاستی جیهان پەلەوەرێکی ناسراوە، دەمێکیشە لەوڵاتانی ئاسیایی بە تایبەتی چین و یابان بۆ هەردوو مەبەستی گۆشت و هێلکە بەخێودەکرێت، لە وڵاتانی وەک فەرەنسا، ئیسپانیا و ئەڵمانیا و تورکیا بۆ مەبەستی گۆشت بەخێودەکرێت.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ، لەکۆلێژی کشتوکاڵ زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "ئامانجی ئێمە لەم پرۆژەیە بۆ هەردوو مەبەستی توێژینەوە و زیادکردنی جۆرێکی دیکەی گۆشتی پەلەوەر بوو لەکوردستان، بۆ یە ئێستا لەهەولێ



پەرەپێدانی پرۆژەکەدایین بۆ ئەوەی بەرهەمی هێلکە و گۆشت بەناوی بەرهەمی ئەندازیارانی دوارۆژ ئەگەر بەرێژەیەکی کەمیش بێت بۆ ناساندنی بیخەینە بازاڕ".

بە گوتەی د.یوسف لە کۆلیژەکەیاندا پرۆفیسۆرێکی یاریدەر و دوو مامۆستای دیکە شارەزاییان لە بەخێوکردنی هەوێردەدا هەیە، قوتابییەکی ماستەریش سەرقاڵی توێژینەوەیە لەسەر هەوێردە. بۆیە دەڵێت ئامادەن هاوکاری هەر کەسێک بکەن کە بیەوێ پرۆژەی بەخێوکردنی هەوێردە دابمەزرێنێ.

تاکە کەموکوڕی هەوێردەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ، کەمی کێشەکەیانە. د.یوسف دەڵێت "کێشی هەوێردەکانی ئێمە بەبەراود بەوانەی یابان کەمترە، چونکە هەوێردەکانی ئێمە دەستکاری جیناتیان نەکراوە. ئێمەش دەتوانین کێشیان زیاد بکەین و سوودە ئابوورییەکەی زیاتر بکەین، بەڵام ئەوکات تام و چێژی خۆی نامێنێ".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو 1226 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت هەن کە 60%یان کار دەکەن، تێکرای بڕی بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 83 هەزار و 500 تۆن مریشک، ئەم بڕەش کەمترە لەپێداویستی هەرێمی کوردستان کە 130 هەزار تۆن مریشکە لەساڵێکدا.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکالأ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هیچ پرۆژەیەکی بەخێوکردنی هەوێردە نییە، لەکاتێکدا گۆشتی هەوێردە لە دەرەوە دەهێندرێت و خواستی زۆریشی لەسەرە".

هەرلەبەرئەوەی هیچ پرۆژەیەکی بەخێوکردنی هەوێردە لە کوردستان نییە، بۆیە بەڕێوەرایەتی سامانی ئاژەڵ هیچ ڕێنماییەکی بۆ بەخێوکردنی ئەم پەلەوەرە نییە، بەڵام ڕەمەزان محەممەد ڕەمەزان ئەوە بەگرفت نازانێ و دەڵێت "لەبەر ئەوەی هەوێردە دەچێتە چوارچێوە پەلەوەر، ئێمە ڕێنمایی گشتیمان بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر هەیە، بۆیە ئەمە نابێتە گرفت". گوتیشی "پشتگیری هەر کەسێک دەکەین کە نیازی دامەزراندنی پرۆژەی هەوێردەی هەبێت، چونکە بەپێی لێکۆلینەوەکان سەلمێنراوە کە گۆشتێکی تەندروستی هەیە و لەڕووی ئابووریشەوە قازانجێکی باشی هەیە".

**جیاوازی بەهای خۆراکی گۆشتی مریشک و هەوێردە**

| پێکاتەکان | مریشک | هەوێردە |
|---|---|---|
| شێ | %66 | %69.7 |
| پرۆتین / گرام | 18.6 | 19.6 |
| وزە / کیلۆکالۆری | 215 | 192 |
| تێکڕای ڕۆن / گرام | 15.1 | 12.1 |
| ئۆمیگا 3 / ملیگرام | 190 | 460 |

**جیاوازی بەهای خۆراکی هێلکەی مریشک و هەوێردە**

| پێکاتەکان | مریشک | هەوێردە |
|---|---|---|
| پرۆتین | %11.6 | %12.8 |
| ڤیتامین A / mg / kg | 780 | 1180 |
| ڤیتامین B1 / mg / kg | 49 | 137 |
| ڤیتامین B2 / mg / kg | 500 | 1100 |
| پۆتاسیۆم / mg | 124 | 404 |
| ئاسن / mg | 88 | 404 |
| مس/ mg | 9.6 | 17 |

## ڕێژەی کۆچبەران لە سوێد کەمی کردووە

ڕووداو — ڕادیۆی سوێد

ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی لە مانگی ڕابردوو ڕوویان لە سوێد کردووە، بە بەراورد بە مانگەکانی پێشووتر بە ڕێژی دوو لەسەر سێ کەمی کردووە. پێشبینی کەمبوونەوەی زیاتریش دەکرێ ئەگەر حکومەت بڕیار لەسەر پێشنیازی تایبەت بەبەردەوامبوونی کۆنترۆڵکردنی ناسنامە لەکاتی گەشتکردندا بدات. بەپێی ئامارەکان لەمانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ هەفتانە نزیکەی 10 هەزار کۆچبەر ڕوویان لە سوێد کردووە، بەڵام لەم چەند هەفتەیی دوایدا هەفتانە ئەو ژمارەیە کەمی کرد و نزیکەی 3000 کۆچبەر هاتوونەتە سوید.



ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28

# کوردێک لە ناسا پۆست وەردەگرێ



گەنجێکی کورد لە دەزگای نیشتمانیی فڕۆکەوانی و ئاسمانیی "ناسا" لە بەشی ئەندازیاریی سیستەمەکانی ئۆتۆنۆم پۆست وەردەگرێت و کاردەکات. ئۆکتای ئەرسلان گەنجێکی کوردی تەمەن 31 ساڵە، خەڵکی شارۆچکەی تاتڤانە لە باکووری کوردستان. ئەرسلان، ئەندازیاری تەکنۆلۆژییە و شارەزایە لە ڕۆبۆتیک و ئەندازیاریی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان. ئێستا لە بەشی ئەندازیاریی دەزگای ناسای ئەمریکی پۆستی وەرگرتووە و کاردەکات.
ئۆکتای ئەرسلان تاکە ئەندامی خێزانەکەیەتی کە دەرچووی کۆلێژە. ئەو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) گوتی "بەرپرسی ئەو بەشەی کە لەگەڵی کاردەکەم سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی و پێیگوتم تاوەکو ئێستا کەسم نەبینیوە 6 بڕوانامەی ئەندازیاریی هەبێ".

ئیمرە ئاکبولاک
ڕووداو- هەولێر

## ئۆکتای ئەرسلان:
## سەرقاڵی داهێنانێکم کە لە داهاتوودا ناسا لەنێو هەسارەکاندا بخولێتەوە

**ڕووداو: چۆن لە ناسا وەرگیران، چۆن بیرتان لەوە کردەوە کە لەم دامەزراوەیە کار بکەن؟**

**ئۆکتای:** لە پەیجی فەرمیی ناسا لە فەیسبووک چەند هەلێکی کار ڕاگەیەنرابوو، منیش سەرەتا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیم پێوەکردن، پاشان سێ جار لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەمان کرد، دواتر داوایان کرد سەردانیان بکەم بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی خۆم پێشکەش بکەم و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکەم. دوای مانگێک پەیوەندییان پێوەکردم و گوتیان وەرە دەستبەکار بە. لە دیداری تایبەتیمدا لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەو بەشەی کە ئێستا کاری تێدا دەکەم، بەڕاشکاوی سەرسامیی خۆی دەربڕی و پێیگوتم تاوەکو ئێستا نەمبیستبوو کەسێک 6 جار بڕوانامە لە ئەندازیاری بهێنێ.

**ڕووداو: پێشتر قەت بیرت لەوە کردبووەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ناسا کار بکەی؟**

**ئۆکتای:** هەر لە قۆناغی ناوەندیی قوتابخانەوە هۆگری تەکنۆلۆژیا بووم. هەردوو مامم کە ئەندازیارن، زۆر هاندەرم بوون بۆ ئەوەی ئەم ڕێچکەیە هەڵبژێرم. لە سایەی مامم عەبدولمەجید لە ساڵی 1994 فێری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی بووم. هەروەها ئەو هاندەرم بوو بۆئەوەی زانکۆی تەکنیکی ئیستانبوڵ هەڵبژێرم بۆ پەرەپێدان بەتواناکانم. دەتوانم بڵێم دوای چوونم بۆ زانکۆ، خەونی کارکردنم لە ناسا بۆ دروست بوو. سەرەتا ئەستەم بوو، بیرم لە ناسا نەدەکردەوە، بەڵام لە زانکۆ ئاشناییم لەبارەوە وەرگرت. ساڵی 2007 لەگەڵ پرۆفیسۆر د.فرێد هێدێگ ئاشنای کاری تاقیگەکانی تەکنۆلۆژی بووم.

**ڕووداو: ناسا چییە و چ کارێک دەکات؟**

**ئۆکتای:** دامەزراوەیەکی تایبەتە بە بەرنامەکانی ئاسمانی و لەساڵی 1958 لەسەر دەستی دوایت ئایزنهاوەر سەرۆکی ئەوکاتی ئەمەریکا دامەزرا. توێژینەوەی تایبەتی مەدەنی بۆ کاری ئاسمانی و هەسارەیی و فڕۆکەوانی دەکات. زیاتر لە 10 بنکەی سەرەکی هەیە، منیش لە بنکەی ڕۆبۆتیک کە سیستەمی کارکردنی بزوێنەرە تەکنۆلۆژی و بێفڕۆکەوانییەکانە، لە تاقیگەدا کاردەکەم و چەندین پرۆژەی تایبەت بەخۆم هەیە کە ناوەندی ستراتیژیی کالیفۆرنیا کاری بۆ دەکات و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات.

**ڕووداو: چۆن گەیشتنە ئەم ئاستە و چ هەنگاوێکتان بڕی؟**

**ئۆکتای:** سەرەتا لەبواری تەکنۆلۆژیای زانیارییەکانی چۆنیەتی پەرەپێدانی کارەبا لە زانکۆی تەکنیکی ئیستانبوڵ خوێندم. پاشان ئەندازیاری کۆنترۆڵ. دواتر ئەندازیاریی ئالگۆریتما کە تایبەتە بەگەشەپێدانی چینە ناوەکییەکانی تەکنۆلۆژیای کۆنترۆڵکردن. دواتر بووم بە ئەندازیاری کۆمپیوتەر. دواتر لە بەرنامەکانی گەشەپێدان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پیشەسازیی سیستەمە بەرگرییەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگریی تورکیا کارم کرد. ساڵی 2009 لە سەنتەری تەکنۆلۆژیای زانستەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئینستیتیوتی ئەتڵەنتا لە ئەمریکا کارم کرد و برەوم بەتواناکانی خۆم دا و سوودێکی زۆرم لەوە بینی. لە چەندین سەنتەر و دامەزراوەی زانستی و ئەندازیاری و تەکنۆلۆژیی ئەمریکا ئەندامم. لە 2015 دوای خوێندنەوەیەکی چڕ دکتۆرام لە بەشی ڕۆبۆتیک بەدەستهێنا. بەهۆی پرۆژەکانم لەبواری تەکنۆلۆژیای بزوێنەرەکانی ئاسمان لە ناسا بەپۆستێکی باڵا کارم کرد. سەرەتا لە ویلایەتی بۆستن وەک قوتابییەکی ئامادەکار بۆ ماوەی 3 مانگ کارم کرد. دواتر بەسەرکەوتوویی لە بەشی پلاندانان کارم کرد و وەک تاکە کەسێک بەشێکی تایبەتیان بۆ دامەزراندم کە تاقیگەی زانستی ئەندازیاری بوو، هەروەها وەک مامۆستا لە زانکۆی ماساچۆستس وانەی ئەندازیاریم دەگوتەوە.

**ڕووداو: ئەو پۆستە چییە کە ئێوە لە ناسا کاری لەسەر دەکەن؟ ئایا هیچ داهێنانێکتان لەم بوارانەدا هەیە؟**

**ئۆکتای:** لە بەشی بزوێنەرە ئاسمانییە ڕۆبۆتییە گەڕۆکەکان وەک شارەزا کاردەکەم. هەروەها لەبواری کاری جێبەجێکاری سیستەمی ئۆتۆنۆم ڕۆبۆتیک سەرقاڵی داهێنانی چەند پرۆژەیەکم. بەکورتی بەزمانێکی ئاسانتر بۆ تێگەیشتنی هەموو کەسێک، من ئەقڵ دەبەخشمە ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان. (ڕۆبۆتیک)ئەمە پێناسەکەیەتی. ئێستاش سەرقاڵی دۆزینەوە و داهێنانی نوێم لەبارەی گەشەپێدانی سیستەمی پێشکەوتووی زانستی بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ناسا بتوانێت لەنێو هەسارەکاندا بخولێتەوە.

**ڕووداو: چەند زمان دەزانیت؟ کوردییەکەت لە چ ئاستێکدایە؟**

**ئۆکتای:** زمانەکانی کوردی و تورکی و ئینگلیزی دەزانم. پێشتر زمانی کوردیم پاراوتر بوو، بەڵام ئێستا بەو ڕادەیە نییە، تەنیا دەتوانم دیالۆگێکی کورت لەگەڵ خێزانەکەم بکەم.

**ڕووداو: ئەگەر لە داهاتوودا پۆستێکی باڵایان لە وڵات پێ بەخشیت، چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟**

**ئۆکتای:** بێگومان بەئەرێنی وەڵام دەدەمەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا پێویستم بەگەشەپێدانی زیاتری بواری تەکنۆلۆژیا هەیە بۆ ئەوەی بتوانم ئەزموونی زیاتر پەیدا بکەم و شتی نوێ فێربم. هەروەها چەند پرۆژەیەکم لەژێر دەستە لە ئەمەریکا و پێویستە تەواویان بکەم.

**ڕووداو: ئامۆژگاریتان چییە بۆ ئەو گەنجە کوردانەی کە هەوڵ دەدەن وەکو تۆ لە بواری زانستدا خۆیان پێبگەیەنن؟**

**ئۆکتای:** پێویستە ئاشنای کارکردنی زیاتر بن. نابێت سڵ بکەنەوە و لە هیچ قۆناغێکدا دەستبەرداری کارەکانیان نەبن. لە ئینتەرنێت سەرچاوەی زۆر دەست دەکەون و دەتوانن لەم ڕێگەیەوە برەو بە چالاکییەکانیان بدەن. چونکە لە ئینتەرنێت وانەی بێ بەرامبەر زۆر هەیە و سوودی زۆری لێ وەردەگرن. بیر لە خۆیان بکەنەوە و ڕێگە نەدەن هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێبازەکەیان دووربخاتەوە.

نزیکەی 10 ساڵ لەمەوبەر بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان لە بتلیس ئامۆژگاریی کردم و گوتی "ژیان تاقیکردنەوەیە و هیچ کاتێک نابێ سڵ بکەیتەوە. ژیان تەنیا جارێک هەلێکی زێڕینت پێ دەبەخشێ ئەگەر بەوشیاریی هەڵسەنگاندنت بۆ کرد سەرکەوتوو دەبیت و بەرەو قۆناغێکی باشتر هەنگاو دەنێی و دەروازەی جیهانێکی نوێت بۆ دەکرێتەوە". منیش لەسەر ئەم بنەمایە وەک ڕاوچییەکی هەلەکان چاوەڕێی هەلی زێڕینی خۆم کرد و ئیتر هەنگاوەکانم بەبوێرانە نا و بازێکی گەورەم دا لە بتلیسەوە بۆ ئەمریکا. دیارە چانسیش ڕۆڵی خۆی هەیە.

**ڕووداو: سەردانی تاتڤان دەکەیت؟ خەڵکی ئەوێ چۆن پێشوازیت لێدەکەن؟**


**ئۆکتای:** ماوەیەکی زۆرە سەردانی تاتڤانم نەکردووە. تا تەمەنی 5 ساڵیم لەم شارۆچکەیە ژیام. دواتر بەرەو یۆزگات چووم. پاشان 20 ساڵ لە ئیستەنبوڵ ژیام. کاتێک لە ئیستەنبوڵ بووم ناوە ناوە سەردانی تاتڤانم دەکرد. تاتڤان پێویستی بەخزمەت و ئاوەدانی زیاتر هەیە. لەو کاتەی هاتوومەتە ئەمریکا بەداخەوە بەهۆی باری داراییەوە نەمتوانیوە پشوویەکی باش وەربگرم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە وڵات.

### ئەقڵ دەبەخشمە ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان



# ئاڵا 119 خواردنی کوردەواری بە بەریتانیەکان دەناسێنێ






نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

لە لەندەن و شارەکانی دیکەی بەریتانیا، ئەوانەی حەزیان لە خواردنی کوردەوارییە، چیدی پێویستیان بەوە نەماوە خۆیان لە کوردی تاراوگەنشین نزیک بکەنەوە بۆ ئەوەی تامی ئەو خواردنانە بکەن، ئێستا لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان کتێبێک دەبینن کە یەکێک لە خەونە مەزنەکانی ژنێکی کوردیشی هێنایەدی.

ئاڵا بەرزنجی، بە درێژایی ئەو ساڵانەی لە بەریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا نیشتەجێ بووە، هەمیشە بە نێو کتێبخانەکاندا گەڕاوە، بەڵام هیچ کتێبێکی لە بارەی خواردنە کوردەوارییەکانەوە نەبینیوە، لە کاتێکدا زۆر کتێبی بە ئینگلیزی چاپکراوی بینیوە لە بارەی کولتوور و خواردنی میللەتانی دیکەوە. ئاڵا دەڵێ "ئەوە وای لێکردم بیر لە نووسینی کتێبێک بکەمەوە لەبارەی چۆنێتی دروستکردنی خواردنە کوردەوارییەکان بە زمانی ئینگلیزی".

ئاڵا دەڵێ پرۆژەکە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ تەنیا پرۆژەیەک بێت بۆ ناساندنی خواردنی کوردی "بەڵام ئەوە ڕەسەنایەتی و کولتووری نەتەوەکەشمە".

کاتێک ئاڵا بەرزنجی، لە ماڵەکەی خۆیدا خواردنی بۆ هاوڕێی منداڵەکانی، یان بەشێوەیەکی خێرخوازی بۆ قوتابخانەی منداڵەکانی ئامادە دەکرد، تێبینی کردبوو کە بیانییەکان زۆر حەز بە خواردنی کوردی دەکەن "ڕۆژئاواییەکان هەمیشە بە دوای خواردنی نوێ و باشتردا دەگەڕێن، ئەو کتێبە دەتوانێ فێریان بکات خواردنی کوردی چۆن دروست دەکرێ".

ئاڵا بەرزنجی، کچی شێخ عوسمان شێخ مەحموود بەرزنجییە، لە بنەماڵەی شێخ سەبری قازییە کە بنەماڵەیەکی نێوداری شاری سلێمانین. داپیرەی ئاڵا، کچە خاڵی حەفسەخانی نەقیبە. ئاڵا ساڵی 1995 چووەتە لەندەن، ماستەری لە کۆمپیوتەر و سیستەمی زانیاریدا هەیە. کتێبەکەی ئاڵا (Traditional Kurdish Food) لە 2015/3/21 کەوتە بازاڕەکانی ئەورووپاوە.

مامۆستا گەورەکەی ئاڵا، ژنێکی دونیادیدە بوو کە بەردەوام لە نێو چێشتخانەی ماڵەکەی خۆیان لە سلێمانی بە بۆنی خواردنەکانی، میوانانی دڵخۆش دەکرد، ئەویش دایکی بوو. ئاڵا دەڵێت "دایکم یەکێک بوو لە شاژنە ناسراوەکانی سلێمانی، تام و چێژی خواردنەکانی زۆر نایاب بوو، هەمیشە هانی دەدام بۆ ئەوەی ئەو خواردنە کوردەواری و ڕەسەنانە بکەمە نووسراو، زۆر کوردپەروەر و دڵسۆزی نەتەوەکەی بوو".

سەبارەت بە بۆچوونی بەریتانییەکان لەبارەی کتێبەکەی، ئاڵا دەڵێت دەستخۆشی زۆری لێکرا کاتێک کتێبەکە کەوتە بەر چاوی بەریتانییەکان "هەیانبوو دەیگوت من پێشتر زۆر بۆ کتێبێک گەڕاوم فێری خواردنی کوردیم بکات".

ئاڵا نهێنی تامەزرۆیی ڕۆژئاواییەکان بۆ خواردنی کوردی ڕووندەکاتەوە و دەڵێ "خواردنە کوردەوارییەکان هەمیشە بە کەرەستەی تازە و تەڕوبڕ دروست دەکرێن، ئەگەر یەک دوو کەرەستەشت بۆ پەیدا نەکرێ، زۆر کار ناکاتە سەر تام و چێژی خواردنەکە، بۆ نموونە ئەگەر گۆشتنەخۆرێک بیەوێ ئامادەی بکات، دەتوانێ بەبێ گۆشت دروستی بکات، بۆیە زۆرتر گۆشتنەخۆرەکان پێشوازی لێدەکەن".

کتێبەکەی ئاڵا بەرزنجی باسی چۆنێتی دروستکردنی 119 خواردنی کوردەواری دەکات کە بەسەر 8 بەشدا دابەشی کردوون و 204 لاپەڕەیە.

سەبارەت بە چۆنیەتی دەستکەوتنی کەرەستەی ئەو خواردنە کوردەوارییانە لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا، ئاڵا دەڵێت "ئینگلیزەکان پەکیان لەسەر ئەوە ناکەوێ کەرەستەی خواردنەکان چۆن پەیدا بکەن. بۆ نموونە لەو ناوچەیەی من لێی دەژیم لە ڕۆژئاوای لەندەن، هەموو جۆرە کەرەستەیەکی خواردنی کوردەواری دەستدەکەوێ، سماق، ڕەشکە، شمڵی، هەموو پێکهاتەیەکی دیکە".

تاوەکو ئێستاش، لە کوردستان خواردنە کوردەوارییەکان سفرەی میوانداریییە تایبەتییەکانن. هەروەک چۆن چەند خواردنگە و ڕێستورانتێکی نوێش پەیدا بوون دەیانەوێ کڕیارەکان بە ناونیشانی خواردنی کوردەواری بۆلای خۆیان پەلکێش بکەن. ئەو ژنە دەڵێ لە ئەورووپا کوردی تاراوگەنشینی زۆری بینیوە کە دەستڕەنگینن لە ئامادەکردنی خواردندا "بەڵام کتێبەکە هاوکاریی هەموو لایەک دەکات". دڵخۆشیشە بەوەی ئەمڕۆ کتێبەکە لە چوارچێوەی بەریتانیا نەماوەتەوە "براوەتە ئەمریکا و ئەورووپا، هەروەها لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانی بڵاوکردنەوەی کتێبەوە ستایشی زۆر کراوە، چونکە شێوازێکی ئاسانی ئامادەکردنی خواردنە".

ئەستێرەی ئاڵا بەرزنجی، ئەو ژنەی بە ڕێگای تام و بۆنی خواردنە کوردەوارییەکانی دایکیدا هەنگاوی نا، زۆرتر دەگەشێتەوە. ئێستا کتێبەکەی بانگهێشت کراوە بۆ بەشداریکردن لە پێشانگا گەورەکان. لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا، کۆمپانیای پیپسی هانیان دا کتێبەکە و نموونەی خواردنەکان لە پێشانگایەکی گەورەدا نمایش بکات "زۆر دڵخۆش بووم کاتێک بینیم لەو پێشانگایەدا خەڵک سەرەیان گرتبوو بۆ ئەوەی تامی خواردنەکان بکەن، دوای تامکردنی، کتێبەکەیان دەکڕی و دەیانپرسی کە ئاخۆ من ڕێستورانتم هەیە تاوەکو بێنە ئەوێ؟".

ئاڵا دەڵێت "دوو شێفی بەنێوبانگی سەرشاشەی تەلەڤزیۆن لە بەریتانیا پۆڵ هۆڵیۆد و مێری بێری، هاتن بۆلام و ستایشێکی زۆریان کردم".

ئەو ژنە بەهیوای ئەوەیە پرۆژەکەی بتوانێ تەواوی ڕۆژئاوا بگەڕێت و جیهان بتوانن لە نێو ماڵەکانی خۆیانەوە تامی خواردنی کوردی بکەن.

ئەو ڕۆژەی کتێبەکەی چاپخانەی جێهێشتووە، ئاڵا ئاهەنگێکی ڕێکخستووە و ژمارەیەک کوردی تاراوگەنشین و هاوڕێکانی لە نەتەوەکانی دیکە بانگهێشت کردووە "هەموو دڵخۆش بوون بەوەی کە ئیدی بە زمانی ئینگلیزی دەتوانی بزانی خواردنی کوردەواری چییە و چۆن دروست دەکرێ".

## فیلمێک لەسەر پێشمەرگە

**هیوا سەلاح- رووداو- هەولێر**

کامەران رەئوف، دەرهێنەری کورد، بە کورتە فیلمێک بەرخودانی پێشمەرگە نیشانی جیهان دەدات.
کامەران رەئوف بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا سەرقاڵی نووسینی سیناریۆی کورتە فیلمێکم دەربارەی پێشمەرگە".
جگە لەو کورتە فیلمە، کامەران رەئوف سەرقاڵی چەند کارێکی دیکەشە "سەرقاڵی چەند پرۆژەیەکم، بەڵام هێشتا لە قۆناغی تاوتوێکردندان، هێشتا هیچیانم یەکلایی نەکردووەتەوە. ئەوانیش شانۆگەرییەکی کۆمیدییە، لەوانەیە شانۆگەریی شا لیری شکسپیر بە ستایلێکی تازە نمایش بکەمەوە کە پێشتر لە ساڵی 1990 پێشکەشم کردووە".
کامەران هەروەها سەرقاڵی ئامادەکردنی درامایەکی کۆمێدییە بۆ کۆمپانیای خاوێ فیلم کە لە 50 ئەڵقە پێکدێت و هەر ئەڵقەیەکیشی باسی چیرۆکێک دەکات.



رووداو هونەری
ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28

**هونەرمەندی گۆرانیبێژ سامان عومەر بۆ (رووداو):**

# داوام لێکراوە بۆ پێشکەشکاری، بەڵام رەتمکردەوە

هونەرمەندی گۆرانیبێژ سامان عومەر کە هەشت ساڵە لە فینلاند دەژی، وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 28/12/2015 لەسەر بانگهێشتی خاوەنی هوتێلێکی هەولێر بگەڕێتەوە کوردستان و شەوی سەری ساڵ ئاهەنگێک لەو هۆتێلە ساز بکات. سامان عومەر ئاشکرای کرد کە ماوەی مانگێک لە کوردستان دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەشدا بەرهەمێکی نوێ تۆمار دەکات، بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو بەشێوەی کلیپ بڵاوی بکاتەوە. (رووداو) لە رێی تەلەفۆنەوە ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی



**رووداو: بەنیازی بگەڕێیتەوە کوردستان، بۆچی دەگەڕێیەوە؟**
**سامان عومەر:** لەسەر بانگهێشتی کاک عوسمان فەرەج کە خاوەنی هوتێلێکی شاری هەولێرە دەگەڕێمەوە. ئەویش بەمەبەستی گێڕانی ئاهەنگێکە بۆ سەری ساڵی نوێ. هیوادارم کاتێکی خۆش بەسەر ببەین.

**رووداو: ماوەی چەند دەمێنیتەوە؟**
**سامان عومەر:** ماوەی زیاتر لە مانگێک دەمێنمەوە.

**رووداو: جگە لەو ئاهەنگە، پرۆژەی نوێت چییە؟**
**سامان عومەر:** چەند ئاوازێکی نوێم لەبەردەستن کە پێشتر داومە بە چەند موزیسیانێک. یەکێکیان گۆرانی "هەر تۆم دەوێت" لە هۆنراوە و ئاوازی خۆمە و ماوەیەکی زۆرە کارم تێدا کردووە، لەو باوەڕەدام کارێکی باش دەبێت کە ساڵی داهاتوو بە کلیپەوە بڵاوی دەکەمەوە، بەڵام بەرهەمەکانی دیکە پێویستی بە کاتی زیاترە.

**رووداو: ئەم بەرهەمەشت وەکو دوو بەرهەمەکەی دیکەیە کە دوای ئەوەی چوویتە دەرەوە بڵاوت کردنەوە؟**
**سامان عومەر:** لەڕووی ریتم و ستایل وەک ئەوانە، بەڵام رەنگە لەڕووی موزیکەوە جیاواز بێت، چونکە ئەمجارە دەمەوێت زیاتر ئەو ئامێرە هەواییانە بەکاربێنم کە پێشتر کەمتر بەکارم هێناون. دواتر بەرهەمەکانی پێشتر لەگەڵ هونەرمەندی موزیسیان گۆران کامیل لە دەرەوەی وڵات بووە، بەڵام ئەمجارە کاری موزیکیان لە کوردستان بۆ دەکەم، چونکە ئێستا موزیسیان و ستۆدیۆی باش زیاتر لە کوردستانە وەک لە دەرەوەی وڵات کە ئەوەش جێی دڵخۆشییە.

**رووداو: لە ماوەی 7 ساڵی رابردوودا، تەنیا دوو بەرهەمت هەبووە، کەم نییە؟**
**سامان عومەر:** بەدڵنیاییەوە لەو ماوەیەدا بەرهەمم کەم بووە، هۆکاری ئەوەش هەم سەرقاڵی خۆم بووە لە ئەورووپا و پاشانیش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسیی وڵاتەکەمانەوە هەیە، بەڵام توانیومە لەڕێگەی کۆنسێرت و ئاهەنگەوە لە ئەورووپا و کوردستان، بەریەککەوتنم لەگەڵ جەماوەرەکەمدا هەبێت.

**رووداو: ئەوەندەی هەستی پێدەکرێت تۆش لە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەوە بەرەو گۆرانی تاک هەنگاوت ناوە، بۆچی؟**
**سامان عومەر:** راستییەکەی هەموو هونەرمەندێک حەز دەکات ساڵانە ئەلبوومێکی باشی هەبێت، بەڵام بە بڕوای من گۆرانی تاک پەیوەندی بە بارودۆخ و نەبوونی کۆمپانیای بەرهەمهێنەرەوە هەیە.

**رووداو: "ناتوانم و سۆزی درۆ" ستایلەکەیان خاو بوو، ماوەیەکی زۆرە هەر لەسەر ئەو ستایلە کار دەکەیت، بۆچی گۆرانی ریتمی خێرات نییە؟**
**سامان عومەر:** ئەگەر کەمێک چاودێری بەرهەمەکانم بن، پێشتریش هەر بە شێوەی خاو کارم کردووە و گۆرانی شادی وەکو حەزێک بووە لام، چونکە خۆم لەسەر ئەو ریتمە کار ناکەم، جگە لەوە پێویستە کاری هونەریش لەگەڵ رۆحی هونەرمەند بگونجێت و منیش خۆم لەو ستایلەدا دەبینمەوە.

**رووداو: بەرهەمەکانت لەسەر گیرفانی خۆت تۆمار دەکەی؟**
**سامان عومەر:** بەڵێ هەمووی لە ئەستۆی خۆم بوون و پێشتر کۆمپانیای چوارچرا سپۆنسەر بوو، بەڵام ئێستا کۆمپانیاکان زیاتر بۆ کلیپ رەنگە پشتگیری هونەرمەند بکەن.

## کۆمپانیاکان تەنیا بۆ کلیپ پشتگیری هونەرمەندان دەکەن

**رووداو: لە ماوەی ساڵ و نیوی رابردوودا کە شەڕی داعش و کۆبانێ هەبوون، هیچ بەرهەمێکت نەبوو، بۆچی؟**
**سامان عومەر:** راستە بەرهەمم نەبووە، بەڵام بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداریم لە چالاکییەکاندا کردووە، زۆربەی کوردی تاراوگە ئاگادارن کە زۆرترین هونەرمەندانی کوردم کۆکردەوە و کۆنسێرتمان کرد، داهاتەکەشی بۆ کوردی باکوور بوو. جگە لەوەش چەندین ئاهەنگم بێ بەرامبەر بۆ کوردستان کردووە، لە پێناو کۆبانێدا سێ رۆژ لە هێلسنکی مانم گرت.

بۆ گوتنی گۆرانی یاخود سروودیش بۆ برا پێشمەرگەکان دەمەوێت روونکردنەوەیەک بدەم، کۆمەڵێک دەنگ هەیە کە زۆر باشن بۆ گۆرانی نیشتمانی و سروود. مەرج نییە کە دەنگت خۆش بوو ئیدی گۆرانی بۆ پێشمەرگە بڵێی، بەداخەوە لەو ماوەیەدا خەریک بوو لە شکۆی پێشمەرگایەتیش کەم دەکرایەوە، ئەگەرنا منیش دەمتوانی لە ماوەی هەفتەیەکدا بەرهەمێک بۆ پێشمەرگە تۆمار بکەم، بەڵام لەو کاتەدا غەدرم لە هونەرەکەی خۆم و پێشمەرگە و ئەو کەسانەش دەکرد کە ستایلێکی باشیان بۆ بەرهەمی نیشتمانی هەیە.

**رووداو: ئێوە لە خێزانێکی هونەرین، لەوانەش کامەران و نەریمانی برات گۆرانیبێژن، بۆچی گۆرانییەکتان پێکەوە نەگوتووە؟**
**سامان عومەر:** ئەوەش هەر پەیوەندی بە جۆری ستایلەکانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ کامەرانی برام هەمیشە لە بەرنامەماندایە لە هەر شوێنێکی کوردستان بێت کۆنسێرت و ئاهەنگ بکەین.

**رووداو: بەنیازی گۆرانی دوێت نیت؟**
**سامان عومەر:** تائێستا بیرم لێ نەکردووەتەوە و رەنگە پرۆژەیەکی باشیش نەبووبێت، بەڵام ئەگەر کارێکی باش هەبێت زۆر ئاساییە، بێگومان بە هۆنراوە و ئاوازی باش.

**رووداو: ماوەیەکی زۆرە لە میدیاکان دووریت، بۆچی؟**
**سامان عومەر:** لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هەموو میدیا و میدیاکاران، هەر کاتێک پەیوەندییان کردووە پێم باش بووە لەگەڵ بەرهەمی نوێدا چاوپێکەوتن بکەین، جگە لەوەش زۆر دەرکەوتنم لەڕێگەی چاوپێکەوتن و کامێراوە حەز لێ نییە.

**رووداو: ئەگەر پرۆژە هەبێت پێت باشە لە بواری میدیادا وەکو پێشکەشکار دەربکەویت؟**
**سامان عومەر:** لە زۆربەی کەناڵە لۆکاڵ و ئاسمانییە باشەکانەوە پێشنیازیان کردووە بەرنامە پێشکەش بکەم، بەڵام بیرم لێ نەکردووەتەوە، چونکە ئەگەر سەرکەوتوو نەبم کارێکی قورسە.

**رووداو: هەست دەکەیت سەرکەوتوو نابیت یاخود بواری تۆ نییە؟**
**سامان عومەر:** سەرنەکەوتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ئەو بەرنامەیەی پێشکەشی دەکەیت و زۆر جاریش گوتوویانە بۆ نموونە بەرنامەیەک بەناوی سامان شۆ بکە یاخود هەر شێوازێکی دیکە کە خۆت پێت باشە، گوتوومە دەیخەمە بەرنامەوە، بەڵام باشتر وایە لە کاتی گەڕانەوەی یەکجاریم بۆ کوردستان بیخەمە پلانەوە.

**رووداو: هەست دەکرێت کەسێکی راڕایت؟**
**سامان عومەر:** بێگومان لە بڕیاردانلدا زۆر راڕام و هەمیشە ئەو کارانەی دەیانکەم زۆر قەلەقم دەکەن، گۆرانی "ناتوانم" چەندین جار هەمووی تەواو بووە و دووبارەم کردووەتەوە، بەڵام زۆرجاریش سوودم لەو راڕاییە وەرگرتووە.

مەرج نییە کە دەنگت خۆش بوو گۆرانی بۆ پێشمەرگە بڵێی

ئێستا موزیسیان و ستۆدیۆی باش زیاتر لە کوردستان هەن نەک دەرەوە

خۆم لە ستایلی خاودا دەبینمەوە

چەندین جار ویستوومانە لەگەڵ کامەرانی برام کۆنسێرت بکەین

ئەگەر پرۆژەی باش هەبێت حەزم لە دوێتە

# "راوچیی خراپ" سێرەی لە خەڵاتی ئۆسکار گرتووە

**ئاڤا هۆما**
**رووداو – لۆس ئەنگلس**



ئەمە جاری دووەمە کە سەهیم عومەر خەلیفە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی بەهەیبەتی ئۆسکار دەپاڵێورێ. ئەم دەرهێنەرە کوردە تاراوگەنشینە ساڵی رابردووش بۆ کورتە فیلمێک لەلایەن لیژنەی ئۆسکارەوە ناوی خرایە نێو لیستی کاندیداکانەوە.

لە هوتێلێکەوە لە قەتەر، لەڕێی ئای پادەوە بە لەخۆبوردووییەوە قسە دەکات. سەهیم بۆ نمایشی فیلمەکەی ئەم ماوەیە هاتووەتە قەتەر و بەشداریی لە فێستیڤاڵێکدا کردووە.

ئەم دەرهێنەرە تەمەن 35 ساڵە تا ئێستا تەنیا سێ فیلمی دروست کردووە، بۆیە دوو جار پاڵاوتنی بۆ ئۆسکار جێی بایەخە.


"راوچیی خراپ" دەیەوێ کێبڕکێ لەگەڵ 144 کورتەفیلم بکات بۆ ئەوەی خەڵاتی ئۆسکار بباتەوە. ئەم فیلمە کۆمەڵێک خەڵاتی لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا بردووەتەوە وەک مۆنتریال، ڤالاد وەلید، دوبەی، ئوستralیا، لۆس ئەنجلس، لەندەن، نیویۆرک و سان فرانسیسکۆ.

حکومەتی بەلژیکا و وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی دارایی فیلمەکەیان کردووە کە لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنانی بەلژیکی پرایڤت ڤیوو، دروست کراوە. گرتەکانی فیلمەکە لە زاخۆ وێنە گیراون و بە زمانی کوردی تۆمار کراون.

"راوچیی خراپ" چیرۆکی بەهۆز دەگێڕێتەوە کە لە دۆڵەکانی تەنیشتیان خەریکی راوکردنە و بەوە هەم نان پەیدا دەکات و هەم کاتیشی پێ بەسەر دەبات.

سەهیم کە خۆی سیناریۆی فیلمەکەی لەگەڵ فیلمنامەنووسی بەلژیکی، ژان کلاد ڤەن ریژەککهەم، نووسیوە دەڵێت "بەهۆز خۆشحاڵ نییە بەوەی ئاژەڵ راو دەکات، بەڵام هیچی دیکە نییە بیکات. بەهۆز گەنجێکە کە دەبێ خێرا سەردەمی منداڵی بەجێبهێڵێ و گەورە ببێ".

هەر لە کاتی راوکردندایە کە بە رێکەوت دەبینێ چۆن پیاوێکی بەتەمەن دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێکی گەنج. کچەی قوربەسەر نەک هەر تەنیا دەبێ یارمەتیی خۆی بدات بۆ ئەوەی لەو پەلامارە ناجوامێرانەیە رزگاری بێت و بەردەوام بێت لە ژیان، هاوکات دەبێ ئەم رووداوە لە ماڵەوەیان بشارێتەوە.




سەهیم دەڵێت "ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، دووجار دەبنە قوربانی". ژنەکە سەرباری ئەو زیانە جەستەیی و دەروونییەی پێی دەکەوێت، دەبێ ئاگاداریش بێت لەوەی بەدەستی بنەماڵەی خۆی و لە پێناوی پاراستنی ناموسدا نەکوژرێ.

بەڵام لە فیلمەکەدا، ئەم کچە رێگەچارەیەکی باش دەبینێتەوە و راستییەکەی، هۆشیاربوونی وا دەکات خێرا سەرنجی بینەر بۆ خۆی رابکێشێ.

لە ساڵی 2013دا سەهیم "مێسیی بەغدا"ی دروست کرد کە ئەویش بۆ ئۆسکار پاڵێورا، تا ئێستا نزیکەی 60 خەڵاتی بردووەتەوە. چیرۆکی ئەم فیلمە لەبارەی منداڵێکی 10 ساڵانەوەیە کە شەیدای یاریی تۆپی پێ و یاریزانی ئەرژەنتینی لیۆنێل مێسییە.

لە فیلمەکەدا ئەم منداڵە خەون بەوەوە دەبینێ کە رۆژێک ببێتە یاریزان و مێسی لە نزیکەوە ببینێ، بەڵام چونکە پێیەکی لە شەڕدا لەدەست داوە، مەحاڵە ئەو خەونەی بێتەدی.

دواجار رێک لەو کاتەی دەیەوێت سەیری یاریی نێوان بارسێلۆنا و مانچستەر یونایتد بکات، تەلەڤزیۆنەکەی خراپ دەبێت و ناتوانێت یارییەکە ببینێ، بەڵام شتێکی دیکە لە جیاتی ئەوە روودەدات کە سەرنجی بینەر رادەکێشێ.

"مێسیی بەغدا" بۆ زیاتر لە 150 فێستیڤاڵ بانگهێشت کرا و کۆمەڵێک خەڵاتی بردەوە، هەروەک چۆن یەکەم فیلمی سەهیم "وڵاتی پاڵەوانەکان" کە لە ساڵی 2011 بەرهەم هاتووە، بەشداریی زۆر لە فێستیڤاڵەکانی کرد.

بەڵام سەهیم خۆی ژیانێکی دیکەی هەبووە و لەناو فیلمدا گەورە نەبووە. کە منداڵ بوو لە زاخۆ، فیلم و وێنەگرتن زۆری تێدەچوو، ماڵی ئەوان ئەو داهاتەیان نەبوو یارمەتی بدەن.

سەهیم دەڵێت "دایک و باوکم باش بوون و توانیم باوەڕیان پێ بهێنم کامێرایەکم بۆ بکڕن کە من بتوانم لەڕێگەیەوە پارە پەیدا بکەم".

سەهیم ساڵی 2001 رووی لە بەلجیکا کرد، بەڵام لەوێ نەیدەزانی خەریکی چی بێت "چەند کەسێکم دەناسی لە بەلجیکا و پێمگوتن کە حەزم لە فیلمە و ئەوانیش رێنوێنییان کردم و گوتیان لە خوێندنگەی فیلم لە برۆکسل بخوێنە."

ساڵی 2008 سەهیم ماستەری لە دروستکردنی فیلم لە بەلجیکا وەرگرت، بەڵام ئەمە نەیدەتوانی سەرکەوتن بۆ گەنجێکی هەژاری تاراوگەنشین دەستەبەر بکات.

ئەو دەڵێت "من پارەی دروستکردنی فیلمم نەبوو، بەڵام چانسی ئەوەم هەبوو کە دوا فیلمی زانکۆم لە کێبڕکێیەک بردییەوە و دامەزراوەی فیلمی فلێمیش لە بەلجیکا پاڵپشتیی کردم. ئەو پارەیەی بۆ ئەو فیلمە وەرمگرت دەبووایە لە فیلمێکی دیکەی خەرج بکەم و بۆم نەبوو لە خانوو و ئۆتۆمبێل خەرجی بکەم".

سەهیم هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە کورتە فیلمەکانی ببنە جێی سەرنج. ئەو کە چاوەڕێیە ئەمساڵ ئۆسکار ئاوڕێکی جددی لێ بداتەوە، دەڵێت "بەڕاستی ئەمساڵ هیوادارم بگەمە کۆتاییەکان بۆ خەڵاتی ئۆسکار".





دەرباز یونس

## وڵاتێکی بێ فەیسبووک

بۆ رووماڵی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان گەشتمان کرد بۆ دوورگەی سانیا لە چین. گەیشتینە گەورە شاری شانگهای، بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێم دەکرد، ئەو وڵاتە گەورەیە کە لە ریزبەندی یەکەم دێت لەڕووی هەناردەکردنی کەلوپەل بۆ هەموو جیهان، زۆربەی کارمەندانی فرۆکەخانە، هوتێل و شوێنە گەشتیارییەکانی جگە لە زمانی چینی، زمانێکی دیکە نازانن.
دوو رۆژ لە شانگهایماینەوە، ئینجا فڕین بۆ سانیا لە باشووری چین.
ئەگەر لە رووی ئۆنلاینەوە خوێندنەوە بۆ چین بکەین، دەکرێ بڵێین چین لە جیهان دابڕاوە، چونکە بەرفراوانترین تۆڕی کۆمەڵایەتی کە فەیسبووکە، لەوێ کار ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمدارترین وڵاتە. دەکرێ بڵێین دوورگەی سانیاش دابڕاوە، ئاخر نزیکترین شاری گەورە لێیەوە 12 کاژێر بە شەمەندەفەر دوورە، هەر شتێکت پێویست بێت، دەبێت بە فرۆکە برۆی بۆ شارەکانی دیکە.
سانیا ناوچەیەکی گەشتیاریی دڵرفێنە، بەڵام زۆربەی گەشتیارەکانی چینین، زۆربەی گەشتیارانی بیانی روو لە هۆنگ کۆنگ و پەکین و شارە گەورەکانی دیکە دەکەن، ئەستەمە شەوان لەبەر هۆڕنی ئۆتۆمبێل و دەنگی ماتۆڕسکیل خەوت لێ بکەوێ.
رێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان بۆ ساڵی 2015 لە سانیا بەڕێوەدەچوو، بڕیار بوو تەواوی رووداوەکانی ئەوێ بۆ بینەر و گوێگری رووداو بگوازینەوە، بەڵام بەهۆی تێکچوونی ماکبووک-ەکەمان، نەماتوانی رووداوەکان بگوازینەوە. ماکبووک-یش بەرهەمێکی ئەمەریکییە، لە تەواوی چین زۆر بەکەمی دەستدەکەوێت، جا چ لە دوورگەیەکی بچووکی باشووری ئەو وڵاتە.
لەوێ چاوم بە زۆربەی شاجوانەکان کەوت و گفتوگۆم لەگەڵ کردن، زۆربەیان زانیاریی وردیان لەسەر کوردستان هەبوو، دەشیانزانی کە پێشمەرگە شەڕی داعش دەکات. لەگەڵ یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بۆنەکە کە ناوی جۆنز بوو، قسەم کرد و پرسیارم کرد کە بۆچی رێگە نادەن کچانی کورد بەناوی کوردستانەوە بەشداری لەو بۆنەیەدا بکەن؟ ئەویش گوتی کەی کوردستان بووە دەوڵەت دەتوانن بەشدار بن.
دوای ئامادەکردنی چەند راپۆرتێک لەبارەی سانیا و ژیانی خەڵکی ئەوێ، چووینە گوانجۆ، ئەو شارەی کە یەکێکە لە گەورەترین ناوەندە بازرگانییەکانی چین و بەشێکی زۆری ئەو کەلوپەلانەی لە بازاڕەکانی کوردستاندان، لەو شارەوە هاوردە دەکرێن. لە گوانجۆ کاتێک سەردانی بازاڕی هانیۆ دەکەی، وا هەست دەکەی لە کۆتری ئاشتی و قەیسەری هەولێر و گۆڕەپانی نیشتمانیت، ئاخر تەواوی ئەو کەلوپەلانەی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان هەن، لەو بازاڕانەدا دەبینرێن، بەڵام بە چارەگە قیمەت.
لە گوانجۆ چەند بازرگانێکی کوردم بینین، پرسیاری کواڵێتی ئەو کەلوپەلانەم لێدەکردن کە بۆ کوردستان هاوردەی دەکەن، ئەوان هیچیان نەیاندەشاردەوە کە خراپترین کواڵێتی کەلوپەلی چینی بۆ کوردستان هاوردە دەکرێت، بەڵام کەسیان نەیاندەگوت من ئەو کارە دەکەم. خاوەنکار و بازرگانە چینییەکانیش دەیانگوت، ئێمە بەرهەم و کەلوپەل بە کواڵێتی بەرز و نزم دروست دەکەین، هەردوو کواڵێتییەکە بۆ کڕیارەکانمان دەخەینە روو، زۆربەیان خراپەکە هەڵدەبژێرن و گوێ بە کواڵێتی نادەن، ئەوان دەیانگوت کە هەموو کاتێک بەرهەمی هەرزان لەڕووی کواڵێتییەوە خراپە.
لە گوانجۆ و شارەکانی دیکەی چین، چەند کۆمپانیایەک هەن کە کاریان گواستنەوەی کەلوپەلە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوان دەیانگوت ئەو کەلوپەلانەی لە چینەوە بۆ کوردستان هەناردە دەکرێت ژمارەیان خەیاڵییە، من لەو کاتەوە بیرم لەوە دەکردەوە خوا نەکردە ئەگەر سەرۆکی چین لە کوردستان تووڕەبێت و دەرگای هەناردەکردنمان بەسەردا دابخات، خۆ ئێمەی کورد هیچ بەرهەمێکمان نییە. ئەوکات مووچەی سێ مانگمان بەشی کڕینی سپلیتێکی تورکی ناکات.

---

### کاوار ساڵح، بێژەری هەواڵی ئابووری لە رووداو:

# ئەگەر رووداو نەبووایە ئێستا ئەکتەر بووم

کاوار ساڵح، 27 ساڵ، لە شاری مووسڵ لەدایک بووە، بەڵام 15 ساڵە لە ئاکرێ نیشتەجێیە. کاوار دەرچووی بەشی راگەیاندنی پەیمانگەی تەکنیکیی هەولێرە، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کاری شانۆ و سینەمادا هەیە. پێشتر بەشداری لە چەند شانۆگەرییەک و کورتە فیلمێکدا کردووە. ئێستاش داوای لێکراوە بەشداری فیلمێکی سینەمایی بکات.



**رووداو: چۆن رووداوت هەڵبژارد؟**
**کاوار ساڵح:** دوای دەرچوونم لە بەشی راگەیاندن، سووربووم لەسەر ئەوەی لە بوارەکەی خۆم کار بکەم، بۆیە سیڤیم پێشکەشی رووداو کرد و وەکو پەیامنێر وەرگیرام. شەش مانگ پەیامنێری رووداو بووم لە ئاکرێ، بەڵام دواتر لەسەر داواکاریی خۆم، دوای دەرچوونم لە تێستی بێژەری، وەک بێژەر و پرۆدیوسەری بەشی ئابووری دەستبەکار بووم.
**رووداو: بۆچی بەشی ئابووریت هەڵبژارد؟**
**کاوار ساڵح:** حەزم لەو بەشەیە، پێموایە تاوەکو لە راگەیاندن کار بکەم هەر لە بەشی ئابووری کار دەکەم. دەگوترێ لە ئەمەریکا پڕبینەرترین هەواڵ، هەواڵی ئابوورییە، چونکە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە.
**رووداو: ئەگەر لە رووداو داوات لێ بکەن لە بەشێکی دیکە کار بکەی، چ بەشێک هەڵدەبژێری؟**
**کاوار ساڵح:** تەنیا حەزم لە بەشی وەرزش نییە، لەگەڵ ئەوانی دیکە کێشەم نییە، بەڵام حەز و خولیای من زیاتر لە بەشی ئابوورییە، لەبەر ئەوەی بەشەکەمان لە رووداو رۆژ دوای رۆژ گرنگیی زیاتری پێدەدرێت، باس لەوەش دەکرێت لە ئایندەدا کەناڵێکی ئابووری بکرێتەوە.
**رووداو: تۆ هەواڵی ئابووری دەخوێنیتەوە، هیچ شارەزاییت لە ئابووریدا هەیە؟**
**کاوار ساڵح:** دەتوانم بڵێم شارەزاییەکی باشم پەیدا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زیاتر بخوێنمەوە. پێشموایە بەشی ئابووری لە هەموو بەشەکانی دیکە زەحمەتترە و بەرپرسیارێتی زیاترە. راستە من پسپۆڕی ئابووری نیم، بەڵام لەبارەی ئابووری زۆرم خوێندووەتەوە، شارەزاییەکم پەیدا کردووە.
**رووداو: بەنیازی ببی بە بزنسمان، بۆیە بەشی ئابووریت هەڵبژارد؟**
**کاوار ساڵح:** ئامادەکردن و خوێندنەوەی هەواڵی ئابووری و بزنس دوو کاری جیاوازن. بەهۆی بەشەکەمەوە شارەزاییم لە کاری بزنسدا پەیدا کردووە، بەڵام تا ئێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە ببمە بزنسمان.
**رووداو: کەسوکارت لە ئاکرێن و تۆش لە هەولێری، کاریگەری لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکانت نەبووە؟**
**کاوار:** هەمیشە گلەییم لێدەکرێ، بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە کاتی رۆژانەم لە رووداو بەسەر دەبەم، زۆربەی کات ئەوان لە رێگای تەلەفزیۆنەوە من دەبینن. ئەگەر رۆژێک لەسەر شاشە دەرنەکەوم دەبێت ئاگاداریان بکەمەوە، چونکە دایکم دەڵێت دیارە نەخۆشە، بۆیە دیار نییە.
**رووداو: دەڵێن ئەکتەریشی، تا ئێستا لە چەند فیلم و شانۆیی رۆڵت بینیوە؟**
**کاوار ساڵح:** تا ئێستا بەشداریم لە پێنج شانۆیی و سێ کورتە فیلمدا کردووە. یەکەم کاری ئەکتەریم بەشداریکردن بوو لە شانۆگەرییەک بە ناوی (بێ شولێن پڕ شۆل) کە باسی بێکاریی گەنجان دەکات. بەهۆی سەرقاڵیم تا ئێستا چەند فیلم و شانۆگەرییەکم رەتکردووەتەوە، بەڵام بەنیازم بەشداری لە فیلمێکی سینەماییدا بکەم.
**رووداو: زیاتر حەزت لە کاری نواندنە، یان راگەیاندن؟**
**کاوار ساڵح:** دەتوانم بڵێم دوو کاری زۆر لەیەک نزیکن، پێموایە دەتوانم پەرە بە هەردوو کارەکە بدەم. بێگومان ئەگەر تەنیا یەک بوار هەڵبژێرم ئەوە راگەیاندنە، لە راگەیاندنیش بەشی ئابووری. ئەگەر راگەیاندنیش نەبووایە، بەدڵنیاییەوە ئێستا ئەکتەر بووم، بەڵام ئێستا هەم ئەکتەرم و هەمیش بێژەر.
**رووداو: خێزانت پێکەوە نەناوە، بۆچی؟**
**کاوار ساڵح:** ژنهێنان قسمەتە. برادەرەکانم دەڵێن حەزی لە ژنهێنانە، چونکە ماڵی بۆخۆی داناوەو لە کاروباری ناوماڵیش شارەزام. دەتوانم بڵێم لە زۆربەی کچەکان جوانتر و باشتر چێشت لێدەنێم، بۆیە ئەوان دەڵێن لە هیچت کەم نییە، تەنیا ژن نەبێت.
**رووداو: قەت عاشق بووی؟**
**کاوار ساڵح:** لە منداڵییەوە عاشقم، پێموایە تازە سەردەگرێ.
**رووداو: زۆربەی ئەو کارمەندانەی لە دەرەوەی هەولێر هاتوون و وەکو تۆ سەڵتن، لە یەک خانوودان، بەڵام تۆ ماڵی خۆت لەوان جیاکردەوە، بۆچی؟ برادەرەکانت دەڵێن ئامادەکارییە بۆ ژنهێنان.**
**کاوار ساڵح:** مەسەلە جیابوونەوە نییە، بەپێویستم زانی شوقەی تایبەت بەخۆم هەبێت بۆ ئەوەی زیاتر سەرقاڵ بم بەکار و خوێندن، بەڵام بۆ ژنهێنان نییە.
**رووداو: تۆ لە مووسڵ لەدایک بوویت و گەورە بوویت، بەزمانی عەرەبیش خوێندووتە، ئەی چۆن فێری کوردی بوویت؟**
**کاوار ساڵح:** لەگەڵ کارکردنم لە رووداو بەپێویستم زانی زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنەوە فێرببم، واتە دەتوانم بڵێم رووداو قوتابخانەیەک بوو بۆ فێربوونی زمانی دایکم، ئەوەی لە ماوەی 14 ساڵی خوێندن فێری نەبووم لە رووداو فێری بووم، مامۆستاکانم ئێستا زۆر پێیان سەیرە من چۆن بەو ماوە کەمە فێری زمانی کوردی بووم.
**رووداو: لەگەڵ وەرزش چۆنیت؟**
**کاوار ساڵح:** حەزم لە تۆپی پێ نییە و سەیری هەواڵەکانی وەرزش ناکەم، بەڵام رۆژانە بەپێی کات وەرزش دەکەم. ماوەیەک بوو دەچووم بۆ لەشجوانی، پاشان بەهۆی نەبوونی کات کەمێک دوورکەوتمەوە.
**رووداو: هیوا و ئاواتت چییە؟**
**کاوار ساڵح:** دەتوانم بڵێم گەیشتوومەتە زۆربەی ئاواتەکانم، لەوانەیە من کەسێکی بە چانس بم، بەڵام هیوادارم جارێکی دیکە نرخی نەوت بەرز ببێتەوە، چونکە رۆژانە هەواڵی ناخۆش بۆ خەڵک دەخوێنمەوە. حەز دەکەم هەواڵی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ خەڵک بخوێنمەوە، چونکە ئێستا ژیانی خەڵکی کوردستان بەندە بە داهاتی نەوت.

حەز دەکەم هەواڵی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بخوێنمەوە

بەنیازم بەشداری لە فیلمێکی سینەمایيدا بکەم

ئەگەر لە شاشە دەرنەکەوم دایکم تەنگاو دەبێت

بۆ چێشتلێنان لە کچان شارەزاترم

## پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنی رووداو



**رووداو ئەمرۆ:** بەرنامەیەکی مێزگردییە باس لە مژاری رۆژ دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: یەکشەممە تا پێنجشەممە، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: هیوا جەمال

**فیچەر:** (شارێک لە فۆتۆ) ناونیشانی فیچەرێکی 24 خولەکییە لە بارەی فۆتۆگرافەرێکی ئێرانی کە دەچێتە شاری کۆبانی و دیمەنی وێرانکاری و کارەساتی ئەو شارە دۆکیۆمێنت دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 23:30
پرۆدیوسەر: بارزان محەممەد

**نۆرین:** پرۆگرامی ئەم هەفتەیەی نۆرین لەگەڵ پێشمەرگە دەبێت و لە تەندروستیان دەنۆڕێت.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: دکتۆر ئاراس برادۆستی

**وەرزین:** پرۆگرامی ئەم هەفتەیەی وەرزین تایبەتە خولی ئینگلیزی و Boxing Day، هەروەها باس لە ژمارەکانی مەسعود ئۆزێل و جێمس ڤاردی لەو خولەدا دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: رێبوار محەممەد

**دیبەیت:** مژاری دیبەیتەکە: چی بکرێ بۆ ئەوەی ساڵی 2016 بکرێتە ساڵی بەدی هاتنی خەونی نەتەوەیی کورد؟ ئایا ساڵی 2016 ساڵی کۆتایی هاتنی قەیرانەکانی باشووری کوردستان دەبێ؟
کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 22:05

**هەڤپەیڤین:** هەڤپەیڤینێکە لەگەڵ شەریف شەحادە، ئەندامی پەرلەمانی سووریا و کەسایەتی نزیک لە بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریا.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

**مێد ئین کوردستان:** لە پرۆگرامی ئەم هەفتەیە باس کارگەیەکی خواردنەوە گازییەکان لە سلێمانی دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: هێدی کەریم

**دوو ئالی:** لە دوو ئالییەوە باسی گرتنی رۆژنامەڤانانی کورد لە کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات.
کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

**رووماڵی تایبەت:** رووماڵێکی تایبەتە بە پانۆرامای رووداوە گرنگەکانی کوردستان و ناوچەکە و جیهان. هاوکات هاتنی ساڵی نوێی 2016 دەکرێت.
کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 21:05 تاوەکو 3:00.
پێشکەشکار: بێژەرانی رووداو

**چاوی رووداو:** لە هەر ئەڵقەیەکی چاوی رووداودا چوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.
کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەدئەمین

Nilesat
HD : 10892 H 27,500 F:4/3
SD : 12604 H 27,500 F: 5/6

HotBird
Frequency: 11317
Polarity: Vertical
SR: 27,500
FEC: 3/4

Turksat
Frequency: 12729
Polarity: Horizontal
SR: 27,500
FEC: 5/6

Optus D2
Frequency: 12608
Polarity: Horizontal
SR: 27,500
FEC: 4/3

Galaxy 19
Frequency: 11929
Polarity: Vertical
SR: 27,500
FEC: 4/3

فریکوێنسەکانی تەلەفزیۆنی رووداو


Empire
Building the Future World
بە قیستی درێژخایەن
لە ئیمپایەر ۆرڵد بژی
www.empireiraq.com
0750 640 8811 - 8822 - 8833


SIDAR
AGENCY
for advertisement and media production
سیدار ئێجێنسی، کۆمپانیای تایبەت بە کاری ڕێکلام و مارکتینگ و بەرهەم هێنانی میدیایی، تاکە بریکاری سەرەکی تۆڕی میدیایی رووداوە، بۆ ڕێکلام کردن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و پۆرتاڵی رووداو.
RÛDAW
بۆ ڕێکلام کردن
لە تۆڕی میدیایی
ڕووداو
دەتوانن پەیوەندی بکەن بە :
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11


seasons
world cuisine
divan
erbil
CHOPIN
Piano Bar
DECEMBER 31st
EXTRAVAGANT BUFFET & BUBBLY TOAST AT MIDNIGHT
95 $ Plus Soft Drinks
125 $ + Alcoholic Beverages + Midnight bubbly toast
JANUARY 1st
New Year Brunch
60 $ non-alcoholic Soft Drinks
90$ + Alcoholic Beverages
FOR RESERVATIONS :
0750 207 0038
DECEMBER 31st
Open Bar
Dips Salad & Cold Meats
Selection Of Cold Cuts Meat
Salmon Counter
Assorted Sushi & Sashimi
Pass Around Delight Hot Canapé
Bubbly Toast At Midnight
$95
Live Music Band
HAPPY NEW YEAR
2016
all prices are exclusive of %10 service charge


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا کراوەیە
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND

## ژنانی ئاوارە تواناکانیان نمایش دەکەن

**ڕووداو- سلێمانی**

"بەشدار بە لە بەرزکردنەوەی داهاتی ژنانی ئاوارە و پەنابەران" دروشمی ئەو پێشانگایە بوو کە ڕۆژی 2015/12/27 ڕێکخراوی ریچ بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی UNHCR و Dayakoni، لە بەردەم باخی گشتی سلێمانی بۆ کارە دەستییەکانی ژنانی ئاوارە و پەنابەرانیان کردەوە. دەروون ڕەمەزان کارمەندی ڕێکخراوی ریچ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە ئەو پێشانگایەیان بۆ دەرخستنی تواناکانی ژنانی ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق کردووەتەوە کە پێشتر چەند خولێکی هونەری و ئیشی دەستیان بۆ کردوونەتەوە.



ڕووداو
ژنان
ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28

# کچێک خۆبەخشانە شەقامەکانی هەڵەبجە پاک دەکاتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

کچە خوێندکارێکی زانکۆی هەڵەبجە هەفتانە دوو ڕۆژ بەشێوەیەکی خۆبەخش دەست دەداتە گسکێک و لەگەڵ دوو کارمەندی بە تەمەنی ژینگەپارێز شەقامەکانی هەڵەبجە پاک دەکاتەوە.

دێکان سدیق، 21 ساڵ، خەڵکی سلێمانییە و قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی پیشەسازیی خۆراکە لە کۆلێژی تەکنیکیی زانکۆی هەڵەبجە. دێکان بڕیاری داوە بۆ ماوەی ساڵێک بەبێ هیچ بەرامبەرێک شەقامەکانی هەڵەبجە پاک بکاتەوە.

ڕۆژی 2015/11/28 ، دێکان بڕیاری دا جلێکی هاوشێوەی جلی کارمەندانی ژینگەپارێز بپۆشێت و گسکێک بەدەستەوە بگرێ بۆ ئەوەی شەقامەکانی هەڵەبجە پاک بکاتەوە. ئەو کچە دەڵێت دوو ئامانجی لەو کارەی هەیە "یەکەمیان خزمەتکردنی هەڵەبجە، دووەمیشیان ویستم بۆ خەڵکی بسەلمێنم ئەو کارە عەیب نییە، بەداخەوە لێرە زیاتر خەڵکانی بیانی ئەو کارە دەکەن و خۆمان نایکەین".

پاککردنەوەی شاری هەڵەبجە بە کۆمپانیای گلاس سپێردراوە و 120 کرێکار لە ڕۆژانی شەممە تا پێنجشەممە کار دەکەن، دێکانیش لەبەر خوێندنەکەی، تەنیا ڕۆژانی یەکشەممە و سێشەممە لە کاژێر یەکی دوای نیوەڕۆ تا کاتی تەواوبوونی کارەکەیان لەگەڵ دوو پاککەرەوەی دیکە کار دەکات.

دێکان سەرەتا چووەتە لای کوێستان ئەکرەم، جێگری سەرۆکی شارەوانی و بیرۆکەکەی بۆ باس کردووە، کوێستان پێشنیازی کردووە کە لە پارکەکانی هەڵەبجە کار بکات، بەڵام ئەو سوور بووە لەسەر ئەوەی وەکو ئەوانی دیکە شەقام پاک بکاتەوە.

دێکان گوتی "بەهیچ شێوەیەک مەبەستم خۆدەرخستن نییە، تەنانەت ویستیشم بە نهێنی بێت و لای نزیکترین هاورێشم باسم نەکرد، سەرەتا بە ماڵەوەشم نەگوت، بەڵام دواتر کە زانییان پێیان خۆش بوو، ئەگەر بەدڵیشیان نەبووایە هەوڵم دەدا ڕازییان بکەم".

بەڕێکەوت لەلای هاوڕێکانی ئاشکرا بووە کە شەقام پاک دەکاتەوە. دێکان گوتی "ڕۆژی یەکشەممە بوو، بەفر دەباری و سەرقاڵی کارکردن بووم، هاوڕێکانم دەڕۆیشتن بۆ شەڕە تۆپەڵ، هەرچەندە زۆریش حەزم لێبوو، بەڵام لەبەر ئیشەکە نەڕۆیشتم، لەو کاتەشدا پاسی زانکۆ بەلاماندا ڕۆیشت، هاوڕێکانم منیان بینی و زۆریان بەلاوە سەیر بوو".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

عەبدولڕەحمان ئەحمەد، 63 ساڵ کە کارمەندێکی ژینگەپارێزە و لەگەڵ دێکان کار دەکات، دەڵێت "دێکان لە ئیشکردن زۆر ئازایە، بەڵام خەڵک زۆریان بەلاوە سەیرە و هەموو ڕۆژێک دەڵێن بۆچی ئەو کچە هاتووە ئەو ئیشە دەکات؟ ئێمەش دەڵێین خۆی حەزی لە ئیشەکەیە".

ئەو پاککەرەوەیەی دیکەش کە لەگەڵ دێکان کار دەکات، تەمەنی 45 ساڵە، بەڵام کارکردنیان ڕێکەوت بووە نەک بە مەبەست، دێکان گوتی "کارکردنم لەگەڵ ئەوان بەڕێکەوت بوو، چونکە بەلامەوە گرنگ بوو لەگەڵ کارمەندانی کورد بم، نەک بەنگلادیشی و نیپاڵییەکان، لەبەرئەوەی باشتر لەیەکتر تێدەگەین، ڕاستە تەمەنمان جیاوازە، بەڵام بەیەکەوە زۆر ئاسوودەین".

دێکان باسی تێڕوانینی خەڵک دەکات بۆ کارەکەی و دەڵێت "جگە لەوەی زۆربەیان بەلایانەوە سەیرە، هەندێک بەلامدا دەڕۆن وا دەزانن ئاوارەی عەرەبم، بەڵام کاتێک بە کوردی وەڵام دەدەمەوە پێیان سەیرە و هەندێکیشیان دەڵێن پێویستیت بە پارەکەیە؟ هەندێکیش تەعلیقم لێدەدەن، ئەوەش ئاساییە".

دێکان کە تەنیا مانگێکە ئەو کارە دەکات، باسی گرفتی پاککەرەوەکان دەکات و دەڵێت "تێڕوانینی خەڵک بەرامبەریان باش نییە، خەڵک هەیە دێتە بەردەمیان بە ئەنقەست شت فڕێ دەدات، تەنیا بۆ ئەوەی ئەوان هەڵیبگرنەوە".

دێکان بڕیاری داوە بە درێژایی قۆناغی دووەمی لە زانکۆ ئەو کارە بکات "دەوامی ئەمساڵم دەزانم چۆنە، بەڵام نازانم بۆ ساڵی داهاتوو خوێندنەکەم چۆن دەبێت، بۆیە ئەگەر بۆم گونجا ساڵی داهاتووش بەردەوام دەبم".

کوێستان ئەکرەم، جێگری سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی گوت، کاتێک دێکان سەردانی کردووە، پێشنیازی بۆ کردووە لە باخچە و فەرمانگەکان کار بکات، بەڵام ئەو داوای کردووە شەقامەکان پاک بکاتەوە. کوێستان گوتی "سەرەتا کۆمپانیاکەش گومانیان هەبوو بتوانێت لە کارەکەیدا جددی بێت و خۆیشم تا 20 ڕۆژ هەواڵیم نەزانی و دواتر کە پرسیارم کرد گوتیان بەردەوامە".

دێکان تەنیا لە دەرەوە لە خەمی پاکڕاگرتنی ژینگە و پاکوخاوێنیدا نییە، بەڵکو وەک چیمەن حەمە کەریمی دایکی باسی کرد، لە ماڵەوەش بەهەمانشێوە حەزی لە پاکوخاوێنییە، دایکیشی ئەو کارەی کچەکەی بەلاوە ئاساییە و گوتی "مادام خۆی حەزی لە کارەکەیە، بەلامانەوە ئاساییە".

# ژنە ئەندازیارێک بە دەمانچەی باوکی، خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

"بۆت مۆر دەکەم ژنێکی دیکە بهێنە، تەنیا تەڵاقم مەدە". ئەو داد و پاڕانەوەیەی ڕێژین هیچ سوودی نەبووە و مێردەکەی سوور بووە لەسەر تەڵاقدانی، بۆیە ئەو ژنە لە ماڵی باوکی و بە دەمانچەکەی باوکی، کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ.

ڕێژین ئازاد مەحموود، تەمەن 26 ساڵ، دانیشتووی شاری هەولێر و دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بوو، دوای ئەوەی هەواڵی تەڵاقدانی پێدەگات، کاژێر 7ی ئێوارەی ڕۆژی 2015/12/18 لە گوندی بایزاغای سەر بە ناحیەی دێگەڵە خۆی دەکوژێت.

ئازاد مەحموود، باوکی ڕێژین گوتی، ئەوان لە شاری هەولێر دادەنیشن، بەڵام لە گوندی بایزاغا باخ و خانوویان هەیە و لە ڕۆژانی پشوو و بۆنەکاندا دەچنەوە گوندەکەیان. ئەو ڕۆژە میوانیشیان هەبووە، لە کاتێکدا ئەوان خەریکی بەڕێکردنی میوانەکانیان بوون، ڕێژین لە ژوورەوە بە دەمانچەکەی ئەو خۆی کوشتووە.

بە گوتەی باوکی، ڕێژین لە سەرەتای ئەمساڵدا شووی بە کوڕێک کردووە بە ناوی (ن) کە دەرچووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بووە و دانیشتووی قەزای دووکان بووە.

بەڵام باوکی ڕێژین دەڵێت هیچیان دانەمەزرابوون، کوڕەکە ئیشی دەکرد، بەڵام باری داراییان باش نەبوو، بەو هۆیەش زۆرجار کێشە لە نێوان کچەکەی و زاواکەیان ڕوویداوە.

ئازاد گوتی "لەبەرئەوەی باری داراییان باش نەبوو، هەردووکیان گلەییان لە یەکدی هەبوو، لای ئێمەش باسیان دەکرد، ئێمەش ئەوەی پێویست بێت بۆمان دابین دەکردن، بەڵام هەر بەهۆی نەبوونییەوە کچەکەم تووشی نەخۆشی دەروونی بوو".

دوای ئەوەی ڕێژین تووشی "نەخۆشیی دەروونی" دەبێت، مێردەکەی دەینێرێتەوە ماڵی باوکی. باوکی ڕێژین کچەکەی دەباتە لای پزیشکی دەروونی، بەڵام دەڵێت زاواکەی چاوەڕێی چاکبوونەوەی ڕێژینی نەکردووە و لە دادگا سکاڵای جیابوونەوەی تۆمار کردووە.

ئەوەی ڕێژین بیری لێ نەدەکردەوە، جیابوونەوە بووە لە مێردەکەی. باوکی ڕێژین دەڵێت "هەرچەندە دۆسیەیان لە دادگا بوو، بەڵام ڕێژین هەر خەیاڵی لەلای ئەوە بوو بگەڕێتەوە لای مێردەکەی".

ئازاد باسی لە تکایەکی کچەکەی کرد کە لە دانیشتنێکی خێزانیدا بە مێردەکەی گوتووە "مەمبەرەوە لای خۆت و پەنجە مۆریشت بۆ دەکەم بڕۆ ژنێکی دیکە بهێنە، تەنیا تەڵاقم مەدە".

بەڵام (ن) هەر سوور بووە لەسەر بڕیارەکەی خۆی. ڕۆژی 2015/12/15 دادوەری دادگای دووکان بڕیاری جیابوونەوەی ڕێژین و مێردەکەی دەدات. باوکی ڕێژین گوتی "کاتێک ئەو هەواڵەمان پێگەیشت، ئیدی ڕێژین بە تەواوی بێهیوا بوو، دوو ڕۆژ بوو هەر دەگریا".

باوکی ڕێژین، زۆر دڵی کچەکەی داوەتەوە، بەڵام سوودی نەبووە. ئازاد گوتی "کچەکەم دەیگوت باشە من ئەگەر تەڵاق بدرێم، بە چ ڕوویەک بچمە نێو خەڵک. کاتێکیش وایدەگوت ئێمە نموونەی چەند ژنێکی دەوروبەری خۆمان بۆ دەهێنایەوە کە تەڵاقدراون، بەڵام سوودی نەبوو، چونکە بەهۆی جیابوونەوەکە باری دەروونی تەواو ئاڵۆز بوو بوو".

ئازاد باسی ئەو کاتە دەکات کە کچەکەی خۆی کوشتووە و دەڵێت "ئەو ڕۆژە چووبووینەوە گوندەکەی خۆمان، ماڵی خوشکێکی خۆشم داوەت کردبوو. ئەو چەند ڕۆژەش زانیم باری دەروونیی ڕێژین باش نییە، دەمانچەکەم لەناو ئۆتۆمبێلەکە دانابوو. دوای بانگی مەغریب لەگەڵ ئێمە میوانەکانی بەڕێکرد، ئێمە ئاگامان لێ نەبوو بە تەنیا چووبووە دەرەوە، دەنگی تەقە هات و یەکسەر دەمانچەکەم بیر کەوتەوە، کە چووین بینیمان ڕێژین دەمانچەکەی لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێناوە و خۆی کوشووە".

وەک باوکی ڕێژین باسی کرد، ڕێژین پێشتریش هەڕەشەی خۆکوشتنی کردبوو، بەڵام ئەوان هەڕەشەکەیان بە جددی وەرنەگرتبوو، لەو باوەڕەدا نەبوون خۆی بکوژێ.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 12 ژن لە سنووری پارێزگای هەولێر خۆیان کوشتووە.

گوندی بایزاغا سەر بەناحیەی دێگەڵەیە. بنکەی پۆلیسی دێگەڵەش لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە دەکەن. سەرچاوەیەک لەو بنکەیە بە (ڕووداو)ی گوت "لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە بەردەوامە، بەڵام ماڵی باوکی کوژراوەکە سکاڵایان لە دژی هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە".

ئازاد مەحمود گوتی "سکاڵامان لە دژی زاواکەمان تۆمار نەکردووە، چونکە تازە کچەکەم ڕۆیشت و هەر شتێک بکرێت سوودی نییە".





## منداڵێک لە بیرێکدا دەخنکێت

**رووداو- هەولێر**

منداڵێکی تەمەن شەش ساڵان کە دانیشتووی گوندی دۆڵەبەکرەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە بوو لە پارێزگای هەولێر، لە یەکێک لەناو بیرەکانی گوندەکەدا تەرمەکەی دۆزرایەوە.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند "منداڵێک بە ناوی ئەحمەد کامەران کە تەمەنی شەش ساڵە، لە گوندی دۆڵەبەکرەی سەر بە ناحیەی قوشتەپە، کاژێر چواری ئێوارەی رۆژی 2015/12/26 بزر بوو، رۆژی دواتر لە یەکێک لە بیارەکانی گوندەکەیان تەرمەکەی دۆزرایەوە".

# لە ماڵی خوشکەکەیدا خۆی کوشت

**عومەر چاوشین**
**رووداو – حاجیاوا**

"ژیانم ناوێ، ژیان بەس بۆ بێ نرخەکانە. خواتان لەگەڵ داوای لێبووردن لەو کەسانە دەکەم کە ئازارم داون و بەهۆی منەوە خەمیان خواردووە. ماڵئاوا". ئەمە بەشێکی دوا پۆستی بەرهەمە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پێش ئەوەی لە ماڵی خوشکەکەی بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێ.

بەرهەم نووسیویەتی "خوات لەگەڵ دایە گیان، هیچ خەم مەخۆ، ئەوەی دەیکەم بۆ من زۆر باشترە، قوربانت بم دایە".

بەرهەم عومەر ئیسماعیل، 18 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی دابانی ناحیەی حاجیاوا، رۆژی 2015/12/17 لە ماڵی خوشکەکەیدا لە ناحیەی چوارتا بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. پۆلیس دەڵێت تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆکوشتنی ئەو گەنجەیان بۆ ئاشکرا نەبووە، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن لەبەر بێکاری، خۆی کوشتووە.

کەسوکاری ئەو گەنجە دەڵێن کوڕەکەیان باری دەروونیی زۆر باش بووە و کێشەی نەبووە، بۆیە خۆکوشتنەکەی تووشی شۆکی کردوون.

حەسەن ئیسماعیل، مامی ئەو گەنجە دەڵێت، بەرهەم پێشتر چووەتە قەندیل و بووەتە گەریلا، بەڵام دواتر وازی هێناوە. بەم دواییەش ویستی بچێتە ریزەکانی یەپەگە لە رۆژئاوای کوردستان، بەڵام پەشیمان بووەوە و بڕیاری دا ژن بهێنێ. کاتێک ئەو بابەتەی لەلای کەسوکارەکەی باس کردووە، پێیانگوتووە کارێک بکە، ئینجا ژنت بۆ دێنین.

حەسەن پێیوایە کەس بەرپرس نییە لە خۆکوشتنی ئەو گەنجە "تەنیا ئەوەیە لە ژیان بێزار بووە و خۆی کوشتووە".

ئارام عومەر، برا گەورەی بەرهەم چیرۆکی خۆکوشتنی براکەی گێڕایەوە و گوتی "لەسەر داوای بەرهەم چووین بۆ ماڵی خوشکەکەم لە چوارتا، نزیکی ئێوارە داوای سویچی ئۆتۆمبێلەکەی کرد، گوتی لەناو سەیارە بەتەلەفۆن قسە دەکەم، منیش گوتم فەرموو، دواتر ویستمان بڕۆین بۆ بازاڕ، بەڵام ئەو نەهات، کاتێک لە بازاڕ بووین، تەلەفۆنیان بۆ کردین کە بەرهەم خۆی کوشتووە".

بە گوتەی ئارام، براکەی لە رێی فەیسبووکەوە کچێکی ناسیوە و پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە، پێشتر لە ماڵەوە باسی کردووە کە دەیەوێ ئەو کچە بهێنێ.

ئارام گوتی "دوای رووداوەکە کچەکە پەیوەندی بە خوشکێکمەوە کردبوو کە بۆچی چەند رۆژە بەرهەم هیچ دەنگ و باسی نییە و مۆبایلەکەی داخراوە؟ ئەویش پێیگوتبوو بەرهەم خۆی کوشتووە، بەڵام کچەکە باوەڕی نەکردبوو، گوتبووی بەرهەم خۆی نەکوشتووە، ئەو زۆر ئومێدی بە دونیا هەبوو، ئێوە دەتانەوێ ئێمە بۆ یەک نەبین".

ئارام کە مامۆستایە لە زانکۆی دهۆک، باسی هۆکاری خۆکوشتنی براکەی دەکات و دەڵێت "بە بەرهەممان گوت، کارێک بدۆزەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر چووین بۆ خوازبێنی ئەو کچە و پرسیاریان لێکردین کوڕەکەتان چ کارەیە، بتوانین وەڵامیان بدەینەوە. لە دەرگای زۆر کەسمان دا بۆ ئەوەی بەرهەم وەکو پێشمەرگە یان پۆلیس دابمەزرێ، بەڵام کەس دەرگای لێ نەکردینەوە، بۆیە دەڵێم بێ ئومێدبوونی براکەم لە دەستکەوتنی کارێک، وایکرد بیر لە کارێکی هەڵەی وەکو خۆکوشتن بکاتەوە".

نەقیبی پۆلیس سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "ئەو گەنجە لە ماڵی خوشکی لە ناحیەی چوارتا خۆی کوشتووە، بەڵام تا ئێستا هۆکاری خۆکوشتنەکەی روون نییە، بەو هۆیەی هەفتەی رابردوو پشوو بوو، لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە دواکەوت و دوای تەواوبوونی پشووی پۆلیس لێکۆڵینەوە دەکات".



### دوا پۆستی بەرهەم:

"بێ ئەقڵترین کەس ئەو کەسەیە دڵی بە دونیا خۆشە. گەورەترین هەڵەی من ئەوە بوو کە بیرم لە باشە دەکردەوە. چی لەو کەسانە بکەم کە منیان نەویست و لەگەڵم گۆڕان. باش بزانن بەهەموو شێوەیەک پشتم دەگرتن. ئامادە بووم ژیانی خۆم بکەمە قوربانی ئێوە، بەڵام نەمزانی رۆحی من زۆر بێ نرخە لای ئەو کەسانە. دوای من چی دەبێ با ببێ. لێرەوە بۆتانی جێدێڵم. قەینا لەم دونیایە بێ نرخ بووم و ژیانم خۆش نەبوو. با دونیاکەی دیکەشم هەر وا بێت. ژیانم ناوێ ژیان بەس بۆ بێ نرخەکانە. خواتان لەگەڵ داوای لێبوردن لەو کەسانە دەکەم کە ئازارم داون و بەهۆی منەوە خەمیان خواردووە. ماڵئاوا".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## خۆشەویستییەکی شێتانە

بنکەی پۆلیسی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، دۆسیەی کوڕ و کچێکیان بۆ ناردین کە 18 ساڵیان تەواو نەکردبوو، دەیانویست بە یەکەوە گەشتی تورکیا بکەن و کاتێکی خۆش بەسەربەرن، بەبێ ئەوەی کەسوکاریان ئاگادار بن.

کاتێک قسە لەگەڵ کوڕەکە کرا، گوتی "شەش مانگ لەمەوبەر لە رێگەی فەیسبووکەوە ئەو کچەم ناسی. من لە شارێک بووم و کچەکە لە شارێکی دیکە. پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانمان دروستبوو، رۆژ بە رۆژ پەیوەندییەکەمان بەهێزتر دەبوو، دەمویست سەردانی کچەکە بکەم، بەڵام ئەو بە هیچ شێوەیەک رازی نەدەبوو، دەیگوت کەسوکارم کێشەمان بۆ دروست دەکەن".

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، کوڕەکە ئەوەی بە خەیاڵدا دێت کە پێکەوە گەشت بکەن و لە دەرەوەی کوردستان یەکدی ببینن. بۆیە داوا لە کچەکە دەکات کۆپییەکی پاسپۆرتەکەی بۆ بنێرێ، بۆ ئەوەی تکتی فڕۆکەی بۆ ببڕێت و سەفەری تورکیا بکەن.

کچەکە بیرۆکەکەی بەدڵ دەبێت و ئەو پارەیەی رۆژانە لە باوکی وەریدەگرێ، پاشەکەوتی دەکات بۆ ئەوەی گەشتی پێ بکات.

کاژێرێک بەر لە گەشتەکەیان دەگەنە فڕۆکەخانە، بەڵام لە کاتی پێشکەشکردنی پاسپۆرت بە خاڵی کۆنترۆڵی پاسپۆرتی فڕۆکەخانە، کارمەندی کۆنترۆڵ پێیاندەڵێت ببوورن ئێوە ناتوانن بەبێ کەسوکارتان گەشت بکەن، چونکە تەمەنتان لە 18 ساڵ کەمترە.

کوڕەکە و کچەکە هیچیان نەدەوێران بگەڕێنەوە ماڵەوە، تەلەفۆنێکی زۆریان بۆ کرابوو، نەیانوێرابوو وەڵام بدەنەوە، بۆیە نێردرابوون بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەولێر، بۆ ئەوەی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکرێ.

کچەکە تەمەنی 17 ساڵان بوو، قسەکانی کوڕەکەی دووپاتکردنەوە و گوتی "ئێمە شەش مانگە یەکدی دەناسین و خۆشەویستی یەکدین، بەڵام تەنیا دوو کاژێرە یەکترمان بینیوە. ئێستاش ناوێرم بگەڕێمەوە ماڵەوە، چونکە لە ماڵی ئێمە ئەوەی باس نەکراوە شووکردنی من بووە، دایک و باوکم هەموو خۆزگەیەکیان ئەوەیە خوێندنەکەم تەواو بکەم. خۆشەویستیم بۆ ئەو کوڕە وایکرد بڕیارێکی هەڵە بدەم".

دۆسیەکەیان رەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کرا. بۆ سەلامەتیی گیانی ئەو کوڕ و کچە دادوەر بڕیاری دا کوڕەکە بخرێتە زیندانی چاکسازیی نەوجەوانان، چونکە هیچ شەڵتەرێکی تایبەت بە پیاوان لە کوردستان نییە، کچەکەش رەوانەی ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو کرا.

کاتێک پەیوەندی بە کەسوکاری کچەکە و کوڕەکەوە کرا، زۆر پەشۆکابوون، ئەوان وایاندەزانی رفێندراون یان شتێکیان لێ بەسەرهاتووە، بەڵام دواتر پێیان گوترا کە هەردووکیان سەلامەتن و ژیانیان پارێزراوە، بەڵام پێویستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بکەن.

کەسوکاری کوڕ و کچەکە لە کاتی دیاریکراو ئامادەبوون، دوای ئەوەی بەسەرهاتی منداڵەکانیان بیست، هەرلەوێ بڕیاری ئاشتەواییان دا و بەڵێنیان دا کوڕەکە و کچەکە لە یەکدی مارە بکەن. بەڵێننامەش بە هەردوولا پڕکرایەوە کە هیچ بەسەر ئەو کوڕ و کچە نەهێنن. کارەکە بەخێر بۆ کچ و کوڕەکە تەواو بوو، خێزانیان پێکەوە نا.

بەپێی رێنمایی یاسایی، هەر کەسێک تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر بێت، ناتوانێت بەبێ دایک و باوکی گەشت بکات. ئەو کەسە دەتوانێت لەگەڵ کەسێکی دیکە گەشت بکات، ئەویش دوای رەزامەندی دایکی و باوکی، ئەمەش لەڕێگەی دادنووسی رێکدەخرێ. سەبارەت بە گرێبەستی هاوژینیش، هەر کەسێک تەمەنی لە (18) ساڵ کەمتر بێت، پێویستە رەزامەندی باوکی یان سەرپەرشتیارەکەی هەبێت.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# گەنجێک لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکوژرێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**



گەنجێکی دانیشتووی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای خەبات بە چەقۆ و گوللە دەکوژرێ. بکوژانی گەنجەکە پاش رووداوەکە خۆیان دەشارنەوە و پۆلیسیش دەڵێت ئەو گەنجە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوژراوە. هەروەها ژنێک کە پەیوەندی بە رووداوەکە هەبووە و مەترسیی کوشتنی لەسەرە، لەلایەن پۆلیسەوە رزگار کراوە.

(سامان.س) تەمەن 27 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای خەبات کە شوفێری کۆمپانیایەکی نەوت بوو، کاژێر 1:30 خولەکی شەوی 2015/12/21 تەرمەکەی لە دەرەوەی ناحیەکە دۆزرایەوە کە شوێنەواری چەقۆ و گوللە بە جەستەیەوە دیار بووە. سامان، نزیکەی ساڵ و نیوێکە ژنی هێناوە و منداڵێکی هەبوو.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی گوت "شوێنەواری چەقۆ و فیشەک بە جەستەی کوژراوەکەوە دیار بوو. لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیشدا دەرکەوتووە لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژراوە".

سەرچاوەیەک لە ناحیەی رزگاری بە (رووداو)ی گوت "ئەو گەنجە پێش ئەوەی بکوژرێ لە ماڵی ناسیاوێکیان بووە، گومان دەکرێ پەیوەندی لەگەڵ ژنی ماڵی ئەو ناسیاوەیاندا هەبووبێ. کاتێک براکانی پیاوەکە زانیویانە سامان لەو ماڵەیە، یەکسەر چوونەتە ئەوێ و چەند چەقۆیەکیان لێداوە، دواتر بردوویانەتە دەرەوە و بە فیشەک کوشتوویانە".

دوای رووداوەکە، پۆلیس گەیشتوونەتە شوێنی رووداوەکە و ژنەکەیان بردووە.

نەقیب هۆگر عەزیز گوتی "ژنەکە لە لێکۆڵینەوەدا گوتی ئەو پیاوە بە مەبەستی دزینی پارە و زێڕ هاتووەتە ماڵمان".

سەبارەت بە هۆکاری بردنی ژنەکەش، نەقیب هۆگر گوتی "ماڵی باوکی ژنەکە بە نیازبوون ژنەکەش بکوژن، بەڵام پۆلیس بۆ پاراستنی گیانی، لە شوێنێکی نهێنی دەیپارێزێ".

کەسێکی نزیک لە خێزانی کوژراوەکە کە رازی نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، رەتیکردەوە سامان پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژنەدا هەبووبێت. ئەو کەسە بە (رووداو)ی گوت "ئەو قسانەی لەبارەی سامانەوە دەکرێن، دوورن لە راستی. باشە ئەگەر سامان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو ژنەدا هەبووبێ، بۆچی تەنیا سامانیان کوشت، بۆچی ژنەکەیان نەکوشت؟ بۆیە کەسوکاری سامانیش نازانن کوڕەکەیان لەبەرچی کوژراوە".

ئەو کەسە لەبارەی شێوازی کوشتنی سامان دەڵێت "بە چەقۆ و چەکوچ و فیشەک، بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کوژراوە، وەک ئەوەیە تیرۆریان کردبێت".

هەر بەپێی زانیارییەکانی ئەو کەسە نزیکەیان، سامان پێش رووداوەکە لەگەڵ برایەکیدا بووە و پاشان پەیوەندییەکی پێوە کراوە و رۆیشتووە و گوتوویەتی "دەڕۆم بۆ لای هاوڕێیەکم".بەڵام ئەوە دوا رۆیشتنی بووە. ئەو کەسە گوتی "ئەو برایەی زۆر لێیەوە نزیکە و لە خانوویەکدا پێکەوە دەژین، ئەگەر سامان هەر کێشەیەکی هەبووایە، براکەی و خێزانەکەی دەیانزانی".

بە گوتەی کەسە نزیکەکەی سامان، سامان بە "فێڵ و پیلان" بردراوە بۆ ئەو ماڵە و لەوێ کوژراوە. ئەو کەسە گوتی "تا ئێستا بکوژانی سامان دەستگیرنەکراون، پۆلیس تەنیا ژنێکی ماڵەکەی دەستگیرکردووە، نازانین بۆچی دەستگیریان کردووە. داواکارین پۆلیس بە زووترین کات بکوژانی سامان دەستگیر بکات".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی کوشتنی سامان بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچووە، نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر گوتی "تا ئێستا دیار نییە لەلایەن کێوە کوژراوە، بۆیە پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بۆ ئەوەی بزانێت چەند کەس لە تاوانەکەوە گلاون، بۆ ئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەربکات".

(رووداو) هەوڵی دا رای ئەوانە وەربگرێت کە تۆمەتبارن بە کوشتنی سامان، بەڵام تۆمەتبارەکان لەدوای رووداوەکەوە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتوون.

دەڵێن لە ئینگلیزی دەرنەچووبوو

# قوتابییەکی قۆناغی ئامادەیی خۆی دەخنکێنێ



پشتیوان جەمال
ڕووداو – چەمچەماڵ

قوتابییەکی قۆناغی ئامادەیی بە پەتێک خۆی دەخنکێنێ و باوکیشی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە قوتابخانە لە وانەی ئینگلیزی دەرنەچووە.

بەهەست ئازاد، 21 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی قادرکەرەمییەکانی شارۆچکەی چەمچەماڵ و قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو. پێشنیوەڕۆی 2015/12/21 لە خانوویەکی خۆیاندا لە چەمچەماڵ بە حەبلێک خۆی خنکاند.

ئازاد عومەر، باوکی بەهەست لە سێیەم ڕۆژی پرسەی کوڕەکەیدا کە سەرقاڵی پێشوازی بوو لە میوانانی، بە (ڕووداو)ی گوت، کوڕەکەی لە وەرزی ڕابردووی خوێندندا لە پۆلی شەشی ئامادەیی بووە و تێکڕای نمرەکانیشی 74 بووە، تەنیا لە وانەی ئینگلیزی دەرنەچووە، هەر ئەوەش بە تاکە هۆکار بۆ خۆکوشتنی دەزانێت "بەهەست تاکە ئاواتی ئەوە بوو بە زانکۆ بگات، بەڵام ئەمساڵ کە نمرەکانی وەرگرتەوە لە ئینگلیزی دەرنەچووبوو، ئیدی زۆر بێتاقەتی کرد و نەچووەوە قوتابخانە بۆ تەواوکردنی شەشی ئامادەیی".

خێزانی بەهەست بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە سەرقاڵن، بۆیە ئەو ڕۆژەی خۆی خنکاندووە، باوکی دوایین کەس بووە لە ماڵەوە بینیویەتی و گوتی "سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە بەهەست لەگەڵ براکەی چووبوونە بازاڕ، حەبلێکی کڕیبوو، براکەی لێی پرسیبوو ئەو حەبلەت بۆ چییە؟ گوتبووی ئاژەڵەکانی پێ دەبەستمەوە، پاشان هاتنەوە بۆ ماڵەوە و منیش کاژێر 10.30 خولەکی بەیانی چوومە دەرەوە، گوتم دێیتە دەرەوە؟ گوتی تاقەتم نییە، نیو کاژێر دوای من چووەتە دەرەوە و لە خانووەکەی دیکەمان خۆی خنکاندووە".

بەپێی قسەکانی ئازاد، ئەوان لەڕووی دارایی و خێزانییەوە کێشەیان نییە "هەر شتێکی بویستایە بۆم جێبەجێ دەکرد و جگە لە خوێندنەکە کێشەی دیکەی نەبوو".

باوکی بەهەست ئێستاش باوەڕ بە مردنی کوڕەکەی ناکات، لە کاتی قسەکردنیدا چەندجارێک کە ناوی کوڕەکەی هێنا، گریا. باوکی دەڵێت "بەهەست کەسێکی زۆر دیندار بوو، قەد باسی خۆکوشتنی نەدەکرد".

خێزانەکەی بەهەست پێیانوایە کوڕەکەیان لەبەر خوێندن خۆی خنکاندووە، بەڵام هاوڕێ نزیکەکانی هیچ هۆکارێک شک نابەن بۆ خۆکوشتنی، یەکێک لە هاوڕێکانی کە چەند ساڵێکە لە نزیکەوە دەیناسی بە (ڕووداو)ی گوت "بەهەست کەسێکی زۆر ڕووخۆش بوو، حەزی لە گاڵتە و قسەی خۆش بوو، مانگێک لەمەوبەر بینیم بێتاقەتی لە ڕوخساریدا دیار بوو، بەڵام نەمزانی کێشەکەی چییە".

هاوڕێکەی بەهەست باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە لەگەڵ بەهەست یەکدییان بینیوە و دەڵێت "بەهەست ئەو ڕۆژە زۆرترین وێنەی گرت و تەنانەت کامێرایەکی هێنابوو دەیگوت حەزم لە وێنەگرتنە". وەک ئەو هاورێیەی باسی کرد، پێشتر بەهەست باسی نەکردووە کەوا کێشەی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەبێت "ئەگەر کێشەیەکی هەبووایە بە دڵنیاییەوە بۆی باس دەکردم، بەڵام هیچی پێنەگوتم و ڕووداوەکەش لای ئێمە زۆر نارۆشنە، تەنانەت خێزانەکەشی پرسیار لە هاوڕێکانی دەکەن بۆ ئەوەی بزانن بۆچی خۆی خنکاندووە".

پۆلیسی چەمچەماڵ دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە.

عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە و چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکین کە لە پەیمانگەی پزیشکی دادیی سلێمانییەوە بۆیان بگەڕێتەوە و دواتریش گوتەی کەسوکار و هاوڕێکانی وەردەگرن تا بزانن هۆکاری خۆخنکاندنەکەی چییە.

ڕووداوی خۆخنکاندنی ئەو گەنجە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتای مانگی مایسی ئەمساڵیشدا کارمەندێکی پاککەرەوە لە قەزای چەمچەماڵ خۆی خنکاند، بەڵام ئەمساڵ بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ڕووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتن لەو قەزایە کەمتر بوونەتەوە.

عەقید حەیدەر دەڵێت، بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ڕووداوەکان هەبووە و ئێستا بۆ چارەسەری کێشەکانیش خەڵک کەمتر پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن".

# پۆلیسێکی هاتوچۆ خۆی دەکوژێت

کەسوکارەکەی:
## بەهۆی خەونێکەوە خۆی کوشتووە

توێژەرێکی دەروونی:
## خەون بینین مرۆڤ بەرەو خۆکوشتن نابات

پشتیوان جەمال
ڕووداو – سۆران

کارمەندێکی هاتوچۆی قەزای سۆران لە ماڵی خۆیدا فیشەکێکی بەنێوچەوانی خۆیەوە نا و گیانی دەرچوو. کەسوکاری دەڵێن پێشتر خەونی بە براکەیەوە بینیوە کە شەهید بووە و پێدەچێت هەر لەبەر ئەوە خۆی کوشتبێ، بەڵام توێژەرێکی دەروونی بە دووری دەزانێت بەهۆی ئەو خەونەوە خۆی کوشتبێ.

یوسف عەلی، 36 ساڵ، دانیشتووی گوندی دێڵزیانی سەر بە ناحیەی دیانا لە قەزای سۆران کە باوکی دوو کوڕ و دوو کچ بوو. شەوی 2015/12/19 لە ژووری نووستنەکەیدا بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕائید سەعدون نەبی، بەڕێوەبەری بەشی پەیوەندی و ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە پشتبەستن بە گوتەی کەسوکاری لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا، بە (ڕووداو)ی گوت "کەسوکارەکەی دەڵێن گوایە یوسف خەونی بە برایەکی خۆیەوە بینیوە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر مردووە، لە خەونەکەدا براکەی پێیگوتووە وەرە بۆ لای من، ئەو خەونەش کاریگەری لەسەر هەبووە، بۆیە خۆی کوشتووە".

یوسف 10 ساڵ لەمەوبەر لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سۆران دامەزراوە. مانگێک لەمەوبەر پلەکەی بۆ ڕێپێدراو بەرز کرابووەوە.

کارمەندێکی هاتوچۆی سۆران کە هاوڕێیەکی نزیکی یوسف بووە، بە (ڕووداو)ی گوت، دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە یوسف سەردانی کردووە و نزیکەی نیو کاژێر بەیەکەوە قسەیان کردووە، بەڵام هیچ شتێکی نامۆی لێ نەبینیوە و باسی هیچ کێشەیەکیشی بۆ نەکردووە. ئەو کارمەندە گوتی "یوسف کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، کەچی هەندێجار هەستمان دەکرد کەمێک قەلەق دیارە و بیر لە شتێک دەکاتەوە، بەڵام بۆ ئێمەی باس نەدەکرد".

بە گوتەی ئەو کارمەندە کە لە کەسوکارەکەی زانیوە، چەند ساڵێک لەمەوبەر برایەکی یوسف بە مین گیانی لەدەستداوە. یوسف دوو شەو لەسەر یەک خەونی پێوە بینیوە، گوایە بەو هۆیەوە وەهمێکی لەلا دروست بووە و پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە، بۆ ئەوەی بچێتە لای براکەی.



یوسف پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، لە ماڵی باوکی بووە، کە گەڕاوەتەوە ماڵەوە چووەتە ناو جێگای نووستن و گوللەیەکی لە نێوچەوانی خۆی داوە.

حەمید عەلی، برای یوسف گوتی "ڕاستە خەونێکی لەو شێوەیەی بینیوە و ئێمەش باوەڕمان پێکرد، پێدەچێ کاریگەریی ئەو خەونەی لەسەر بووبێت، بەڵام کاتێک خەونەکەی باسکرد لەو باوەڕەدا نەبووین بەو هۆیەوە خۆی بکوژێت".

عەباسیش کە برای یوسفە، ڕەتیکردەوە براکەیان هیچ کێشەیەکی هەبووبێ، بۆیە سەریان لە خۆکوشتنەکەی سوڕماوە. عەباس گوتی "براکەم خانووی خۆی هەبوو، ئۆتۆمبێلی هەبوو، باری دارایی زۆر باش بوو، نازانین بۆچی خۆی کوشت".

### "خەونەکە هۆکار نییە"

توێژەرێکی دەروونی هەموو ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە کە دەگوترێن ئەو پیاوە بەهۆی ئەو خەونەوە خۆی کوشتبێ.

کوردستان عەبدولکەریم، توێژەری دەروونی دەڵێت "لە زانستی دەروونیدا بە گشتی ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن یاخود هەوڵی خۆکوشتن دەدەن و ڕێگریان لێدەکرێت 80%یان بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێبکەن باری دەروونییان تێکدەچێت و بێتاقەت و خەمۆک دەبن، لە کاتێکدا ڕەنگە لەڕووی کۆمەڵایەتی و دارایی و خێزانیشەوە کێشەیان نەبێت".

بۆیە ئەو توێژەرە بە دووری دەزانێت ئەو خەونە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو پۆلیسەی هاتوچۆ بێت و دەڵێ "ڕاستە ئەو خەونە ڕووداوی مردنی براکەی بەبیرهێناوەتەوە و نوێی کردووەتەوە، بەڵام خەونەکە ناگاتە ڕادەی بیرکردنەوە لە خۆکوشتن، بەڵکو پێدەچێت پێشتر باری دەروونی باش نەبووبێت، نە خۆی و نە دەوروبەریشی هەستیان پێنەکردووە".

# مێرمنداڵێک لە هەولێر خۆی دەخنکێنێ



پشتیوان جەمال
ڕووداو– هەولێر

عەبدولمالیک زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ بەخێوکردنی باڵندە بەسەر دەبرد، بڕیاری دابوو بۆ ئەم زستانە هێلانەیەکی تازە بۆ باڵندەکانی دروست بکات، بەڵام بەو خەونەی نەگەیشت و لە گۆڕستان ماڵێکیان بۆ خۆی دروستکرد.

عەبدولمالیک فەرحان، تەمەن 15 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر، شەوی 2015/12/20 لە هەورەبانی خانووەکەیاندا بە لەچکێک خۆی هەڵواسی. کاتێک کەسوکارەکەی بە ڕووداوەکەیان زانی، هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو، ڕۆح لە جەستەی عەبدولمالیک جیابووبووەوە.

عەبدولمالیک تاوەکو پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندبوو، بەڵام بە خواستی خۆی وازی لە خوێندن هێنابوو. ئەو کارێکی دیاریکراوی نەبوو، جاروبار لەگەڵ براکانی کرێکاریی دەکرد.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەو مێرمنداڵە پێش خۆخنکاندنی نامەی بۆ هاوڕێیەکی ناردووە و گوتوویەتی "خۆم دەکوژم". بەڵام نەیگوتووە بۆچی خۆی دەکوژێت. کەسێکی نزیک لە ڕووداوەکەش دەڵێت "گومان هەیە هۆکاری خۆخنکاندنەکەی پەیوەندی بە کێشەی کۆمەڵایەتی نێو خێزانەکەیەوە هەبێت و ڕەنگە بێزار بووبێت، ئەگەرنا کەسێکی فەقیر و خۆشەویست بوو، باوکیشی کەسێکی زۆر باشە".

هاوسێیەکی ئەو ماڵە کە چووەتە پرسەی عەبدولمالیک، گوتی "ئەو گەنجە لە داخی براکانی خۆی کوشتووە، چونکە کێشەیان لەگەڵ باوکیان هەبوو، تەنانەت لە پرسەی براکەیان نەبوون، دەڵێن باوکیان نەیهێشتووە بێنە پرسەکەی".

بەڵام فەرحان محەممەد، باوکی ئەو مێرمنداڵە بێئاگایی خۆی لەو نامەیە دەربڕی و گوتی "نەمزانیوە عەبدولمالیک نامەی لەو شێوەیەی بۆ هاوڕێکانی ناردبێت". هەروەها ڕەتیکردەوە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی کوشتبێ و گوتی "ئەوە ڕاست نییە کە مالیک کێشەی لەگەڵ براکانیدا هەبووبێت، بەڵکو کێشەیەکمان هەیە و کوڕێکم نزیکەی 130 هەزار دۆلار قەرزارە و ئێستا نازانین لە کوێیە، عەبدولمالیک لەگەڵ ئەو برایەی ئیشی دەکرد و کەلوپەلی بۆ دەگواستەوە و هەمیشە لەگەڵیدا بوو. دوای ونبوونی براکەشی ئیدی دڵی زۆر توند بوو، مێشکی تێکچووبوو، بۆیە لەو بڕوایەدام بەهۆی ونبوونی براکەیەوە خۆی خنکاندبێت".

سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە دەڵێن ڕێگەی بە کوڕەکانی نەداوە بەشداری پرسەی عەبدولمالیک بکەن، فەرحان گوتی "ئەو قسەیە ئەسڵ و ئەساسی نییە، تەنیا ئەو برایەی لە پرسەکەی نەبوو کە ماوەیەکە ونە".

شەوی ڕووداوەکە باوکی عەبدولمالیک چووەتە سەردانی نەخۆشێک لە نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر، دواتر گەڕاوەتەوە ماڵەوە و کوڕەکانی، ئەوانەی ماڵی خۆیان کردووە، بە سەردان هاتبوونە ماڵی باوکیان. کاتێک ئەوان ڕۆیشتوون و فەرحان و خێزانەکەی و منداڵەکانیان ویستوویانە بخەون، دەبینن عەبدولمالیک دیار نییە.

فەرحان گوتی "کاتێک ویستمان بخەوین، عەبدولمالیک دیار نەبوو، پرسیم لە کوێیە، بۆ دیار نییە؟ بەدوایدا بگەڕێن بزانن لە کوێیە. برایەکی بەدوایدا دەگەڕا، وامانزانی لە سەرەوە خەوتووە، بەڵام کاتێک براکەی چووەتە هەورەبانەکە بینیبووی خۆی بە پەنجەرەی هەورەبانەکەوە هەڵواسیوە".

فەرحان بە ڕاکردن دەچێتە سەرەوە و لەچکەکە لە ملی کوڕەکەی دەکاتەوە و بە پەلە دەیگەیەنێتە نەخۆشخانە، بەو هیوایەی پزیشکەکان ڕزگاری بکەن، بەڵام کار لە کار ترازابوو، عەبدولمالیک بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەرچووبوو. فەرحان دەڵێت "کە پزیشکەکان گوتیان مردووە، هیچم لە دەست نەهات، تەنیا سوپاسکردنی خوای گەورە نەبێت".

مام فەرحان و کوڕەکەی نێوانیان خۆش بووە، زۆرجار وەکو دوو هاوڕێ هەڵسوکەوتیان کردووە "ئێمە وەکو دوو هاوڕێ بووین، زۆرجار بە کاک عەبدول بانگم دەکرد".

عەبدولمالیک دوای وازهێنانی لە خوێندن، بە ویستی خۆی جارجارە لەگەڵ براکانی کاری کردووە، ئەگەرنا زۆربەی کات خەریکی بەخێوکردنی باڵندە بووە. باوکی گوتی "مالیک دەیویست لە ماڵەوە شوێنێک بۆ بەخێوکردنی باڵندەکانی دروست بکات، بەڵام فریا نەکەوت".

پۆلیسی هەولێر سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە ڕووداوەکە بۆ ئەوەی بزانێت ئەو کوڕە بۆچی خۆی خنکاندووە. نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو مێرمنداڵە بە لەچکێک خۆی خنکاندووە، بەڵام تا ئێستا هۆکاری خۆخنکاندنەکەی نازانین".

ئەمن و سوپا و دارایی داعش بەدەست سمێڵ گەورەکانی بەعسەوەیە

# پیاوەکانی سەدام چۆن خزمەتی مانەوەی داعش دەکەن؟

"هەواڵدەریان دیاری کردووە بۆ ئەو کەسانەی ناچنە مزگەوت، تەنانەت لە گوندەکانیش کەس ناوێرێ نەچێتە مزگەوت"



ڕووداو- ڕێبەرز

موهەند، 14 ساڵ، وەکو پیاوی هەواڵگریی داعش کاردەکات، هەر کەسێک لە ڕێنماییەکانی داعش دەربچێ، ئەو خێرا بەرپرسەکانی خۆی لێ ئاگادار دەکاتەوە، لە بەرامبەریشدا 20 دۆلار وەردەگرێت.

ئێستا داعش دەیان شانە و تۆڕی هەواڵگری لەو ناوچانە دروستکردووە کە داگیری کردوون. ئەو تۆڕانەش لەلایەن ئەفسەرانی پێشووی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لە عێراق سەرپەرشتی دەکرێن. ئەوان ئێستا پێگەیەکی گرنگیان هەیە لە هەیکەلی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی داعشدا.

هەوڵی بەعسییەکان بۆ پتەوکردنی ڕێکخستنەکانی داعش و بەهێزکردنی، ڕۆڵی گەورەی هەبووە بۆ فرەیی تەکتیکەکانی داعش، چونکە بەعسییەکان ئەزموونی خۆیان بۆ داعش بەرجەستە کرد، بوونەتە هۆکارێک بۆ مانەوە و بەهێزبوونی داعش، ئەمەش دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی داعش کە بەرەو هەرێمی کوردستان هەڵهاتوون.

هاشم ئەلهاشمی، شرۆڤەکاری عێراقی کە پێشتر کارمەندی حکومەتی عێراق بووە، دەڵێت "لە 23 پۆستەکەی دەوڵەتەکەی داعشدا، ئەفسەرانی ڕژێمی پێشوو سێ پۆستی هەرە گرنگیان لەدەستە، ئەوانیش ئەمن، سوپا و دارایی".

هۆشیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق، باسی ڕۆڵی بەعسییەکان لەنێو داعشدا دەکات و دەڵێت "ئەوان ڕێنمایی و زانیاری پڕبایەخ بە داعش دەدەن لەبوارەکانی تەقینەوە و ستراتیژی و پلاندانان، جگە لەوەی زانیاری وردیان لەسەر هەموو کەسێک هەیە".

بەرپرسێکی پێشووی بەعس هاوڕایە لەگەڵ زێباری و دەڵێت "هەست بە شوێن پەنجەی کارەکانی ڕژێمی پێشوو لەنێو داعشدا دەکەین".

داعش و بەعس لە زۆر بابەتدا یەکدەگرنەوە، حکومەتێکی شیعە لە بەغدا، چەوساندنەوەی سوننەکان، جگە لەوەش کەسانێک هەبوون لە دوای نەمانی سەدام بە دوای تۆڵەوەن، تۆڵەی گەڕانەوە بۆ ژیانی پێشوو، تۆڵە بۆ زیندانیکردنی کەسوکاریان لەلایەن دەسەڵاتدارانی شیعەوە، تۆڵەی کوشتنی سوننەکان لە بەغدا، بۆیە داعش بە فریادڕەسی خۆیان دەزانن.

بەرپرسێکی پێشووی دەزگای هەواڵگریی گشتی عێراق کە لە ساڵی 2003 تاوەکو 2009 کاری کردووە، دەڵێت "ئەو بەعسیانەی کە حکومەتی عێراق لە دوای 2003 لە کارەکانیان دووریخستنەوە، زۆر خۆشحاڵن، چونکە ئەوان سەکۆیەکی دیکەیان دۆزیوەتەوە، داعش باشتریان پێدەدات".

سەعد حەدیسی، گوتەبێژی حکومەتی عێراق دەڵێت "حکومەت دانوستاندن لەگەڵ بەعسییەکاندا ناکات، ئەوان شوێنیان لە پرۆسەی سیاسیدا نابێتەوە، چونکە بەپێی دەستوور کارکردنیان لێ قەدەغە کراوە".

## تکریت خاڵی وەرچەرخانە

دوای ڕووخانی سەدام لە 2003دا، بەعسییەکان پەیوەندییان بە ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق کرد کە وەکو ژێرخانێک بوو بۆ داعش. بەشێکی دیکەی بەعسییەکان عێراقیان جێهێشت. ژمارەیەکیشیان پەیوەندییان بەو ڕێکخراوە ئیسلامیانەوە کرد کە هاوشێوەی قاعیدەن، لە دوای 2014 بەعسییەکان جارێکی دیکە شوێنێکیان دۆزییەوە بۆ کارکردن، ئەوانەی لەگەڵ ڕێکخراوی نەقشەبەندی بوون کە باڵێکی بەعسییەکانە، خێرا تەقلی داعش بوون.

عەبدولسەمەد ئەلغەریری، بەرپرسێکی پێشووی بەعس دەڵێت "پیاوانی نەقشەبەندی خاوەنی خۆپیشاندانی ناوچە سوننییەکان بوون لە دژی بەغدا، بەڵام داعش هات و بووە سەردەستە و خاوەنی هەموو شتێک".

داعش لە دوای هەڵهاتنی سوپای عێراق هەر زوو گورزی خۆی وەشاند، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی 2014 لە چاوتروکانێکدا لە تکریت 200 زیندانی دەرکرد کە هەموویان چەکیان بۆ داعش هەڵگرت.

چەند ڕۆژێک دوای کۆنترۆڵکردنی تکریت لەلایەن داعشەوە لە ساڵی 2014 ، سەردەستەی تاقم و گرووپە سوننییەکان لە ماڵی یەکێک لە بەعسییەکاندا کۆبوونەوە و بەرپرسێکی داعش پێی ڕاگەیاندن کە دەوڵەتی ئیسلامی شێخ و بەرپرسە کۆنەکانی بەعسی خستووەتە نێوان دوو بژارەوە. یان دەبنە بەشێک لە ئێمە، یاخود لەبەردەممان لادەچن و لەماڵەوە دادەنیشن. ئەنجام زۆربەی بەعسییەکان هێزە نوێیەکەیان هەڵبژارد.

سەرکردەیەکی سوننەکان دواتر گوتی "ئەمانە زۆر جیاوازن لە ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق، بیرکردنەوە و تەکتیک و هەڵسوکەوتیشیان جیاوازە، پسپۆڕن، هەموویان دەرچووی کۆلێژە سەربازییەکانن و خاوەنی ئەزموونێکی زۆرن".

عەبدولسەمەد ئەلغەریری دەڵێت "باڵی سەربازیی بەعس سڕکراوە لە دوای ڕووخاندنی ڕژێم و هاتنی داعش، هاوکات 600 لایەنگر و پیاوی نەقشەبەندی بە دەستی داعش کوژران".

خزەیر مورشیدی کە کۆنە بەعسییە، دەڵێت "سیاسەتی داعش کوشتن و تێکدانی هەموو شتێکە. ئەوان ترس و مردن لە هەموو ئەو شوێنانە بڵاودەکەنەوە کە دەیگرن، ئێستا ژمارەیان 10 هێندەی جارانە".

ئیمای سکای، ڕاوێژکاری پێشوو لە سوپای ئەمریکا دەڵێت "دەوڵەتی ئیسلامی بەعسییەکانی قووتدا، ئەو ئەفسەرە سمێڵدارانەی پێشوو ئێستا ڕیشیان داناوە و پێموایە زۆربەیان پابەندن لە ڕووی ئاینییەوە".

ئەیمەن سەبعاوی، برازای سەدام و ڕەعد حەسەن ئامۆزای سەدام لەوانەن کە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە. ئەبو ئەحمەد ئەلعلوانی، ئەفسەر بە پلەی نەقیب لە سەردەمی سەدام حوسێن، فازڵ ئەلحەیالی کە بە ئەبو موسلیم تورکمانی ناسرا و جێگری بەغدادی بوو، ئەمساڵ لە بۆردوومانێکدا کوژران.

بارەگای سەرەکیی ئاژانسی هەواڵگری و ئەمنی داعش لە شاری مووسڵە، ئاژانسەکە شەش لقی سەرەکی هەیە، هەر لقێکیان بەرپرسی لایەنێکی دیاریکراوە. ئەیاد حامید ئەلجومەیلی، بەرپرسی ئەو ئاژانسەیە و خەڵکی فەللوجەیە، جومەیلی ئەفسەری پێشووی هەواڵگری بووە و ڕاستەوخۆ فەرمان لە خەلیفەی داعش وەردەگرێت.

دەزگای ئەلحوسبە، کە ڕۆڵی پۆلیسی ئیسلامی دەبینێت بۆ چاودێریکردن و سزادانی سەرپێچیکاران، لای خۆیەوە کۆمەڵێک هەواڵدەری هەیە و لە شوێنە گشتییەکان وەک بازاڕ و مزگەوت و شەقامە گشتییەکان بڵاوەیان پێکردوون، بەشی زۆری ئەم هەواڵدەرانە منداڵن. ئەوانەی چاودێریی ژنانیش دەکەن زۆربەیان ژنی بەرپرس و چەکدارەکانی داعشن کە بە بێ بەرامبەر کار دەکەن.

ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی دەڵێت: "ئەو مێرمنداڵانەی داعش بەکاریان دەهێنێ، پارەیان دەداتێ. ئێستا خەڵکی مووسڵ قسەی سەردەمی بەعس دەکەنەوە: دیواریش گوێی هەیە".

هەڵاتوویەک لە مووسڵەوە چیرۆکێکی بۆ ئەفسەرێکی پێشمەرگە گێڕاوەتەوە و دەڵێت "براکەم لەگەڵ کوڕەکەی بووەتە دەمەقاڵێیان لەسەر پەیوەندیکردنی کوڕەکەی بە داعشەوە، لەو دەمەدا کۆمەڵێک منداڵ لەبەردەم ماڵەکە یاری دەکەن، هەفتەیەک دواتر داعش بە تۆمەتی جنێودان بە دەوڵەتی ئیسلامی براکەمیان دەستگیرکرد و کوشتیان".

تیمەکانی لەسێدارەدانی داعش بە کۆڵانەکاندا دەگەڕێن، ئەوانەی لەسەر جنێودان بە داعش لەسێدارە دەدرێن تەرمەکانیان لە بیابانی خەفسە لە باشووری مووسڵ فڕێ دەدرێت، هەرچی ئەوانەیە کە بە تۆمەتی دیکە لە سێدارە دەدرێن تەرمەکانیان دەدرێتەوە کەسوکاریان.

داعش لە ئەیلولی 2015 دا لە شاری مووسڵ 400 ئەندامی پێشووی هێزە ئەمنییەکانی لەسێدارە دا، ئەوانەشی لە ڕێگەی هەواڵدەرەکانی خۆیەوە ناسیبوونەوە.

سزای ڕاکردن لە بن دەسەڵاتی داعش، کوشتنە. دوو کەس لە نزیک تەلعەفەر هەوڵیان دابوو بگەنە کوردستان، داعش دیوارێکی کۆنکریتی بە کرێن خستە سەر لاشەیان، دیمەنی سزادانەکەش لە سەرجەم ئەو تەلەفزیۆنە گەورانەوە پەخش کرا کە لەنێو مووسڵ دانراون.

فەتحی، 30 ساڵ، کە پێشتر پۆلیس بووە دەڵێت "هەواڵدەریان دیاری کردووە بۆ ئەو کەسانەی ناچنە مزگەوت، تەنانەت لە گوندەکانیش کەس ناوێرێ نەچێتە مزگەوت".

سەعد خەلەف بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی "لەگەڵ کەسێکدا باسی دۆخی مووسڵمان دەکرد، گوتم هیواخوازم سەردەمی پێشوو بگەڕێتەوە، دواتر دەستگیرکرام، بینیم لە سەربانی دراوسێکەمانەوە منداڵێک بە مۆبایل وێنەی گرتووم". سەعد دەڵێت ئەوان منداڵ بەکاردەهێنن، چونکە خەڵک بیریان بۆ لای منداڵ ناچێت کە بووبنە هەواڵدەری داعش.

سەعد دواجار دەستگیر کرایەوە و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، هەواڵدەرەکەش کوڕە مامی خۆی بوو، بەڵام شەوی لەسێدارەدانەکەی لەلایەن هێزەکانی دژە تیرۆرەوە لەگەڵ 65 کەسی دیکە لە نزیک حەویجە ڕزگارکران.

ئەو کابرایەی موهەندی 14 ساڵە هەواڵی لەسەردابوو کە جگەرە دەفرۆشێت، ناوی ئەحمەد تائیە. دەڵێت "دوای دەرچوونم لە زیندان بە باوکی موهەنەدم گوت کوڕەکەت بۆ وای لێکردم؟ ئەویش گوتی پارەیان بەو و ژمارەیەک مێرمنداڵی دیکە داوە".

ئەحمەد تائی، جگەرەفرۆش دەڵێت "لەو ڕۆژەوەی لە زیندان دەرچووم تۆقیوم، لە هەموو شت دەترسم، ئەگەر بمەوێت قسەیەک بکەم زۆر بە وردی سەیری دەوروبەری خۆم دەکەم، نەوەکو قسەیەک بکەم لەگەڵ یاساکانی داعش یەکنەگرێتەوە. متمانەم بە کەس نەماوە، بە تایبەتی منداڵ".

# شەڕی مووسڵ نزیکە؟

پۆڵ دەیڤس

حەشدی شەعبی بە پشتیوانیی ئێران و هێزەکانی سوپای عێراق سەرقاڵی دەرکردنی داعشن لە شاری ڕومادی، بەڵام جارێ باسی ڕزگارکردنی مووسڵ لە ئارادا نییە. فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ماوەیەک پێش ئێستا ڕایگەیاند کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئەمەریکا بەم نزیکانە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی ستراتیژێک دژ بە داعش دابڕێژن. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە دکتۆر فوئاد گوتی ئەم دانیشتنە بە ئاگاداریی بەغدا، بەڵام بەبێ بەشداریی ئەوان بەڕێوەدەچێ. مووسڵ وا پێدەچێ لە بەرنامەی کاردا بێت، ئەگەرچی دووەم گەورەترین شاری عێراقە، بەڵام حکومەتی ناوەندی تا ئێستا بایەخێکی کەمی بە ڕزگارکردنی داوە.

سەرکەوتنی پێشمەرگە و یەپەگە لە دژی داعش شتی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. شکست و کورتهێنانی حکومەتی عێراق و هێزە ئەمنییەکانیشی لە بەرامبەر داعشدا، لێکەوتەی زۆری هەبووە. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم ماوەیەدا گوتی سوپای عێراق لە ڕووی سەربازییەوە ئامادە نییە، بەڵام پێشمەرگە بۆ یارمەتیدانیان بۆ ڕاونانی داعش لە مووسڵ ئامادەن.

ئەوەی پێش ئەم دانیشتنە سێ قۆڵییە پێویستە بیزانین، ئەوەیە کە سوپای عێراق چ پێشمەرگەی لەگەڵدا بێت یان نا، جارێ لە دەستی نایەت لە مووسڵ دەستەویەخەی داعش بێت و بیکاتە دەرەوە. پێشمەرگە باشترین هێزە کە بتوانێت بە هەماهەنگیی هێزەکانی عێراق ئەمە بکات، بەڵام پێشمەرگە بۆ شەڕێکی وەها ڕانەهێنراون. شەڕ لە مووسڵ شەڕی ناو شارە.

شەڕی ناو شار بە گشتی خوێناوییە و گران دەکەوێت و کاتێکی زۆریش دەخایەنێت. زۆربەی سوپاکان لە شەڕی کراوەی دەرەوەی ئاوایی شارەزان، بەڵام شەڕی ناو شارەکان شتێکی جیاوازە. شەڕی تکریت و ڕومادی نەک هەر تەنیا نیشانیان دا کە هێزە عێراقییەکان چەند بێتوانان، بەڵکوو بەباشی دەریخست کە پەلاماردانی هێزێکی ڕێکخراوی سەربازیی لەناو شاردا دەتوانێت چەند قورس تەواو بێت. ئەوەی سەرچاوە فەرمییەکان باسی دەکەن، ئەوەیە کە داعش بە 600 چەکدارەوە ڕووبەڕووی هێزێکی 10 هەزار کەسیی عێراق بوونەتەوە سەرەڕای پشتیوانی ئاسمانیی هاوپەیمانان.

هەوڵدان بۆ گرتنەوەی ڕومادی بەرەو شەش مانگ دەچێت، بەڵام ئەوەی ئێستا لەوێ ڕوودەدات، تەنیا دەتوانین پێی بڵێین ئۆپەراسیۆنی سەربازی. لە شەش مانگی ڕابردوودا شارەکە گەمارۆ دراوە و ڕێگەی گەیشتنی کۆمەکی لێ گیراوە. ڕومادی پێش ئەوەی بکەوێتە دەستی داعش، ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی 450 هەزار کەس بوو، بەڵام ئێستا ڕەنگە 75 هەزار کەسێکی تێدا مابێت. ساڵی 2006 کە چەکدارە سوننەکانی نزیک لە قاعیدە ڕومادییان داگیر کرد، حەوت هەزار کۆماندۆی ئەمەریکی و 2000 سەربازی عێراقی (بەر لەوەی مالیکی سوپای عێراق تێکبدات کە بێگومان لەوەی ئێستا زۆر باشتر بوون) و هێزێکی هۆزەکانی سوننە کە ئەمەریکا مەشقی پێ کردبوون، چەند مانگێک خەریک بوون تا شارەکەیان کۆنترۆڵ کردەوە.

مووسڵ پێش داعش نزیکەی ملیۆنێک دانیشتووی هەبوو، ئێستا 600 هەزار کەسێک هێشتا لەو شارەدا ماون. مووسڵ لە ڕومادی زۆر گەورەترە و داعش دەمێکە لەوێیە. کاتی خۆی کەس لە تکریت نەما بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ هێرشی ئاسمانی بکرێت کە مۆڵگەی چەکدارانیان لە شارەکەدا دەکردە ئامانج. لە ڕومادی ئەوە ناکرێت، چونکە هێشتا خەڵکی مەدەنی تێدا ماوە. شەڕی مووسڵ دەبێتە شەڕی ماڵ بە ماڵ و کۆمەکێکی کەمی لە ئاسمانەوە پێشکەش دەکرێت، چونکە بە ئاسانی ناکرێت خەڵکی مەدەنی و چەکدار لە یەک جیا بکرێنەوە. داعش لە کاتی شەڕدا دەخزێتە ناو خەڵکی مەدەنییەوە و دەزانێت کە هێزەکانی هاوپەیمانان هێرش نابەنە سەر شوێنی مەدەنی.


جیا لەوە، کاتێک هێزە عێراقییەکان دەچنە ناو شار، دەبێ حیساب بۆ ئەوە بکەن کە ڕەنگە شارەکە بۆمبڕێژ کرابێ. چەکدارانی داعش ئاسان دەتوانن خۆیان بشارنەوە و شوێنەکانی خۆیان بگۆڕن. کاتێکیش شەڕ دەچێتە ناو کۆڵان و ماڵان، ئیدی ڕەنگە هەر ئۆتۆمبێلێک بۆمبێکی تێدا بێت و هەر ماڵێک مینڕێژ کرابێت. لە کاتی زۆربوونی ژمارەی کوژراو و بریندار، هەم هێزە عێراقییەکان و هەم حەشدی شەعبی شەڕ کەم دەکەنەوە و دواتر بە جارێک ڕایدەگرن. ئەگەر هێزی پێشمەرگە کە هەم باشتر مەشقپێکراون و هەمیش ئامانجیان هەیە، بەشداری شەڕی مووسڵ بکەن، ڕەنگە تا ئەو کاتەی بە تەنیا دەمێننەوە لەوێ شەڕ بکەن. لەوانەیە هێزی پێشمەرگە ئاسانتر بتوانن بەو ئەزموونەی هەیانە ڕێگە لە هەڵاتنی چەکدارانی داعش لە مووسڵ بگرن. ڕاهێنان و کەرەستەی سەربازیی پێشمەرگە زیاتر بۆ ئەوە دروست کراون.

سەرکردایەتیی کورد و تورک و ئەمەریکا بە باشی ئاگاداری کێشەی ئۆپەراسیۆنی مووسڵن. ئەمە لە سەرکردایەتیی عێراقیش شاراوە نییە، بۆیەشە نایانەوێ جارێ خۆیان لەو بابەتە هەر نزیک بکەنەوە. باشترین ڕێکار کە لە دانیشتنە سێ قۆڵییەکەدا پێویستە بگیرێتە بەر، ئەوەیە کە دوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شنگال، با کار لەسەر زیاتر دابڕاندنی مووسڵ بکرێ و هاوکات ڕەققە لە سووریا گوشاری پتری بخرێتە سەر. هێرشەکانی ڕەققەش زیاتر لەسەر دەستی کورد دەکرێن و یەپەگە هەوڵ دەدات دەستکەوتەکانی بپارێزێت و باشتر داکۆکی لە خۆی بکات.

تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ ئەمەریکا لەوە دڵنیا بکەنەوە کە بۆ ڕزگارکردنی مووسڵ و تێکشکاندنی داعش هێزێکی زۆر گەورەتر لەوەی عێراق و کوردستان پێویستە. ئەمەریکا دەبێ ئاگادار بێت کە ئەگەر هێزەکانی دیکەی ناوچەکە پاڵپشت نەبن، تورکیا تاکە هێزە کە بتوانێت ئەم پاڵپشتییە سەربازییە بۆ ئۆپەراسیۆنێکی وەها دەستەبەر بکات. ئینجا ئەگەر تورکیاش بە تەواوی بێتە ناو هاوکێشەکەوە، دیارە قەیرانی ناوچەکە پەل دەهاوێت.

ئێستا دەبێ نەک هەر ڕۆژئاوا، بەڵکوو هێزە ناوچەییەکانیش ئەوە بزانن کە تێکشکاندنی داعش پێویستی بە هێزێکی سەربازیی گەورە هەیە. ستراتیژێکی تازە لێرەدا پێویستە و ڕۆژهەڵاتێکی تازەیشی لێ بەدەردەکەوێت. دانیشتنەکەی هەولێر لەم ڕاستەڕێیەدا دەستپێکێکی باشە، بەڵام تورکیا و ئەمەریکا ناتوانن ئەم نەخشەیە دابڕێژنەوە. ئەمە جارێک کرا و ئەنجامی نەبوو.

پۆڵ دەیڤس، توێژەرێکی خانەنشینە و بۆ هەواڵگریی سەربازیی سوپای ئەمەریکا کاری کردووە. ئێستا ڕاوێژکاری هەواڵگریی ئەمەریکایە و پسپۆڕە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی پرسی کورد. سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی جانوسە لە واشنتن.



# لە سەنتەرەکانی بەخشینی خوێن دڵنیابین؟

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

ئاراس عەبدوڵڵا، 26 ساڵ، هەموو شەش مانگ جارێک بوتڵێک خوێن دەبەخشێ. ئەو دەڵێت "بۆ تەندروستی خۆم باشە و خەڵکیش سوود لەو خوێنە وەردەگرن".

بەڵام پرۆسەی خوێنبەخشینەکەی ئاوا دەگێڕێتەوە "چوومە ئەوێ پشکنینی رێژەی خڕۆکە سپی و سوورەکانیان بۆ کردم، تاوەکو رێژەی خوێنەکەم بزانن، گوتیان پشکنینی ئایدز و هەوکردنی جگەر بۆ خوێنەکەت دەکەین، ئەگەر ئەو نەخۆشیانەت هەبوو ئاگادارت دەکەینەوە. دواتر چوومە لای پەرستارێک کە سەیری رێژەی خوێنەکەی کردم، گوتی رێژەی خوێنەکەت گونجاوە و دەتوانی خوێن ببەخشی".

چیرۆکەکەی ئاراس پزیشکێکی تێدا نییە کە بە وردی پرسیاری لێبکات دەربارەی ئەو نەخۆشیانەی دەکرێ لە خوێنەکەیدا هەبن و بۆ خەڵکی بگوازرێنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە رێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە.

شارەزایان هۆشداری دەدەن لەوەی نابێ لەکاتی وەرگرتنی خوێن لە بانکەکانی خوێن، نەخۆشییە گوازراوەکان لە رێگەی سێکس نادیدە بگیرێن، چونکە بۆ دەرکەوتنی هەر یەکێک لەو نەخۆشییانە ماوەیەک هەیە و مەرج نییە لە پشکنینی خوێندا دەربکەون، بۆیە لە رێگەی پرسیاری رووبەڕووی پزیشک و نەخۆش دەبێت ئەو گومانانە بڕەوێنرێنەوە.

بەڵام وەزارەتی تەندروستی رەتیدەکاتەوە کە ئەوان لە بانکەکانی خوێن تەنیا پشکنینی خوێن بکەن و دەڵێ پزیشکی راهێنراومان لە بانکەکان داناون کە لەو بابەتانە دەکۆڵنەوە.

هەفتەی رابردوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ یەکەمجار بڕیار درا رێگە بە هاوڕەگەزخوازەکانیش بدرێ خوێن ببەخشن، بەڵام بە مەرج. مەرجەکە هەمان ئەوەیە کە دەسەپێنرێتە سەر ئەوانەی سێکسی جێی گومان دەکەن.

ئەوانەی سێکسێکی بە گومان دەکەن، ژن بن یان پیاو، یاخود سرنجی بەکارهاتوویان بەکارهێناوەتەوە (وەک ئەوانەی دەرزیی مادده هۆشبەرەکان لەخۆیان دەدەن) دەبێت ماوەی ساڵێکی تەواو بێت ئەو جۆرە سێکسانەیان نەکردبێ و بەو شێوەیە سرنجیان بەکارنەهێنابێ، ئەوکات دەتوانن خوێن ببەخشن. لە وڵاتانی وەک کەنەدا، ژاپۆن، ئوسترالیا و بەریتانیاش هەمان رێگری هەن.

کوردستان بەهۆی ئەوەی تاز بە تازە دەکەوێتە قۆناغی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییانەی لە رێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە، هێشتا رێنمایی لەو جۆرەی نییە. کادیرە پزیشکییە کۆنەکانیش بەتایبەت ئەوانەی بانکەکانی خوێن، رەنگە بەم مەترسییانە ئاشنا نەبن و تەنیا پشت بە رێژەی خوێنی کەسەکان ببەستن لەکاتی بڕیاردان لەسەر خوێنبەخشینیان، ئەوەش شتێکی مەترسیدارە.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## پەنجەرەی پشکنین

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت مەرج نییە ئەوەی پشکنینی ڤایرۆسییەکەی پاک بوو، ئیدی تووشبووی ئایدز نەبێ.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، پزیشکی کۆمەڵ و مامۆستای سکوڵی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی دەڵێ "ئەو نەخۆشییانەی لە رێگەی خوێنەوە دەگوازرێنەوە، مەرج نییە هەر خێرا دوای تووشبوونی کەسەکە لە خوێنیدا دەربکەون، بەڵکو رەنگە چەند هەفتە، یان تەنانەت چەند مانگێک بمێننەوە ئەوکات پشکنینەکانی خوێن دەریاندەخەن".

دکتۆر عەبدولفەتاح پێی باش نییە تەنیا لەبەرئەوەی پشکنینەکانی خوێنی کەسێک پاک بوون، ئیدی 100% دڵنیابین و خوێنەکە بدەینە کەسانی دیکە.

بەپێی رێنماییە زانستییەکان، کاتێک کەسێک تووشی هەوکردنی جگەر لەجۆری B دەبێت، شەش هەفتە (مانگ و نیوێک) کاتی دەوێت تاوەکو لە پشکنینی خوێنەکەیدا دەردەکەوێت، واتە لەو شەش هەفتەیەدا کەسەکە ڤایرۆسەکەی هەڵگرتووە و رێی تێدەچێ لە شلەکانی لەشەوە (بە خوێنیشەوە) بۆ کەسانی دیکەی بگوازێتەوە، کەچی پشکنینی خوێنەکەشی پاک دەرچووە و ڤایرۆسەکە دەرناخات. ئەو ماوەیە پێیدەگوترێ پەنجەرەی پشکنین. لە هەوکردنی جگەری جۆری Cدا ئەو پەنجەرەیە دەگاتە 8-9 هەفتە، لە ئایدزیشدا کاتێکی زۆرتری دەوێت.

سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان (CDC) لە ئەمریکا، دەڵێت دوای سێ مانگ لە بەرکەوتنی ڤایرۆسی تووشکەری ئایدز، 97%ی تووشبووان لە خوێنیاندا دژەتەن دژی ئەو ڤایرۆسە دروست دەبێت، واتە باشترە لە سێیەمین مانگی دوای ئەنجامدانی سێکسێکی گوماناویدا پشکنینی ئایدز بکرێ.

لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا دوای شەش مانگ ئینجا لە پشکنین دەردەچێت، واتە ئەگەر لە سێیەمین مانگیدا پشکنینی ئایدز هیچی دەرنەخست، باشترە لە شەشەم مانگیشدا دووبارە بکرێتەوە.

رێژەی دەرکەوتنی ئایدز لە خوێندا دوای ئەنجامدانی سێکسی گوماناوی بەمجۆرەیە: دوای 20 رۆژ لە ئەنجامدانی سێکس و تووشبوون بە ڤایرۆسی تووشکەری ئایدز 75%ی کەسەکان ڤایرۆس لە خوێنیاندا دەردەکەوێ. دوای دوو مانگ رێژەکە دەبێتە 95%. دوای سێ مانگ دەبێتە 97.5% و دوای شەش مانگیش دەبێتە 99%.

ئەو پشکنینە ڤایرۆسییەی بۆ خوێنبەخشان دەکرێ، رەنگە لەماوەی پەنجەرەی پشکنیندا کرابێ، بەو پێیەش دەرنەکەوتنی نەخۆشی لە کەسەکەدا، دڵنیایی نادات لەوەی خوێنەکەی سەد دەر سەد بێ کێشەیە.

د.عەبدولفەتاح دەڵێت بەر لەوەی کەسێک خوێن ببەخشێ، پێویستە پزیشکێک بە وردی بە پرسیارکردن لە رابردووی دڵنیا ببێتەوە کە ئەو کەسە مەترسیی گواستنەوەی نەخۆشیی نییە بۆ ئەوانەی خوێنەکەی وەردەگرن، دەبێ پزیشک هۆشداری بداتە بەخشەرەکە کە ئەگەر سێکسی جێی گومانی کردووە لەماوەی ساڵی رابردوودا، یاخود هەر نیشانەیەکی نەخۆشیی گوازراوەی لە رێگەی سێکسەوە هەیە، با خوێنەکەی لە بانک هەڵنەگیرێت و نەدرێتە کەسانی دیکە.


وەزارەتی تەندروستی رەتیدەکاتەوە لە بانکەکانی خوێن تەنیا بە پشتبەستن بە پشکنینی خوێن، خوێنی خەڵکی وەربگیرێت.

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە (رووداو)ی گوت "لە بانکەکانی خوێنی کوردستان پزیشکێکی راهێنراو فۆرمێکی 19 پرسیاری لەسەر کەسەکە پڕدەکاتەوە کە وردەکاریی نیشانەکانی نەخۆشیی مەترسیداریان تێدایە، ئەوانەی لە رێگەی خوێنەوە دەگوازرێنەوە، تاوەکو زانیارییەکان سەلامەتیی ئەو کەسە پشتڕاست نەکەنەوە، خوێنی کەسەکە لە بانک هەڵناگیرێ".

سالار قادر، 35 ساڵ، کە دانیشتووی شاری هەولێرە، دەڵێت تا ئێستا زیاتر لە 10 بوتڵ خوێنی بەخشیوە، بەڵام لەبارەی سێکسی گوماناوی پرسیاری لێ نەکراوە.

# هەوکردنی گیرفانەکانی لووت

رووداو- Webmd



ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک تووشی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت دەبن، لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا بۆ هەر ساڵێک 37 ملیۆن کەس تووشی ئەم حاڵەتە دەبن.

## گیرفانەکانی لووت چین؟

گیرفانەکانی لووت ژووری پڕ لە هەوان لە پشتی روومەت و برۆ و شەویلگەی سەرەوە. ناوپۆشەکەیان لینجە ماددەیەک دروست دەکات کە ناو گیرفانەکان لە بەکتریا و پیسی پاک دەکاتەوە. بەهۆی جووڵەی گەندەمووەکانی ناویانەوە لینجە ماددەکە بەشێوەیەکی خولی بە ئاراستەی دەرەوە دەجووڵێ، تاوەکو ئەو پیسییەی گرتوویانە لەگەڵ خۆیان ببەنەدەرێ و ناوپۆشەکەش لینجیی نوێ دروست بکات و دیسانەوە خۆی بۆ خاوێنکردنەوەی ناوپۆشەکە ئامادە بکاتەوە.

## هۆیەکانی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت:

هەر شتێک ببێتە هۆی ئاوسانی ناوپۆشی گیرفانەکان (بۆ نموونە پەتا و هەوکردنە وەرزییەکان) یان رێگە لە جووڵانی گەندەمووەکان بگرێ، یاخود دەرچەی چوونە دەرەوەی لینجە ماددەکە بگرێ، دەبێتە هۆی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت. لەوانەیە گۆڕانی پلەی گەرما، یان پەستانی هەوا ببنە هۆی ئەمە. هەستەوەرییش هۆکارێکی دیکەیە. زۆر بەکارهێنانی دەرمانەکانی نەهێشتنی ئاوی لووت، مەلەکردن و شۆفێری رێگای بۆ خۆش دەکەن و ئەگەری تووشبوون زیاد دەکەن. هەندێ کەس گۆشتی زیادەی لووتیان هەیە و دەرچەی گیرفانەکە دەگرێ، ئەمەش رێخۆشکەرە بۆ تووشبوون.

هەندێ جار دوای هەڵامەت، ڤایرۆسەکە پەلاماری ناوپۆشی گیرفانەکە دەدات و تووشی هەوکردنی ڤایرۆسیی دەکات، لەشیش وا وەڵامی ئەمە دەداتەوە کە بڕێکی زیاتری لینجە مادده دروست دەکات و ئەمەش لەناو گیرفانەکەدا پەنگ دەخواتەوە و دەبێتە ناوەندێکی باش بۆ گەشەکردنی بەکتریا و هەوکردنی بەکتیریی گیرفانەکانی لێدەکەوێتەوە.

ئەو کەسانەی بەرگریی جەستەیان لە بەرامبەر زیندەوەرە نەخۆشخەرەکان لاوازە، زۆرتر تووشی هەوکردنی گیرفانەکانی لووت دەبن. هەندێکی دیکەش هەندێک جۆری دەرمان وەردەگرن کە کۆئەندامی بەرگریی جەستە سەرکوت دەکات و ئەوەش دەبێتە هۆکارێکی رێخۆشکەر بۆ هەوکردنی بەکتریایی و ڤایرۆسی ناوپۆشی گیرفانەکانی لووت.

جگەرەکێشانیش دیسان هۆکارێکی رێخۆشکەرە بۆ تووشبوون.

## نیشانەکانی:

1- پەیدابوونی ئازار لە پێشەسەر، روومەت، لووت و نێوان چاوەکاندا.
2- سەرئێشە.
3- تا
4- لووت گیران
5- کەمبوونەوەی توانای تامکردن و بۆنکردن
6- ناخۆشیی بۆنی هەناسە
7- ئازاری ددان

چارەسەری هەوکردنی توندی گیرفانەکان:

جۆری چارەسەرەکە بەپێی هۆکاری تووشبوونەکە دەگۆڕێ.

بەکارهێنانی سپرای سەلاین (لە ئاو و بڕێکی ئێجگار کەم لە خوێ پێکهاتووە) بۆ ناو لووت، دەبێتە هۆی پاککردنەوەی کەناڵەکانی لووت و گیرانیان کەم دەکاتەوە. ئەگەر حاڵەتەکەت توندتر بوو، پزیشک جگە لەمە سپرای دژەهەوکردنت بۆ دەنووسێ.

لەکاتی ئازاری گیرفانەکاندا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەرمانی وشککەرەوەی ناوپۆشی لووت و گیرفانەکانی لووتت بۆ دەنووسرێ.

بۆ سەرئێشەکەش دەتوانی حەبی پاراسیتۆڵ یان پرۆفین بەکاربهێنی.

کاتێک دەرکەوت هۆیەکە هەوکردنی بەکتریاییە، دژەزیندەی گونجاوت بۆ دەنووسرێ بۆ ماوەی 10-14 رۆژ. لەوانەیە هەر لە رۆژی یەکەم و دووەمی بەکارهێنانی دژەزیندەدا هەست بە چاکبوونەوە بکەی، بەڵام نابێ لە بەکارهێنانیان بوەستی، بەڵکو دەبێت بەو شێوەیەی پزیشکەکەت بۆی دیاری کردووی چارەسەرەکانت تەواو بکەی.

ئەگەر هۆکارەکەش هەستەوەری بوو، ئەوا ماددەی دژەهستامینت بۆ دەنووسێ، گۆشتی زیادەش رەنگە پێویستی بە نەشتەرگەری بێت.

## ئامۆژگاری بۆ تووشبووان:

1- پشوویەکی باش بدە.
2- شلەمەنییەکی زۆر بخۆرەوە، بەتایبەت شلەمەنییە گەرمەکان.
3- هەڵم هەڵبمژە و خاولییەکی تەڕی گەرم بخەرە سەر لووت و روومەت و پێشی سەرت.
4- بێ ئاگاداریی پزیشک هیچ چارەسەرێک بەکارمەهێنە، بەتایبەت دژەزیندەکان.
5- لە سێ رۆژ زیاتر لەسەریەک دەرمانی وشککەرەوەی لووت بەکارمەهێنە، مەگەر پزیشکەکەت داوات لێبکات.
6- دوور بکەوەرەوە لە خواردنەوە کحولییەکان، چونکە ئاوسانی گیرفانەکان زیاتر دەکەن.



# شەش هۆکاری زەردبوونی ددان

رووداو-DW

ئەم شەش هۆکارەی زەردیی ددان لەلایەن زۆر کەسەوە نەزانراون، بۆیە تووشی نائومێدی دەبن کاتێک سەرەڕای دوورکەوتنەوە لە جگەرە و کەمکردنەوەی قاوە و پیادەکردنی ددان شووشتنی رۆژانە، هێشتا ددانیان هەر زەرد دەبێ، دیارە بە نەزانینی هۆکاری حاڵەتەکەش مەحاڵە بتوانین گرفتەکە چارەسەر بکەین:

## 1 - گیراوەی ددان شووشتن:

پێکهاتەی فلۆریدی زنک و کلۆرهێکسیدین لە گیراوەکانی ددان شووشتندا هەندێکجار دەبێتە هۆی داخورانی مینای ددان کە بەرپرسە لە رەنگە سپی و درەوشاوەکەی ددان، ئەوەش زەردبوونی ددانی لێدەکەوێتەوە.

## 2 - هەڵە بەکارهێنانی هەویری ددان:

ریکلامی مارکە جیاوازەکانی ددان، زۆربەی کات پیشاندانی ددانی سپین کە تیشکی بریقەدار و درەوشاوەیان لێوە دەردەچێت، بەڵام لە راستیدا هەندێکیان دەبنە هۆی داخورانی مینای ددان و دواتر زەردهەڵگەڕانی. پێوەری RDA بەکاردێت بۆ دەرخستنی توانای هەویرەکە لە لابردنی خەوشی سەر ددان. پێوەری نێوان 35-50 گونجاوە، چونکە ئەوەندە لاواز نییە کە ددانەکان پاکنەکاتەوە و ئەوەندەش بەهێز نییە کە میناکە تووشی داخوران بکات، بەڵام ئەوانەی پێوەرەکەیان 95 و زیاترە، ئەوە باشترە رۆژانە بەکارنەهێنرێ، چونکە ئێجگار بەهێزە و مینای ددان دادەخورێنێ.

## 3 - زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی شەربەتە مزرەکان:

بۆ نموونە شەربەتی لیمۆ یان پرتەقاڵ و هاوشێوەکانیان ئێجگار توندن لەسەر مینای ددان و وێرانی دەکەن و دواجار رەنگە سپییەکەی بۆ زەرد دەگۆڕن، ئەگەر زێدەڕۆیی لە خواردنەوەیان بکرێ.

## 4 - دەرمانە دژە-زیندەکان:

بەتایبەت تێتراسایکلین و هاوشێوەکانی دەبنە هۆی نیشتنی چینێکی رەنگ خۆڵەمێشی یان قاوەیی یاخود زەرد لەسەر مینای ددان و تەنانەت لەنێو پێکهاتەی مینا. بۆیە پزیشکان و پسپۆڕان ئامۆژگاری خانمانی دووگیان و منداڵان دەکەن ئەو دژە-زیندانە نەخۆن کە تێتراسایکلینیان تێدایە، چونکە دەبێتە هۆی زەردبوونی هەمیشەیی ددانی کۆرپە لە داهاتوودا.

## 5 - شرووبی کۆکە بەر لە نووستن:

زستان وەرزی کۆکەیە. دوور نییە تۆش وەک هەندێک کەس شەوانە بەر لە نووستن کەوچکێک شرووبی کۆکە بخۆیتەوە بۆ ئەوەی تاوەکو بەیانی نەکۆکیت و خەوێکی ئارامت هەبێ. ئەم شروبانە هەم شەکریان تێدایە، هەم دەمیش وشک دەکەنەوە و لیک کەم دەکەنەوە. لیک ماددەیەکی سروشتیی خاوێنکەرەوەی دەم و ددانە. ئەوانەش پێکەوە رێگە بۆ تێکچوونی رەنگی ددان خۆش دەکەن.

## 6 - حەبی ئاسن:

بەکتریای نێو دەم ماددەی گۆگردیدی هایدرۆجین دروست دەکەن، ئەمانەش هەندێکجار لەگەڵ ئەو ئاسنە کارلێک دەکەن کە بەشێوەی حەب دەیخۆی و ماددەی گۆگردیدی ئاسن پێکدێنن کە رەنگی رەشە و لەسەر ددانەکان دەنیشێ.

بۆیە پسپۆڕان ئامۆژگاریتان دەکەن دەرمانی ئاسن لە پیاڵەیەک ئاودا بتوێننەوە و دواتر بە قەسەبێک هەڵی بمژن تاوەکو بەر ددانەکان نەکەوێ و راستەوخۆ بگاتە قوڕگ و لەوێوە بۆ گەدە.



## شێتەکان دەچنە زانکۆ

هیوا سەلاح– رووداو– هەولێر

یوسف یوسفی، شانۆگەری "شێتەکانی ئەم رۆژگارە" لە زانکۆی سەلاحەدین نمایش دەکات.
یوسفی بە (رووداو)ی گوت "بە نیازین شانۆگەریی شێتەکانی ئەم رۆژگارە هەر رۆژێک لە کۆلێژێکی زانکۆی سەلاحەدین نمایش بکەین، ئەگەر مامۆستا و خوێندکاری زانکۆ کاتیان نەبێت بێنە هۆڵەکانی شانۆ، ئەوە ئێمە دەچینە کۆلێژەکانیان بۆ ئەوەی چێژ لە شانۆ وەربگرن".
یوسفی سەرقاڵی شانۆگەرییەکی دیکەشە بەناوی خوێنبەربوون کە لە نووسینی دکتۆر عەبدولڕەحمان تەمیمیە و تارق ئاکرەیی کردوویەتی بە کوردی. یوسفی لەگەڵ ژیار ئیسماعیل لەو شانۆگەرییەدا رۆڵ دەبینن.



## زەردی دێتە هەولێر

رووداو– هەولێر

نەوید زەردی، گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان بڕیارە رۆژی 19ی مانگی داهاتوو لە هەولێر ئاهەنگێک سازبکات و لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئاهەنگەکە لە زانکۆی کوردستان دەبێت و هەر لەوێش ئەلبوومی (نیگەران مەبە) بڵاودەکەمەوە".

نیگەران مەبە، سێیەمین ئەلبوومی گۆرانیی نەوید زەردییە و لە 11 تراک پێکهاتووە. نەوید گوتی "تێکستی چەند شاعیرێکی گەورە و بەناوبانگی کوردستانم بۆ ئەلبوومەکەم هەڵبژاردووە، لەوانەش شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو و رەنج سەنگاوی".

# هەفتەی فیلمی کوردی لە باسکی ئیسپانیا




رووداو– بلباو

هەفتەی فیلمی کوردی لە شاری بلباوی هەرێمی باسکی ئیسپانیا بەڕێوەچوو کە تێیدا چەندین کورتە فیلم و فیلمی دۆکیومێنتاری و فیلمی درێژ نمایش کران.

خوان سۆریۆ، یەک لە رێکخەرانی بۆنەکە بە (رووداو)ی گوت "بەم فیلمانە ویستمان رەوتی ئاسایی ژیان لە چوار پارچەی کوردستاندا نیشان بدەین و بڵێین کورد تەنیا خەریکی شەڕی سەپێنراو نییە، بەڵکو فیلمساز و هونەرمەندیشی هەیە".

هەر یەک لە فیلمەکانی "کۆبانێ، دەست پێبکەوە" کە بە زمانی ئیسپانییە، "منداڵانی دیاربەکر" لە دەرهێنانی میراز بێزار، "وڵاتە شیرینە بیبەرییەکەم" لە دەرهێنانی هونەر سەلیم و فیلمی "ساتێک بۆ مەستیی ئەسپەکان" لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی لەو فیلمانە بوون کە نمایش کران.



## فەرمانی رەش بۆ ئێزدییەکان

هیوا سەلاح
رووداو– هەولێر

نەوزاد شێخانی، دەرهێنەری کوردی ئێزدی، فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەسەر جینۆسایدی ئێزدییەکان بەرهەم دێنێ.

نەوزاد شێخانی دەربارەی ئەم فیلمە بە (رووداو)ی راگەیاند "فیلمەکە ناوی فەرمانی رەشە کە لەسەر شنگال و جینۆسایدی ئێزدییەکان بە دەستی داعش، بەرهەم هاتووە و هاوکات باس لە بردنی دۆسیەی ئێزدییەکان بۆ دادگای لاهای و بەرهەمهێنانی شاکاری سیمفۆنیای شنگال دەکات".

نەوزاد گوتیشی "فیلمێکی دیکەشم بەناوی تۆرن لە قۆناغی مۆنتاژدایە کە ساڵێکە لەسەر دەرکردنی ئێزدیەکانی جۆرجیا بەرهەم هاتووە. فیلمەکە لە شارەکانی باتۆمی و تبلیسی لە جۆرجیا و لە کوردستانیش لە لالش و شێخان وێنەی گیراوە، پێموایە ئەمە دەبێتە یەکەمین فیلمی سینەمایی ئێزدییەکان".

# پرۆژەکەی شەڵماشی بۆ هۆڵەندایە



هیوا سەلاح
رووداو– هەولێر

بێری شەلماشی، کچە دەرهێنەری کورد، فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ کەناڵێکی هۆڵەندی بەرهەم دێنێت.

شەلماشی بە (رووداو)ی گوت "بەنیازین بۆ ساڵی داهاتوو زنجیرە فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر هەولێر و بەرگریی پێشمەرگە لە خاکی کوردستان و ژیانی رۆژانەی هەرێمی کوردستان بەرهەم بهێنین و نیشانی هۆڵەندییەکانی بدەین".

شەڵماشی پرۆژەیەکی دیکەشی لەبەردەستە و دەڵێت "ئێستا سەرقاڵی نووسینی فیلمێکی درێژم لەسەر حیزبی دیموکرات، هاوکات ژیانی منداڵی خۆشم لە شاخ و چوونم بۆ ئەورووپا دەگێڕمەوە، بۆ ئەم کارەشم حکومەتی هۆڵەندا هاوکاریم دەکات".



## میدیا سکاڵا تۆمار دەکات

رووداو– سلێمانی


هونەرمەند میدیا حوسێن بەهۆی وەرنەگرتنی پارەی ئەلبوومێکی کە ساڵی 2012 بڵاوی کردووەتەوە، بڕیاری داوە سکاڵا لە دژی سەنتەرێکی بڵاوکردنەوە تۆمار بکات.

میدیا حوسێن بە (رووداو)ی راگەیاند "هەتا ئێستا پارەی ئەلبوومی گوڵستانم وەرنەگرتووە کە ساڵی 2012 لەگەڵ جێگری کوڕم بڵاومان کردەوە". گوتیشی "سەنتەرێک لە سلێمانی بڵاوی کردەوە و لەو کاتەوە تا ئێستا دەستی دەستیمان پێدەکات، بۆیە بڕیارم داوە لە دادگا سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەم".

سەبارەت بە کاری نوێشی، میدیا حوسێن گوتی "ماوەی ساڵێکە ئەلبوومێکی گۆرانیم ئامادەیە کە لە 7 تراک پێکهاتووە، بەڵام هێشتا پارەی ئەلبوومەکەی پێشترم وەرنەگرتووە، بڕیارم داوە ئەوەش بڵاونەکەمەوە، چونکە پارەکەم دەست ناکەوێتەوە".

## ئاهەنگی زەردەشتییەکان بەخۆڕاییە

رووداو– سلێمانی



کافتریای کولتووریی زەردەشت لە شاری سلێمانی کارەکانی لە سنووری شاری سلێمانی فراوانتر دەکات و لەمەودوا بانگهێشتی هونەرمەندانی ناوچەکانی دیکەش دەکات.

جەزای ساز خاوەنی کافتریای کولتووریی زەردەشت بە (رووداو)ی راگەیاند، لە ماوەی ئەمساڵی کارکردنیاندا و لە رۆژانی چوارشەممماندا میوانداری ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی شاری سلێمانییان کردووە و بێ بەرامبەر هاووڵاتیان ئامادەی ئاهەنگەکانیان بوون.

جەزا گوتی "لەم مانگەوە لە ناوچەکانی گەرمیان و شاری هەولێریش میوانداری هونەرمەندانمان کرد، بەنیازین بۆ ساڵی داهاتووش میوانداری هونەرمەندانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بکەین بۆ گێڕانی ئاهەنگ".

## منداڵانی کۆچبەر دەبنە وێنەکێش



رووداو–هەولێر

گرفتار کاکەیی، شێوەکار و کاریکاتێریستی کورد لە ئەڵمانیا، منداڵانی کۆچبەر فێری وێنەکێشان دەکات.

گرفتار کاکەیی بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ ئەوەی منداڵانی کۆچبەر لە کەمپەکاندا تووشی بێ ئومێدی نەبن، پڕۆژەیەکم هەیە ئەوان فێری نیگارکێشان بکەم، تاوەکو لە رێگای وێنەوە گوزارشت لە خەم و ناخۆشییەکانی خۆیان بکەن".

گرفتار گوتیشی "ئەو تابلۆ سادانەی منداڵان دەیانکێشن دەیان ماناو گوزارشت و خەونی ئەوان نیشان دەدات، لەگەڵ ئەوەش وادەکات لەڕووی دەروونییەوە ئارام و خۆشبەخت بن".

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ

لە ساڵی 2016 دا کارەکەت پێشکەوتنی گەورە بەخۆیەوە دەبینێ، یان لە جێگەیەکی نوێ کاردەکەن کە لەگەڵ ئارەزووەکانتاندا یەک دەگرێتەوە، لە رووی داراییەوە دەستکەوتەکان زیاتر دەبن، بەڵام خەرجییەکانیش بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەبن. لە سۆزداریدا دەبێت هەوڵی زۆر بدەن بۆ ئاواتی بچووک.

### گا

ساڵی 2016 ساڵێکی زۆر باشە و دەبێتە تەواوکەری ساڵی رابردوو، دەست بە تەواوکردنی ئەو کار و بیرۆکانە دەکەن کە لەنیوەدا وەستاون. ساڵێکی زۆر باشە بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی، ئەوانەی دەخوازن هاوسەرگیری بکەن یان پەیوەندییەک نوێ بکەنەوە سەرکەوتوو دەبن. لەڕووی داراییەوە هەنگاو بنێ و لە ئەنجامەکەی مەترسە.

### دووانە

لە ساڵی 2016 دا نابێت بە هەمان شێوەی ساڵانی رابردوو کاربکەیت، پێویستە توانا و شێوازی هەوڵدانت بگۆڕیت بۆ رێگەیەکی باشتر کە ناتەواوییەکانی ئێستا نەهێڵێ. کاتێکی زۆرت نییە بیبەخشیت بە پەیوەندیی خۆشەویستی، بە وریایی مامەڵە لەگەڵ باری دارایی بکە.

### قرژاڵ

ساڵی نوێی 2016 تەنیا ساڵێکی ئاسایی نییە، گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوەتدا دەهێنێ و پەیوەندیت بە هاوڕێیانتەوە بەهێزتر دەبێت و پەیوەندی نوێ دروست دەکەیت کە خۆشحاڵت دەکەن. باشبوونی باری دارایی هەوڵ و ماندووبوونی زیاتری پێویستە. پەیوەندیی ئەڤینداری کەمێک لە ئێستا باشتر دەبێت.

### شێر

ساڵی 2016 ئەگەر دەتەوێ لە هەموو لایەنەکانەوە باشتر ببێت تەنیا پشت بە خۆت ببەستە و رێگە مەدە زۆرینەی کاتت بە چاوەڕوانی بەهەدەر بڕوات. لەڕووی داراییەوە ساڵێکی زۆر باش دەبێت ئەگەر لەگەڵ دۆخەکە بەراوردی بکەیت. بۆ سۆزداری باشە ئەگەر زیاتر کراوە بیت و رێگە بە بەرامبەرەکەت بدەی هەستی خۆی دەربڕێت.

### فەریک

لە ساڵی نوێدا دەبیتە خاوەنی بەختەوەرییەکی گەورە، چونکە ئەستێرەی ژوپیتەر لە کەلوەکەت دەبێت، کارەکانت خێراتر دەگەنە ئەنجام و لە هەنگاوەکانتدا کەسانێک یارمەتیت دەدەن، دوودڵ مەبە لە وەڵامی داواکارییەکانت، دەتوانی کارێکی گرنگ ئەنجام بدەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ سوودی لێوەربگریت.

### تەرازوو

دەتەوێ لە ساڵی 2016 دا هەموو شتێک باش بێت، بەڵام بێ ئەوەی پلانێکت هەبێت هەرگیز گۆڕانکاری روونادات، درێژە بە کەللەڕەقی و عینادی مەدە. هەلێکی باش دەرەخسێت بۆ باشکردنی باری دارایی. چەند گرنگی بە سۆزداری بدەیت بە هەمان ئاست ئاسوودەت دەکات.

### دووپشک

بەدیهێنانی ئاواتەکانت لە ساڵی 2016دا دەبێتە راستی، هەرچەندە ماوەیەکی زۆری خایاند، بەڵام سەرکەوتنی گەورە لەو کاتەدایە کە خۆشی و ئاسوودەیی لە ئەنجامی هەوڵەکانت وەربگریت نەک بەشوێن هەڵەکانتدا بگەڕێی و سەرزەنشتی خۆت بکەیت. ئەڤینداری بەشێکی گەورەی ئاسوودەیی تۆ لە 2016 پێکدەهێنێ.

### کەوان

ساڵی 2016 ساڵی سەرکەوتن و بەرزبوونەوەی پلە و پایەیە لە کاردا، چالاکییەکانت لە ئەمساڵدا زیاتر دەبن و دڵسۆزیی چەند کەسێکت بۆ دەردەکەوێت. دەسکەوتەکانت بەرەو زیاتر دەچن، لەبارەی سۆزدارییەوە تووشی سەرسوڕمان دەبیت کە خەڵکێکی خاوەن پلە و پایە هەوڵ بۆ نزیکبوونەوە لەتۆ دەدەن.

### گیسک

لەم ساڵە نوێیەدا هەر پلانێکت هەبێت بۆ سەفەر یان خوێندن بەخت هاوکارییەکی گەورەت دەکات، خۆشەویستی رۆڵێکی گرنگی دەبێت، کاتێکی باشە بۆ ئەوانەی دەخوازن بەکەسێک بگەن لە شوێنێکی دوور یان دەرەوەی وڵات. لە رووی داراییەوە لە ساڵی رابردوو باشتر دەبێت. هیچ بەڵێنێک جێی بڕوا نییە هەتا بەڕاستی نەیبینی.

### سەتڵ

ساڵی 2016 ساڵێکی ئاساییە و بۆ گەیشتن بە هەر ئەنجامێک پشت بەهەوڵی خۆت دەبەستی، رێگرییەکان کەم دەبنەوە و فرسەتی گونجاو دەڕەخسێ لەو کارانەی جارێک شکستت تێدا هێناون بۆ ئەوەی هەوڵێکی دیکە تاقی بکەیتەوە، ئەم فرسەتە لایەنی سۆزداریش دەگرێتەوە.

### نەهەنگ

لە ساڵی 2016دا بەشێکی گەورەی بەختەوەریت بەردەکەوێت، بەڵام چۆن دەتوانیت سوود لەم فرستە باشە وەربگریت؟ دەستبەرداری میزاجیەت ببە و بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لە ساڵی نوێ بکە، هەرکاتێک تووڕە بوویت و خەم دایگرتی بزانە لەبەخت دوور دەکەویتەوە، بۆیە روو بکەرە ئاسوودەیی نەک دڵتەنگی.

# ڕۆشنبیری دژەڕۆشنبیر

**بەختیار کەریم**

مێژووی ڕۆشنبیریی ئێمە، مێژووی شکستێکی گەورەیە لەبواری گفتوگۆدا. لەو مێژووە کورتەدا، هیچ دیبەیتێک، گفتوگۆیەک، ئاڵوگۆڕێکی ڕۆشنبیریی بەرهەمدار بەدی ناکەین. لەبەرامبەردا ئەم مێژووە لێوانلێوە لە پێکداهەڵپڕژان و شەڕەدەنووک، پەلامار و دژەپەلامار، یەکتر داشۆرین، ڕەتکردنەوە و سڕینەوە، گشتاندن لەدژی گشتاندن و تەنانەت شەڕەجنێو. ئەگەر دابەشبوونی ڕۆشنبیریی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا، دابەشبوونێکی شێوای ئایدیۆلۆجی بووبێت، ئەوا دابەشبوونی ڕۆشنبیریی سەدەی بیست و یەک، هیچ ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆجی نییە. ڕۆشنبیری ئێستای ئێمە، لەسەر بنەمای جیاوازیی ئایدیۆلۆجی یان جیهانبینی و ئایدیا کارناکات، بەڵکو لەسەر بنەمای هەمان دابەشبوونی حیزبەکان و ئەجێندا سیاسییەکان، یان هەندێک جار لەسەر بنەمای کەڵتی تاکەکەسی یان گرووپی بچووک کاردەکات.

ئێمە شتێکمان نییە بەناوی گفتوگۆی گشتی. لە قوتابخانە و مزگەوت و زانکۆ، لەسەر گوێگرتنی بێدەنگ و سەیرکردنی کوێرانە ڕادەهێنرێین، فێر دەکرێین ڕاستییەکان چین، بەڵام فێر ناکرێین چۆن گومان لە ڕاستییەکان بکەین، چونکە گومان یەکێکە لە تاوانە گەورەکان! جیهانی ئێمە بەسەر دۆست و دوژمندا دابەش دەبێت، فێر دەکرێین چۆن شەڕ لەسەر ڕاستییەکانی خۆمان بکەین و چۆن پەلاماری ناڕاستییەکانی نەیاران بدەین. گفتوگۆ لەگەڵ نەیارەکانمان شتێک نییە کە ئێمە پێویستمان بێت. بەکورتی سیستەمی پەروەردەی ئێمە سیستەمێکی تەواو نازانستییە و بەرهەمەکەی مرۆڤێکە کە دژی بیرکردنەوەی زانستییە و زیاتر دۆستی گشتاندن و ڕملێدانە.

لەهەناوی ئەم کۆمەڵگەیەدا توێژێک لەدایک دەبێت، کۆمەڵێک ئومێدی گەورە دەبەخشێت و خوێنەران بە ئایدیاکانی و بە پرۆژە ڕەخنەییەکانی سەرسام دەکات. ئەم توێژە خۆی دەکات بە خاوەنی کۆمەڵێک ئیمتیاز، کۆمەڵێک ئەفسانە بەدەوری خۆیدا بینا دەکات و شەڕ لەسەر بەدەستهێنانی پارێزبەندی (حەسانە) دەکات. ئەم بوونەوەرە ناوی ڕۆشنبیرە و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە خۆیان بە بەرهەمهێنانی ئایدیا لە بوارە گشتییەکاندا سەرقاڵ دەکەن. پێویستە سەرەتا ئەو پێناسە مەحاڵە ڕەتبکەینەوە کە دەڵێت پێویستە ڕۆشنبیر لە یاخیبوونێکی هەمیشەییدا بێت بەرامبەر هەموو فۆرمەکانی دەسەڵات، چونکە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو ئەفسانانەی ڕۆشنبیران بینایان کردووە بۆ بەرتەسککردنەوەی بازنەی توێژەکەیان، پاش ئەوەی جۆرێک لە پیرۆزیی کۆمەڵایەتییان بەدەستهێنا.

لە ساڵانی ڕابردوودا، شەڕێکی مەرەکەباوی هەبوو لەسەر ئەوەی کێ ڕۆشنبیرە و مەرجەکانی ڕۆشنبیربوون چین. دەستەیەکی زۆر بچوک لە هاوڕێ و هاوشاری، ڕۆشنبیربوونیان پاوان کردبوو، ڕۆشنبیریان بەپێی خەسڵەتە تایبەتەکانی خۆیان پێناسە دەکرد، واتا کاڵایان بەقەد باڵا دەبڕی. ئێستا بەشێک لەو ڕۆشنبیرە کۆنانە و چەندێکی تر، شەڕێکی کیبۆرداوی دەکەن، لەسەر ئەوەی کێ ڕۆشنبیرە، دیسان پێناسەکە بەپێی خەسڵەتە تایبەتەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەمجارە بە ئامانجی ئەوەی کاڵا بەقەد باڵای ئەوان نەبێت. بەکورتی شەڕەکەی جارانیان لەسەر ئەوە بوو کە ئەوان و تەنیا ئەوان ڕۆشنبیرن، کەچی شەڕەکەی ئێستایان لەسەر ئەوەیە کە ئەوان ڕۆشنبیر نین، بەڵکو توخمێکی تازە هەڵکەوتووی ناو کوردن: توێژەر یان ئەکادیمیست.

تێڕامانی ورد لە نووسین و هەڵوێستەکانی ئەم توێژە، نیشانی دەدات کە جیاواز نین لە کۆی ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتە، تەنیا لەوەدا نەبێت کە بانگەشەی گەورە دەکەن و خاوەن جەماوەرێکن کە جگە لەوان بەدەگمەن کەسی دیکە و شتی دیکە دەخوێننەوە! بەم پێیە دەتوانین ئەم توێژە، کە خۆیان بە دژەڕۆشنبیر و ڕەخنەگر لە ڕۆشنبیر دەزانن، ناوبنێین (ڕۆشنبیری دژەڕۆشنبیر)، کە پێشتر و لە ناوکۆییەکی جیاوازی بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکانی خۆرئاوادا دیک پێڵس (Dick Pels) بەکاریهێناوە.

ڕۆشنبیری دژەڕۆشنبیر کە لافی ئەکادیمیبوون لێدەدات، هەر ماوەیەک، تێزێک، تیۆرێک، چەمکێک، تێمایەک و .. هتد، دەخەنە بازاڕی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە. ئەم تێز و چەمک و تیۆرانە، لە باشترین دۆخدا پاش دەیەیەک، لە خۆرئاواوە دەگوازرێنەوە بۆ ئێمە، بەڵام ئەم ئەکادیمیستانە ئامادەی هیچ جۆرێک لە گفتوگۆ نین لەسەر ئەم بابەتانە و بەشێوەیەک لەشێوەکان، مافی قۆرخکردنی ئەو بابەتە و قسەکردن لەسەری لە خوێنەرەکانی خۆیان دەستێننەوە. خوێنەر لای ڕۆشنبیری دژەڕۆشنبیر، لە بەرخۆرێکی بێدەنگ و چەپڵەوەشێندا کورت دەبێتەوە. لەکاتێکدا ئەم تێز و تیۆرانە، لە نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان کە خۆرئاوایە، لە دامێنی گفتوگۆ و دیبەیت و کەڵەکەبوونێکی چەند سەدەیی مەعریفە کەوتوونەتە خوارەوە.

ڕۆشنبیرە پیرۆزەکەی جاران و ئەکادیمیستە ناوازەکەی ئێستا، کاتێک ڕووبەڕووی هەوڵێکی ڕەخنەیی دەبنەوە، لەجیاتی گفتوگۆ دەڵێن: (تۆ کێیت گفتوگۆت لەگەڵ بکەم؟ پێویستە ئەو دەیان کتێب و وتارانە بخوێنیتەوە کە من نووسیومن، نەک تەنیا لە ڕوانگەی وتارێکی ڕۆژنامەوانییەوە گفتوگۆم بکەیت. من وەڵامی هەموو کەس نادەمەوە، نەکا لەڕێی منەوە بەناوبانگ بیت!) ئەم پاساوانە و دەیانی دیکە بۆ خۆدزینەوە لە گفتوگۆ، یەکێکن لە سیماکانی ئەکادیمیستی کورد، وەک بڵێی جمکی ڕۆشنبیری کورد بن! نەرجسیەت و خۆبەزلزانینێکی سەرسوڕهێنەر لەناو ئەم دوو توێژەدا خەسڵەتی هاوبەشن. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر ئارامیی ئەمانە دەشێوێنێ، نە ستەمکارییە و نە بڵاوکردنەوەی خورافە بەناوی زانستەوە، بەڵکو ڕەخنەیە کە ئاراستەی خۆیان دەکرێت!



لەڕاستیدا بەدەر لە ئامانجی ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ دواندنی ئەم ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستانە، بەدەر لە سادەیی و گشتیبوونی ڕەخنەکان، دەبووایە ئەم ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستە گەورانەی ئێمە، ئەوەندە خاکی بوونایە، بەشداریی گفتوگۆ گشتییەکانیان بکردایە. ئەم جۆرە لە گفتوگۆ و دیبەیت، گرنگترین بزوێنەری پێشخستنی هەر براڤێکی ڕۆشنبیرین، نەبوونیشی هۆکارێکی سەرەکییە لەپشت دواکەوتن و داتەپینی براڤی ڕۆشنبیریی ئێمەوە.

ڕۆشنبیرانی ئێمە لەسەر ئاستی نوێنەرایەتیکردندا شکستێکی گەورەیان خوارد و نەیانتوانی نوێنەرایەتی هیچ گرووپ یان دەستەیەکی کۆمەڵایەتی یان نەتەوەیی بکەن. هاوکات لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرانی ئێمە تەلیسمی "ڕەخنەگری ڕەخنەلێنەگیراو"یان بەدەوری خۆیاندا بینا کرد، بوونە بکوژی گفتوگۆ و دیبەیتی ڕاستەقینە و بەربەست لەپێش بەرهەمهێنانی خوێنەری بیرکەرەوەی ڕەخنەگردا. ئێستا ڕۆشنبیری دژەڕۆشنبیر، وێڕای دووبارە ژیاندنەوەی هەمان شکستەکانی ڕۆشنبیران، سەرقاڵی تۆخکردنەوەی هەمان کۆمەڵە وەهمن. تەنیا لەبەرئەوەی بانگەشەی ئەکادیمیبوون دەکەن، دەبێت ئێمەی خوێنەر بێ پرسیار تێزەکانی ئەوان لەئامێز بگرین، تەنیا لەبەرئەوەی بانگەشەی توێژەربوون دەکەن، دەبێت وتارە ڕۆژنامەوانییەکانیان وەک توێژینەوەی قووڵ سەیر بکەین. ئەگەر پرسیارێکیشمان هەبوو، نابێت ئارامییان بشێوێنین، بەڵکو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەیان کتێبەی نووسیویانە و لەوێدا وەڵامەکان بدۆزینەوە.

ڕۆشنبیری دژەڕۆشنبیر بەربەستێکی ڕاستەقینەیە لەبەردەم گەشەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دیبەیتدا، پێویستە بە بەتاڵکردنەوەی تەلیسمەکانیان، بە پووچەڵکردنەوەی بانگەشەکانیان، تێیانپەڕێنین و ئامادەبین گفتوگۆ بکەین، تەنانەت ئەگەر بەرامبەرەکەشمان هەڵە بێت.

# ترسی ڕۆشنبیری کوردا!



**ناسر باباخانی**

ئەگەر سەرجەم ئەو پێناسانەی بۆ ڕۆشنبیر کراون بخەینە تای تەرازووییەکەوە، دەکرێ دوو خاڵی سەرەکی و هاوبەشیان تێدا بەدی بکەین کە بریتین لە: داهێنان (Creation) و شوێندانەری (Effectiveness).


ڕێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان بەدی ناکرێن. دیارە داهێنانی فکری لە فەزایەکی تاکەکەسی و ئیزۆلە (Isolation)دا سازدەبێ، بەڵام شوێندانەری لە فەزایەکی گشتی و پەرەگیر (Inclusion)دا دواجار دێتەدی، واتە ئەگەر وەک پرۆسەیەک سەیری ئەم چەمکە بکرێ، دەتوانین بڵێین کە لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵ ڕێچکە دەبەستێ. بەدەر لەم ڕەوتە، ڕۆشنبیری دەبێتە پرۆسەیەکی سەقەت و ناتەواو!

ڕەنگە هێنانەوەی نموونەیەک بۆ باسەکە یارمەتیدەر بێ. کاتێ کە ئێدوارد سەعید کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی نووسی و شێوەڕوانینی یەکلایەنەی ڕۆژئاوای بۆ ڕۆژهەڵات بردە ژێر پرسیارەوە، ئەوەندەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای جیهانی هەبوو کە زانکۆکانی ڕۆژئاوای هەژاند و کتێبەکە بۆ زیاتر لە 36 زمانی زیندووی جیهان تەرجەمەکرا و بەسەدان وتار و بابەتی زانستی و ئەکادیمی لەسەر نووسرا، ئەمە واتە داهێنانی فکری. لەلایەکی دیکەوە کاتێ ئێدوارد سەعید لە وێنە ناسراوەکەیدا، هاوڕێی خەڵکی ئاسایی بەرد لە تانکەکانی ئیسرائیل دەگرێ (بەدەر لە شێوەڕوانینێکی بایەخدارانە) گوزارە لە بوونی ڕۆشنبیر لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا دەکات و ئەمە واتە شوێندانەری.

دیارە نموونەی مێژوویی زۆرن کە ڕۆشنبیری داهێنەر حزوورێکی کاریگەر و ڕەخنەگرانەی هەبووە لە کۆمەڵگەی خۆی و کۆمەڵگەی جیهانیدا. ئێنگڵس، گرامشی، ئادۆرنۆ، ئاڵتۆسێر، بۆردیۆ، سەعید، گراس و... مشتێ لە خەڵواری ئەم حزوورەن. بێگومان هیچ کوردێک وێنەی هارۆڵد پینتێری براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی لەبیر ناکا کە کاتی ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، بە نیشانەی دەنگ هەڵبڕین و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەردەم کۆنسولخانەی تورکیا لە لەندەن مانی گرتبوو!

واتە دەمەوێ بڵێم کە ئەگەر ڕۆشنبیری کورد تەنانەت لە قۆناغی یەکەم لە خەڵوەتی خۆیدا خەریکی ئافراندن و داهێنانە بە هەموو کەموکورییەکانەوە — کە لەم بابەتەدا بواری باسکردنیان نییە بە تایبەتی لە ڕوانگەی ڕۆشنبیری بەرهەمهێن و ڕۆشنبیری دابەشکار— ئەوە لە قۆناغی دووەمدا، واتە شوێندانەری، بەهۆی نەبوونی لەسەر ساحە و غیابی کردەوەیی، پرۆسەکە تووشی نوقسان و دواجار شکست دەکا. لە کوردستان ئەم پرۆسەیە بە کاملی نادیترێ یان تووشی خەلەلی جددی بووە، ڕەنگە زۆر هۆکار بکرێ بۆ ئەمە دەستنیشان بکرێ، بەڵام بە باوەڕی من گرینگترینیان بریتین لە: نەبوونی سەربەخۆیی فکری، سەربەخۆیی ئابووری، لاوازیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، لایەنگریی حیزبی و لە هەمان کاتدا لاوازیی ئاستی ژێرخانە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆمان. لەلایەکی دیکەوە دەبێ ئاماژە بە دەوری نەرێنی خودی ڕۆشنبیریش بکەین. دەمێک ساڵە دەستەواژەی "پۆزی ڕۆشنبیری" بۆ ئەم ڕووناکبیرانە دەکاردەکرێ کە لە قوللەی قافی گۆشەگیریرا نوسخە بۆ شەقام دەپێچنەوە بێ ئەوەی خۆیان لەناو بەتنی کۆمەڵگادا ئامادە بن، بۆیە ناکرێ ڕۆشنبیر خۆی لەناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکان وەک گۆشەنووس و ڕۆژنامەوان حەشار بدا، واتە دەبێ جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان چەمکی ڕۆشنبیری و نووسین بە هەموو فۆرمەکانی وەک شیعر، چیرۆک، وەرگێڕان، شانۆنامە، دەقێکی مۆسیقایی قایل بین و دەرئەنجام ناکرێ بە هەموو جۆرە نووسەر و گۆشەنووسی ڕۆژنامە و هونەرمەندێک بڵێین ڕۆشنبیر!

هۆکاری ئامادەنەبوونی ڕۆشنبیریش لەناو کۆمەڵگادا کە بووەتە هۆی لەمپەر لەبەردەم کامڵبوونی پرۆسەی ڕۆشنبیری، چەشنێ "ترسی مێژوویی"یە، ترس لە هەڵەکردن، ترس لە خوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ ڕووداوەکان. واتە ڕۆشنبیری ئێمە دەترسێ لەوەی ئەگەر ببێتە یەک لە کارەکتەرەکانی هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دواجار تووشی هەڵەیەکی سیاسی بێ، دۆڕاندوویەتی. ئەمە ڕێک بەپێچەوانەی دەوری ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییە. لە مێژووی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کەم نەبوون ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە قۆناغێکی زەمەنیدا بۆ بابەتێکی تایبەت لە هەڵسەنگاندنەکانیاندا تووشی هەڵە بوون و خۆشیان دانیان پێدا ناوە، بەڵام دواتر لەسەر بنەمای ئەم ئامادەگییە هەڵەکانیان ڕاست کردووەتەوە و بەگوڕتر لە پێشوو لە ساحەی سیاسیدا کاریگەر بوون. ڕۆشنبیری ئێمە وەک تاکێکی حیزبی ئاکامخوازە و بەدووی دەسکەوتەوەیە، بۆیە ئەو ترسەی دایم لە دڵدایە کە ئەگەر تووشی هەڵە بێ دەسکەوتێکی بۆ مسۆگەر نابێ، هەربۆیە دەگاتە ئەو قەناعەتە کە لە دوورەوە خەریکی داهێنان بێ با دەنگیشی نەگاتە گوێی خەڵکەکەی. ڕۆشنبیری کورد ئەگەر دەیەوێ دەوری خۆی هەبێ دەبێ ئەم ترسە مێژووییە وەلانێ و شەهامەتی ئامادەبوونی لەناو گەلەکەیدا هەبێ!


ژمارە (389) دووشەممە 2015/12/28

# ڕەخنەی دەروونناسانەی دەق و ئەفسانەی نووسەر



د. بەهمەن نامەور موتڵەق
وەرگێڕانی: سولەیمان سۆفی ساڵحی

شارڵ مۆرۆن ڕۆڵێکی گرینگی لە پەرەپێدانی ڕەخنەی دەروونشیکاریدا بینیوە، هەندێک لە لێکۆڵەران لەپاش فرۆید کە دانەری ڕەخنەی دەروونناسی بوو، وەک کەسایەتییەکی گەورە لەو بوارەدا باسی شارڵ مۆرۆن دەکەن. پەیڤی پێکهاتەیی، ڕەخنەی دەروونناسانە و ئەفسانەی کەسی، بەرهەمی ئەو ڕەخنەکارەن. توێژینەوەکانی مۆرۆن لە ڕەخنەی دەروونناسیدا هێندە بەبنەما و گرنگ بوو، کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر زۆرینەی توێژەرانی دوای خۆی دانا.

## ڕەخنەی دەروونناسانە

پەیڤی ڕەخنەی دەروونناسانە بۆ یەکەمجار لەلایەن شارڵ مۆرۆنەوە لە دەقەکاندا ڕەنگی دایەوە. ئەو، لە کتێبگەلێکی وەکو (ڕەخنەی دەروونناسانە) دا درێژەی بە پەرەپێدانی ڕەخنەی خۆی دا. بابەتی ئەم ڕوانگەیە ڕەخنەی (دەقی ئەدەبی ـــ هونەرییە). بابەتە سەرەکییەکە بەو هۆیەوە زۆر گرینگە کە تا پێش شارڵ مۆرۆن، بابەتی توێژینەوەی دەروونناسانە لەمەڕ ئەدەبیات و هونەر زۆرتر بە نووسەرەوە گرێ دەدرانەوە. هەروەها ڕەخنەی دەروونناسانەی زاڵ بەسەر دەقی بنەڕەتیدا، یان بە شێوازێکی دیکە، نووسەری وردبین و بنەماناس لە گۆڕێدا نەبوو. بەڵام دەسەڵات و زاڵبوونی بەردەوامی پێکهاتەخوازی، سەبارەت بە دەق، بەو تەوەرانەی کە تا پێش مۆرۆن بە شێوەی پاوانکراو لایەنگرییان لە نووسەر دەکرد، پەلی کەوتبووە نێو ئەوانیشەوە و ڕەنگدانەوەی لەوێشدا بەدی دەکرا. مۆرۆن خۆی لەبارەی ئەو پەیوەندییەوە دەڵێ: "ڕەخنەی دەروونناسانە دەیەوێ ناسینی ئێمە بەرامبەر بە دەقی ئەدەبی زیاتر بکات. ئەو کارە سەرەتا بە دۆزینەوە و کۆکردنەوەی سەرچاوەی سەرەکی بۆ خوێندنەوەی دەق و دواتر دەرهێنانی پەیوەندیگەلێک کە لە ناوەڕۆکی دەقەکەدایە و دەچێتەوە سەر دەروون و نیهادی ناوشیاری نووسەر، دەستنیشان دەکرێ و پاشان لەکار دێ".

لە ڕابردوودا، بەرهەمی ئەدەبی و هونەری وەکو ڕاوێژی زاری نەخۆشێک بۆ ناسینی هەست و دەروونی ئەو بەکار دەهات. لە ڕوانگەی فرۆید و لایەنگرانییەوە، دەقی ئەدەبی و هونەری ئامرازێکە بۆ ناسینی هەستی ناوشیاری نووسەر یان هونەرمەند.

هەروەتر لە ڕەخنەدا ژیاننامەی نووسەر ڕۆڵێکی کەمتر دەگێڕێ، لەبەر ئەوەیە کە مۆرۆن لە ئاڵوگۆڕی بابەت و دەوری خوێندنەوەکان لە ڕەخنەی دەروونناسیدا ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی هەیە. ڕەخنەی دەروونناسانە بۆ ئەو، وەک شێوازێک لە توێژینەوە دەچوو. هەروەکو لە پێشەکیی کتێبی ئاماژەپێکراودا دەڵێ: لە ڕەخنەی دەروونناسانەی شێوازی کۆمیک-دا (بەشی یەکەمی ڕەخنەی دەروونناسانە) یەک شێواز دابین دەکا و (بەشی دووەمی شێوازی کۆمیک) بازنەی لەکارکردنی ئەو شێوازە دەستەبەر دەکا".

ئەو هەروەها لە شرۆڤەی ڕەخنەی دەروونناسانەدا دەنووسێ: ڕەخنەی دەروونناسانە شێوازێکە لە ئانالیزکردنی ئەدەبی، بە شێوەیەکی ئەزموونکراو لە بەکارهێناندا. ئەو ڕەخنەیە دەیەوێ لە دەقەکاندا ئەو پەیوەندیانە ئاشکرا بکات و بێنێتە بەرباس کە لەوانەیە بە شێوەی دانستە لە کاتی داڕشتندا بیری لێ نەکراوەتەوە.

شارڵ مۆرۆن لە خوێندنەوەی (مالارمێی گوماناوی)دا سەرنجی خستە سەر ئەو خاڵانەی کە لەو نووسراوەیەدا چەندپات بوونەتەوە و لەنگەری لەسەر ئەم بەشە گرت، بەڵام ناساندنی ئەو خاڵانەی کە لەو وێنانەدا دووپات دەبنەوە و هەرکات دەبنە هۆی گرفت و گرێیەک و تاڕادەیەک خۆ نیشان دەدەن، ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕەخنەکارە نەبووە. ئەم خاڵە چەندپاتانە، بۆ نموونە (پرچەکان ـــ ئاگرەکان ـــ ڕۆژئاوا ـــ سەرکەوتنی ئەوین ـــ مردن) دەبێ لەو حاڵەتە ڕاوەستاوەی کە لەژێر مانای ئاشکرادا خۆی حەشار داوە، لەسەر بنەمای هەستی ناوشیار جیا بکرێتەوە. لە ڕوانگەی شارڵ مۆرۆنەوە، هەروەکو ڕەخنەکارانی دەروناسیی دیکە، ڕەخنەکار بەهیچ شێوەیەک بۆ وتە و پەیامەکانی نووسەر ناگەڕێ، بەڵکو کاری بنەڕەتیی ڕەخنەی دەروونناسانە، ناسینی ئەو پەیوەندیانەیە کە هەستی ئاگای نووسەر، کاتی خوڵقاندنی بەرهەمەکەی، مەعریفەیەکی بەرامبەر بە دەقەکەی نەبووە.

## ئەفسانەی کەسایەتی

شارڵ مۆرۆن لە هەندێک لەو خوێندنەوە دەروونشیکارانەی لەمەڕ هەندێک لە گەورەترین شاعیرانی وەکو مالارمێ ئەنجامی داون، کۆمەڵێک تۆڕی میتافۆری دۆزییەوە. ئەو تۆڕانە پەیکەری ئەفسانەکانی دەنەخشاند کە ناوی "ئەفسانەی کەسایەتی"یان لێنا.

مۆرۆن لە کتێبی (لێوڕێژ لە خواستن هەتا ئەفسانەی کەسایەتی)دا هەوڵ دەدا هەتا شێوازێکی ئەزموونکراو و زانستی بۆ گەیشتن بە ئەفسانەی کەسایەتی بهێنێتە بەرچاو. ڕەخنەی مۆرۆن پێداگرییەکی تایبەتی لەسەر خودی دەق هەیە و لەوێدا ژیاننامەی نووسەر بەپێچەوانەی زۆربەی ڕەخنەکارانی دەروونشیکاریی دیکە، گرنگییەکی کەمتری هەیە.

شارڵ مۆرۆن لەو ڕەخنەکارانەیە کە هەوڵ دەدا ڕەخنەکانی ڕەوان و ڕوون و ڕاشکاو بن. تیۆرییەکەی بە ئاشکرایی شرۆڤە کراوە و خۆی لەسەر ئەو ڕاشکاوییە سوورە. ئەو، شێوازی ڕەخنەکەی بە چوار خاڵ جیا کردووەتەوە و چەند جارێکیش لە کارەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە .

ئەو چوار خاڵەش بریتین لە:

1) دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک تۆڕی هێمای خەیاڵی بە کۆکردنەوە و خوێندنەوەی هەموو کارەکانی نووسەرێک، دەستی بە دیتنەوەی کۆمەڵێک تۆڕی وێنەیی خەیاڵی ئەو نووسەرە ڕادەگا.

2) دەستنیشانکردنی کاتە دراماتیکەکان، کۆمەڵێک هێمای خەیاڵی، ڕەخنەکار بەرەو هەندێک وێنەی پایەدار و بەردەوام لە بەرهەمی نووسەر دەبا، چەن وێنەیەک کە بە شێوازی ڕەنگاوڕەنگ لە دەقی فرەچەشندا خۆ دەبیننەوە.

3) دەستنیشانکردنی "ئەفسانەی کەسایەتی"ی نووسەر بە پێکەوەنانی ئەو وێنانەی بەردەوام و پایەدارن لە کارەکانی نووسەردا، یەک وێنەی گەورە و شاراوە کە جارجار دەردەکەوێ، ساز دەبێ و هەر ئەوەش ئەفسانەی کەسایەتیی نووسەرە.

4) هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستیی "ئەفسانەی کەسایەتی" بە خوێندنەوەی ژیاننامەی نووسەر، لە کۆتاییدا بۆ ئارخەیانیی زۆرتر لە بەرهەمی ڕەخنەکە وا باشترە لەگەڵ ژیاننامەی نووسەر بەراورد بکرێ. جیا لەو ڕەخنانەی کە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر لایەنگرانی مەکتەبی فرۆید هەیە، یەکێک لەو گرنگترین ڕەخنانەی کە لەسەر ڕەخنەی دەروونناسانە کراوە، لەلایەن "دوبرووفسکی"یەوە بووە کە پێیوایە، ڕوانگە و ڕەخنەی شارڵ مۆرۆن دەبێتە هۆی لەنێوچوونی سەربەخۆیی بەرهەم و دەق، چونکە بەردەوام لە شێوازەکەی ئەودا کەسایەتی یەک دەق و بەرهەم بە یەک ئەفسانەی کەسایەتییەوە لکاوە. لەڕاستیدا مۆرۆن بە خوێندنەوەی هەموو بەرهەمەکانی نووسەرێک دەقێکی مەزن پێکدێنێ کە هەموو کارەکانی ئەو نووسەرە لەخۆدەگرێت.

سەرچاوە:ڕۆژنامەی (تهران امروز).

# مەرگی عاشق و مەرگی نووسەر



حەمەسەعید حەسەن

لەناکاو ڕۆژێ، ژینم دوایی دێ
بەڵام تا لەنێو
یاد و خەیاڵی، تۆدا زیندووبم
وەک ئەوە وایە، هێشتا هەر بژیم
وەک جاری جاران، هەر پێکەوەبین،
کە سەر لە ڕۆخی، زەریاکە دەدەی
لەوێ من لەنێو، شەپۆلەکاندام
بەهاران دەستت، لە نێو دەستمایە
لە گوڵەکاندام
لەنێو سترانی، باڵندەکاندام
لەنێو فرینی پەپوولەکاندام،
لە چاوەکانت، فرمێسکێ بڕژێ
من لەناویدام
لە هەر دڵۆپە، بارانێکیشدام
کە دەنووک بدا، لە پەنجەرەکەت
لەنێو هەر کولوە، بەفرێکیشدا هەم
کە بەبەر چاوی، تۆوە بباری
هەر گۆرانییە، گوێی بۆ ڕادێری
من لەناویدام
هەتا لە یادی، تۆدا زیندووبم
مەحاڵە بمرم.

ئەم شیعرە کە دیار نییە کێ نووسیویەتی و لە سوێدییەوە کردوومە بە کوردی، قارەمانەکەی هەرچەندە مردووە، بەڵام چونکە لە یادی ئەویندارەکەیدا دەژی، هەر خۆی بە زیندوو دەزانێت. ڕەنگە بایەخدان بە شیعرێکی وا کە هەم نووسەرەکەی نەناسراو بێت و هەم قارەمانەکەیشی مردبێت، ماددەیەکی باش بێت، بۆ ڕێزلێنان لە یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی ڕەخنەگری پۆست ستروکتورالیست: ڕۆلان بارت (1915 — 1980) کە خاوەنی تێزی مەرگی نووسەرە.

ڕەخنەگر ئازادە بە کام مێتۆد دەقێک دەخوێنێتەوە، ئاخر بۆ هەڵسەنگاندنی دەقێک چەندان ڕێبازی ڕەخنەیی هەن، لەوانە: دیرۆکخوازی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، بونیادخوازی، هەڵوەشاندنەوەخوازی، فۆرمالیستی و فێمینیستی. ئیشکردن لە ناوەوەی دەقدا، بایەخنەدان بە هیچی دیکە لە دەق بەولاوە و گوێنەدان بە ژیاننامەی نووسەرەکەی، سەرەتاکەی بۆ هەوڵەکانی فۆرمالیستە ڕووسەکان دەگەڕێتەوە. ئەوەی کە بارت باسی مەرگی نووسەری کردووە، ڕەنگە هەر درێژەپێدانی ڕێبازی فۆرمالیستەکان بێت، ئاخر لای )بارت)یش کە دەق دەخوێنینەوە، نووسەرەکەی لە گۆڕێ نییە، تەنیا تێکستێک لە ئارادایە و خوێنەرێکی چالاک.

دەق ئەوە نییە کە نووسەرێک دەینووسێت و تەواو، کاتێک دەبێت بە دەق کە خوێنەران دەیخوێننەوە، بەشداری لە نووسینەوەیدا دەکەن، لێکی دەدەنەوە، کۆدەکانی دەشکێنن، بۆشاییەکانی پڕ دەکەنەوە و نەگوتراوەکانی دەڵێن. دەق بوار بۆ خوێنەر جێ دەهێڵێت، بەگوێرەی پاشخانی مەعریفیی خۆی، بەشداری لە نووسینەوەیدا بکات. ئەو چەشنە لە دەق بە نەمریی دەمێنێتەوە، کە پێوەندییەکی دیالێکتیکی بە خوێنەرەوە هەبێت، هەم کاریگەرییەتیی لەسەر خوێنەر هەبێت، هەم خوێنەریش کاریگەرییەتیی لەسەر دەقەکە هەبێت.

هەقە ئەوەیش بڵێم، هەر چییەک بڵاو کرایەوە، دەق یان شیعر نییە، ئاخر زۆر لەو نووسراوانەی بڵاو دەکرێنەوە، لە وڕێنە بەولاوە هیچی دیکە نین. تەمومژێکی تەنک ڕووی دەقی شیعری دادەپۆشێت کە زادەی قووڵییە، بەڵام ئاڵۆزی، لە ئەنجامی ئاستنزمییەوە سەرهەڵدەدات. وەک چۆن جەنەڕاڵ هەیە، چەندان مەدالیا بەرۆکی ڕازاندووەتەوە، هەرچەندە لە نسکۆ زیاتر، هیچ سەرکەوتنێکی تۆمار نەکردووە، نووسەریش هەیە، چەندان ڕۆمانی بڵاو کردووەتەوە، بێ ئەوەی یەکێکیان بکەونە خانەی دەقی ئەدەبییەوە.


دەق چونکە بۆ خوێنەر دەنووسرێت، یەکێک لەو هۆکارانەی نەمریی بۆ دابین دەکات، ئەوەیە بوار بۆ بەشداری پێکردنی خوێنەر، لە سەرلەنوێ نووسینەوەیدا بڕەخسێنێت، ئاخر خوێنەریش لە ڕوانگەی خۆیەوە، دەقەکە بەرهەم دەهێنێتەوە. دەقێک کاردانەوەی خوێنەری بەدوادا نەیەت، ناکەوێتە خانەی داهێنانەوە، چونکە دەقی نەمر دەقێکە، چێژی لێ وەربگرین و وەک ئەرەستۆیش لە هونەری شیعردا باسی کردووە، هێندە کاریگەر بێت، بەشداری لە پاکژکردنەوەی ناخماندا بکات.

دەقی ئەدەبی مانایەکی نەگۆڕی نییە، ماناکەی وابەستەی لێکدانەوەی خوێنەرە، ئەو خوێنەرەی توانا و سەلیقەی ئەوەی هەیە، بە ناخی تێکستەکەدا شۆڕ ببێتەوە و چێژی لێ وەربگرێت، ئەو خوێنەرەی هەم بکەوێتە بەر کارلێکی دەقەکە و هەم کاریگەرییەتی لەسەر دەقەکە جێ بهێڵێت، ئەو خوێنەرەی توانای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی هەبێت، نووسەر بۆ سەلیقەی خوێنەری جێ هێشتوون. دەقی ئەدەبی بۆ ئەوەی هەبوونی خۆی بسەلمێنێت، پێویستی بە خوێنەرێکی داهێنەر هەیە کە بتوانێت بە هۆشیارییەکی فراوان و قووڵەوە بیخوێنێتەوە، توانای هەڵبەستنی پردی لە نێوان خۆی و دەقەکەدا هەبێت، دەرک بەوە بکات لە دەقەکەدا زمان چۆن وەگەڕ خراوە و هەر وەرگر نەبێت، بەرهەمهێنیش بێت.

سەروەختی خوێندنەوە ئەوە تەنیا دەقەکە نییە، کار دەکاتە سەر خوێنەر، خوێنەریش کار دەکاتە سەر دەقەکە. کارلێکی خوێنەر لەسەر دەقەکە کاتێک بە دیار دەکەوێت کە خوێنەر بە پشتبەستن بە پاشخانی ڕۆشنبیریی خۆی، دەقەکە شی دەکاتەوە و پەی بە نهێنییەکانی دەبات. خوێنەر کەسێکە دەرک بە تایبەتمەندییەکانی دەق دەکات و دەیشزانێت دەقەکە سەر بە کام ژانر و کام ڕێبازی ئەدەبییە. خوێنەر کە دەق لێک دەداتەوە، لێکدانەوەکەی خۆی، بە دوا لێکدانەوە نازانێت و لێکدانەوەی ئەوانی دیکەیش لەبەر چاو دەگرێت، ئاخر دەزانێت بەندکردنی دەق لە بازنەی یەک لێکدانەوەدا، کوشتنی دەقە.

وەک چۆن نووسەر دەقێک دادەهێنێت، خوێنەریش سەرلەنوێ هەمان دەق لە گۆشەنیگای خۆیەوە دادەهێنێتەوە، چونکە دەق بەر لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی خوێنەر بۆی، وەک جەستەیەکی بێ گیان وایە، ئەوە خوێنەرە لە ڕێی خوێندنەوەی بەرهەمهێنەوە، لە داروپەردووی دەقە ئۆرگیناڵەکە، دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت و گیانی بەبەردا دەکات، ئاخر دڵی دەق تەنیا بە هۆی خوێندنەوەوە دەکەوێتە لێدان.

دەقی زیندوو، یەقینێک ناسەپێنێت، ئەگەر هەڵگری فیکرێکیش بێت، فیکرێکی پێیە پرسیار و گومان دەورووژێنیت. ڕۆلان بارت دیسکۆرسێکی هێنایە گۆڕێ کە پرسیاری بەرهەم دەهێنا. سیمۆلۆگیا کە وێڵی دوای مانا و هەموو ئەو ڕەگەزانەیە مانا پێک دەهێنن، یەکێکە لەو بوارانەی بارت تێیدا چالاک بوو. مانا دوو لایەنی هەیە، دال لایەنە ماددییەکەیەتی و مەدلوول لایەنە زەینییەکەی. بارت دژی داوەرییە تیۆرییە پێشوەختە حازربەدەستەکان بوو، لەنێو دەقدا بۆ مانا دەگەڕا و بایەخێکی زۆری بە خوێنەر دەدا، ئاخر پێی وابوو، دەق بە هۆی خوێنەرەوە گەشە دەکات و گەورە دەبێت، چونکە ئەوە خوێنەرە سەرلەنوێ دەینووسێتەوە. ڕەخنەی ئەدەبی پێش بارت بایەخێکی زۆری بە نووسەر دەدا، ئەوە ئەو بوو، جاڕی مەرگی نووسەری دا و بەها و شکۆی بۆ دەق و بۆ خوێنەر گەڕاندەوە و دەیگوت: ئەوە خوێنەرە هەم مانا بە دەق دەبەخشێت و هەم چێژیشی لێ وەردەگرێت.



25ی دیسەمبەری 2015
هەولێر

(١) محمد یوب، نظریه التلقي والتأويل.
(٢) خیری منصور، شعراء بلا قصائد.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# ئینعاشستان

خرۆشۆف دەڵێ سیاسەتکاران هەموویان وەک یەک وان، بەڵێن دەدەن پرد دروست بکەن، با رووباریشی لێنەبێ.

جا بۆی هەیە ئەمەش دوو هۆکاری هەبن، یەکیان ئەوەیە درۆ بەشێکە لە سیاسەتکردن، ئەوەی دیکەشیان دوور نییە کاری ئەوەبێ هەورازی تەمەن تەنگی بە هەناسە و بیری سیاسەتکاران هەڵچنیبێ، ئەی ئەوە نەبوو شا عەبدوڵڵای سعودستان، لە کردنەوەی شارێکی وەرزشیدا گوتی پیرۆزبایی لە گەلی سعودیەی شەقیق دەکەم! نزیکبوونەوە لە لێواری خەڵەفاوی نەبێ، ئێوە هەرگیز دەسەڵاتدارێکتان بینیوە بەگەلەکەی خۆی بڵێ گەلانی دراوسێ؟

پیری و نەخۆشی شەرم نین، بەڵام دەستگرتن بە پلە و پایەوە بە شل و شەکەتی، بەر لەهەر شتێک سووکایەتی بەخۆکردنە. بەشێک لە هۆکاری کەڵەکەبوونی کێشە لە کوردستاندا، دەستبەرنەدانی ئەو سەرۆک و سکرتێر و رێکخەر و ئەمیندار و رابەر و میم سینانەن کە تەمەن و نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنیون و واز ناهێنن. ئەوانەن کە دەتوانن لەم چەند ساڵەی لە ژیاندا ماویانە، لەبری شەڕەشەقی سەر ئەم و ئەو تیڤی، لە کەنار دەریایەک شەڕەئاو بکەن.

ئەندامێکی میم سینی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە داوایان لێکردبوو بەهۆی تەمەن و نەخۆشییەوە خۆی لە کۆنگرەی حیزبدا کاندید نەکاتەوە، گوتبووی: خۆ سیاسەت تۆپانێ نییە لەبەر پیری پێم نەکرێ. تێڕوانینی کورد بۆ سیاسەتکردن ئاوهایە. یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، بە دەست و ددان سێبەری رێزدار تاڵەبانییان گرتووە و بەری نادەن. تاڵەبانی رۆڵ و ژیانی خۆی بە تێری گێڕاوە، بەڵام ئەوە سروشتی سیاسەتکردنی کوردە بە پەککەوتوویش ناتوانێ دەستبەرداری کەسی یەکەم بێ، راستییەکەی پێناچێ هیچ حیزبێکی کوردی، کەسی دووەمی هەبێ. ئەها بزووتنەوەی گۆڕان بە نەخۆشکەوتنی رێزدار نەوشیروان مستەفا، گیرۆدەی نەگۆڕین بوو. مێژووی رێزدار کۆسرەت رەسوڵ عەلی لە پێشمەرگایەتیدا شاراوە نییە، حەیفە هەموو دەرکەوتنێکی لە تەلەڤزیۆنەوە ببێتە مایەی ئەوەی دڵت بۆی بسووتێ.

جا خۆش ئەوەیە هەموو ئەم سیاسەتکارانەی کورد، کە پیری و نەخۆشی ماندووی کردوون، نزیکەی پەنجا ساڵە پێکەوە کار دەکەن، کەچی ئەمڕۆ لەگەڵ یەک شەڕ دەکەن، ئێوە ژن و مێردتان بینیوە دوای پەنجا ساڵ هاوبەشیی ژیان، جیا ببنەوە؟!

رۆناڵد ریگان بەر لەوەی تووشی ئالزهایمەر بێت، هەر بەوە ناسرابوو کە شتی لەبیر دەچێتەوە، رۆژنامەنووسێک لێی دەپرسێ تۆ بەڵێنت دابوو ئەگەر زەینت بەرەو کوێربوونەوە چوو دەستبەرداری پۆستەکەت بی. ئەویش لە وەڵامدا گوتی بە بیرم نایەت شتی وام گوتبێ.

سەرکردەکان، ئەگەر لە بیرقووڵییەوە بەرەو بیرکوڵیی چوون، رەزاشیان گران دەبێ، ریچارد نیکسۆن بە رەزاگرانیی ناسرابوو، دەڵێن جارێک بڕیاری داوە بچێ لە زیندان وتار بۆ زیندانییان بخوێنێتەوە، هەر زوو زیندانییان نارەزایەتییان دەربڕی و گوتیان بڕیاری سزادانمان، گوێگرتن لە وتاری سەرۆکی تێدا نییە.

---



عارف قوربانی

# کورد، تاکە بژاردەی بەهێزبوونی تورکیا

بەدرێژایی نزیک سەد ساڵی رابردووی تەمەنی، تورکیا ویستوویەتی وەک وڵاتێکی بەهێز و خاوەن پێگە و کاریگەر لە ناوچەکەدا خۆی وێنا بکات، رەنگە بەشێکی ئەم مەیلە، هۆکاری دەروونی بووبێت کە لەسەر میرات و پاشماوەی شکستی خەلافەتی عوسمانی و لە منداڵدانی پیاوە نەخۆشەکەوە هاتبوو. بۆیە وەک کاردانەوەیەکی دەروونی، پێویستی بەو هەیمەنەیە هەبوو.

هەرچەندە لە پاشماوەی دەوڵەتێکی رووخاو و لە جوگرافیایەکی پڕ لە کێشە و ململانێدا بناغەی دەوڵەتەکەی دا کە مەحکوم بوو بە پەیوەندییە شێواو و دوژمنایەتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام زوو کەوتە قۆناغی گەشەکردنەوە. لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بووە وڵاتێکی خاوەن پێگە لە ئاستی نێودەوڵەتی، لەڕووی ئابوورییەوە گەشەی خێراو گەورەی بەخۆیەوە بینی و ئەوەی دەیویست لە زۆر بواردا پێی گەیشت.

نزیک بە سەد ساڵی رابردوو سەدەی باڵاکردنی تورکیا بوو، گەیشتەوە ئاستێک خەون بە خەلافەتەوە ببینێ و چاوی بڕیبووە سنوورەکانی عوسمانی، دەستی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکە وەردەدا و دەیویست سەرکردایەتی بەرەیەکی فراوانی سوننیی ئیسلامی بکات.

بەڵام گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە لەم ساڵانەی دواییدا کە بە قازانجی تورکیا نەبوون، هاوکێشەکانیان پێچەوانە کردەوە. ئێستا تورکیا بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت لەبەردەم گلۆربوونەوەدایە. شەڕی داعش زۆر شتی گۆڕی، کرانەوەی گۆڕەپانی عێراق و سووریا بەڕووی زلهێزەکان، ئەو رۆڵەی تورکیای لاواز کرد کە پێشتر وەک بەدیل رۆڵی ئەوانی دەگێڕا.

لە بەرامبەردا بەهێزبوونی پێگەی ئێران، مانەوەی ئەسەد، هاتنەناوەوەی راستەوخۆی رووسیا، خۆ دوورگرتنی ئەمریکاو ناتۆ لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی رووسیا، هەروەها لاوازبوونی بەرەی ناوخۆیی تورکیا، هەموو ئەمانە پێکەوە تورکیا لە لوتکەکە دەهێننە خوارەوە. تاکە بژاردەیەک تورکیا بە بەهێزی بهێڵێتەوە، بتوانێت دەستی بۆ بەرێت و بەکاری بهێنێت بۆ بەهێزبوونەوەی، یان بۆ مانەوەی لەو پێگەیەی بۆی دروست بووە، ئەو شتەیە کە سەد ساڵە لێی دەترسێت. ئەویش پرسی کوردە لەو وڵاتە.

تورکیای نوێ تەمەنی خەریکە پێدەنێتە سەدەیەکەوە، بەدرێژایی ئەم سەد ساڵە سڵی لە مەسەلەی کورد کردووەتەوە، لە ئینکارکردنی بوونی کورد لەو وڵاتە، دانپێدانەنان بە پێکهاتەی دیکە جگە لە تورک، تا کۆمەڵکوژی و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان، ئاوارە و دەربەدەرکردنی سەدان هەزار کورد و پەراگەندەکردنیان بۆ وڵاتانی دیکە. سەرئەنجام کورد لە تورکیا بەهێزتربوون، رەوایەتی مەسەلەی کوردیش بووە واقیعێک کە دەسەڵاتدارانی ئێستای تورکیا دانی پێدادەنێن، بەڵام ترسیان لە دەستبردن بۆ چارەسەری هەیە، جارێک بەناوی گۆڕینی دیموکراسی و جارێک بەناوی پرسی چارەسەری و جارێک بەناوی پرۆسەی ئاشتی، لە هەموو ئەو حاڵەتانەشدا تەنیا درێژکردنەوەی تەمەنی کێشەکان و قووڵکردنەوەیان بووە.

ئەوەی تورکیا لێی دەترسا و سەدەیەکە وەک خاڵی لاوازی تورکیا دەیبینێت، لە راستیدا خاڵی لاواز نەبووە بۆ تورکیا و دەکرا بۆ بەهێزکردنی وڵاتەکە سوودی لە چارەسەری کێشەی کورد وەرگرتبا، بەڵام نکوڵیکردن و چارەسەرنەکردنی کێشەکە لە ئێستادا بووەتە خاڵی لاوازی تورکیا و ئەوەتا بەو هۆیەوە وڵاتانی نەیاری تورکیا دەیانەوێ سوود لە کارتی کورد وەربگرن بۆ لێدان لە تورکیا. لە حاڵی حازردا خەریکە دۆخی ناوخۆیی تورکیا بە ئەندازەیەکی مەترسیدار بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە، بنکۆڵ دەبێت. ئەوەش سەنگی مەحەکە بۆ لاوازکردنی پێگەی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا. تەنانەت بەشێک لە دۆست و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی تورکیا، نیگەرانییان لە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە مەسەلەی کورد گەیشتووەتە ئاستی بێئومێدی لە ئایندەی تورکیا.

ئەگەر تورکیا بەو جۆرەی ئێستا مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد بکات، رۆژ لەدوای رۆژ لە ئاستی ناوخۆ و لە ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا پێگەو رۆڵی لاواز دەبێت و بەرکەنار دەخرێت، لە ئاستی ناوخۆشدا ناسەقامگیری و شەڕ و کوشتار تا دێت زیاتر پەرەدەستێنێ، رووداوەکان بەرەو پێشهاتی مەترسیدار و لێکترازانی کۆمەڵایەتی تورکیا دەبرێن و سەرئەنجام ئەگەر کوردیش بەو رێگەیە هیچی دەست نەکەوێت، ئەوە تورکیاش نەک وەک دەستکەوت هیچی لێ ناچنێتەوە، بگرە زیانی گەورە دەکات و هیچ دوور نییە هاوشێوەی عێراق و سووریا ببێتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی کێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان.

بەڵام ئەگەر تورکیا ئەو تەلیسمی ترسە لە کێشەی کورد بشکێنێ و ئازایانە بڕیار لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بدات، ئەوە جارێکی دیکە هاوکێشەکە بە قازانجی بەهێزبوونەوەی تورکیا لەناوچەکەدا دەگۆڕێت. تورکیا بەوە بەرەی ناوخۆیی بەهێز دەکات، بەو هۆیەوە کێشەی لەگەڵ رۆژئاوای کوردستانیش نامێنێ و بە پێچەوانەوە رۆژئاوای کوردستان دەبێتە پێگەیەکی بەهێز بۆ بەهێزبوونەوەی تورکیا و کاریگەری لەسەر تەواوی سووریا و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە. لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکەوە و دەتوانێت بە پشتیوانیی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان خۆی لە قەیرانی دوورمەودای وزە رزگار بکات. بشبێتە هاوبەشێکی گەورە لەو کەرتە بۆ پەڕینەوە بۆ ئەورووپا.

لەبەرامبەر رکابەری و هەیمەنەی ئێران، دەتوانێ کارتی کوردی شانبەشانی ئازەرییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەکاربهێنێ. بەوەش تورکیا دەبێتە جەمسەرێکی گەورەی ناوچەکە.

جگە لەم بژارەیە، تورکیا هیچ رێگاو بژارەیەکی دیکەی لە بەردەست نییە بۆ بەهێزبوونی پێگەو دەسەڵاتەکانی، بەڵکوو پێچەوانەکەشی راستە، بەبێ گرتنەبەری ئەم رێگەیە هیچ بژارەیەکی دیکەی نییە کە بتوانێ بەهۆیەوە پارێزگاری لە مانەوەی پێگەی ئێستای خۆی بکات. ئەمەش بەو مانایەی کێشەی کورد لە تورکیا بووەتە شمشێرێکی دوودەم، تورکیا دەتوانێ بە چارەسەرکردنی سەری نەیارەکانی پێ ببڕێتەوە، چارەسەرنەکردنیشی سەری تورکیا دەبڕێتەوە.

---



هیوا حاجی

# دەوڵەتێک بۆ دوو پارێزگا

شەقبوونی نێوماڵی کورد گەیشتووەتە ئاستێک کە هەندێ قەڵەم باس لە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، ئەگەر تەنانەت لەسەر رووبەری دوو پارێزگاش بێت. گوتراوە کە "پارتی سەربەخۆیی هەر رادەگەیەنێت ئەگەر تەنیا لە هەولێر و دهۆکیش بێت".

من دڵنیانیم لەوەی ئەم تێزە رەنگدانەوەی سیاسەتی پارتی بێت، بەڵام گومانیشم لەوە نییە کە بژارەیەکی لەم چەشنە، بە لەبەرچاوگرتنی تەنگژەی قووڵی نێوخۆی هەرێمی کوردستان، دەکرێ لەسەر مێز بێت. رەنگە کەسانێک هەبن پێیانوابێ پارتی و لایەنە سیاسییەکانی دیکە گەیشتوونەتە بنبەست و رووبەری کارکردنی هاوبەش لە نێوانیاندا، تا رادەی نەمان، کەم بووەتەوە. لێرەوە پێیانوایە کە پارتی دەتوانێ یەک لایەنە جاڕی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بدات. لایەنەکانی دیکەش، کە نفوزی سیاسی و سەربازییان لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیانە، دواتر سەرپشک دەکرێن لەوەی بەشێک بن لەو دەوڵەتە یان لە دەرەوەیدا بمێننەوە. رەنگە ئەم ئێرگیومێنتە ئەوەشی لەبەرچاو بێت کە ئەم بژارەیە ئیحراجییەکی زۆر بۆ لایەنەکانی دیکە دروست دەکات ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان رەت بکەنەوە یان ئەگەر بیانەوێ لەدەرەوەیدا بمێننەوە.

هەرچۆنێک بێت، بە تێگەیشتنی ئێمە، دیدێکی لەم شێوەیە، لە رووی ئەخلاقی و سیاسییەوە نادروستە. بەر لە هەرشتێک دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەر دابەشبوونێکی سیاسی دیکەی هەرێم، بە تایبەتی ئەگەر دابەشبوونەکە ئەوندە گەورە بێت کە پێشنیار دەکرێت، دەبێتە سەرچاوەی لەتبوونێکی کۆمەڵایەتیی درێژخایەن بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان. ئەگەر لە کاتی ئێستادا، هەندێ لە یاسا و رێنماییەکانی حکومی لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان جۆرێک لە هەستی هاوبەش بە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بدەن بەوەی هەموومان هەمان کتێب دەخوێنین و شمولی هەمان خزمەتگوزاری تەندروستی و باج دەکەین، ئەوا لە ئەگەری دابەشبوونی سیاسیی زیاتردا، ئەو هەستەش لەگەڵیدا بەرەو ئاوابوون دەچێت. ئاکامێکی لەو بابەتە هەرچەندە سیاسی دێتە بەرچاو، بەڵام مەسەلەیەکی تەواو ئەخلاقیشە. یەکێتی مێژوویی کوردان و چارەنووسی هاوبەشمان، بە نزیکەیی، بەشێک بووە لە گوتاری سیاسی حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان. تا ئێستاش رۆڵەکانی ئەم هەرێمە هەر لەژێر هەمان ئەو دروشمەدا خوێنیان لێ دەچۆڕێ. لەبەر ئەوە لەتکردنی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە راستگۆیی مێژوویی لایەنەکانەوە هەیە و هەر هەنگاوێکیش بە ئاراستەی پێچەوانە وەک مەسەلەیەکی نائەخلاقی دێتە بەرچاو.

رەنگە خەڵکانێک هەبن بڵێن سیاسەت و ئەخلاق دوو کایەی جیاوازن و مەرج نییە هەمیشە تێکبکەنەوە. من بە پێچەوانەی ئەوە دەڕوانم و پێموایە هەرچەندە سیاسەت بابەتێکی ریالیستی یان پراگماتیکی بێت، وەک هەر بابەتێکی دیکە، رەهەندی ئەخلاقیی بەهێزی هەیە. سیاسەت پەیوەندی توندی بە راستگۆیی، بەرژەوەندیی گشتی، مافی مرۆڤ، یەکبوون و پێکەوەبەسترانی کۆمەڵایەتی و چەندین بابەتی دیکەی ئەخلاقییەوە هەیە. سیاسەت هەر زانست و ئەزموون نییە، بەڵکو لەگەڵیشیدا پابەندبوونە بە بەها باڵاکان و هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆ هەمووان. مرۆڤی سیاسی وەک پزیشک و مامۆستا و دارتاش وایە کە تەنیا شارەزایی و لێهاتووییەکەی بەس نییە، بەڵکوو پابەندیی ئەخلاقیشی لە ئاست نەخۆش و قوتابی و کڕیاردا زێدە گرنگە. بۆیە سیاسەت ئەگەر لە ئەخلاق دابڕا، ئەوەی دەمێنێتەوە پیشەیەک دەبێ بۆ وێرانکردن و خزمەتکردنی خواستی خۆویستانەی کەس و لایەنە بەهێزەکان.

لایەکی دیکەی مەسەلەکە ئەو راستییەیە کە دەکرێ دوو یان چەند لایەنێکی سیاسی نەتوانن پێکەوە کاربکەن. ئەمە لە وڵاتە زۆر دیمۆکراتیکەکانی دنیاشدا هاتووەتە پێش. دەکرێ جیاوازیی تێڕوانین ئەوەندە فراوان بێت کە ئیدی بوارێک بۆ کارکردنی چەند لایەنێک لەگەڵ یەکتردا فەراهەم نەبێت. نموونەی یەکجار زۆر لەبەردەستن لەوەی کە هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامدراوە تەنیا لەبەر نەگەیشتنی لایەنەکان بە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان، زۆر بە سادەیی، چونکە لایەنە سیاسییەکان نەیانتوانیوە لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش رێکبکەون. ئەمە بۆ کوردستانیش راستە. دەگونجێ پارتی و گۆڕان یان یەکێتی یان لایەنە ئیسلامیەکان نەتوانن پێکەوە حکومەت و پارلەمان دروست بکەن. بەڵام ناگونجێ، ناکۆکییە سیاسییەکان بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی شۆڕ بکەنەوە و خەڵکی هەرێمەکە لەبەر ناکۆکیی سیاسی یان شەخسیی ئەوان نەتوانن پێکەوە بژین. زۆر مەعقولە مرۆڤ بپرسێ کە بەپێی چ بەڵگەیەک، سەرەڕای هەموو جیاوازی و ناکۆکییە سیاسییەکانیش، خەڵکی سلێمانی و گەرمیان و هەولێر و دهۆک ناتوانن پێکەوە بژین؟ ئێمە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا خوێناویترین شەڕی ناوخۆییمان لە مێژووی هاوچەرخی خۆماندا کرد. هەزاران رۆڵەی وڵات بوونە قوربانی، بەڵام کە جەنگەکە کۆتایی هات و پارتی و یەکێتی ئاشت بوونەوە، نەماندیت خەڵکی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و گەرمیان تۆڵە لە یەکتر بکەنەوە. ئەمە نیشانەیەکی بەهێزە بۆ ئەو راستیەی کە خەڵکی کوردستان، هەرچەندە ئەمڕۆ دابەشبووبن، دەتوانن پێکەوە و بە ئاشتیانە لەگەڵ یەکتردا بژین. بۆیە دەبێ ناکۆکییە سیاسیەکان لەنێو کایەی سیاسیدا بمێننەوە و بە میکانیزمی دیمۆکراتیک ئیدارە بکرێن، بە شێوەیەک کە ئاکامی نەرێنییان بۆ پێکەوەژیانی خەڵک نەبێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم: شنگال رزگار کرا، بە هۆی موزایەدە و سیاسەتی یەکتر شکاندن، لایەنەکان رێگایان نەدا هەموو کورد پێکەوە ئاهەنگی بۆ بگێڕێت. هیوادارم لە سەرکەوتنەکانی داهاتوودا، هەموومان بتوانین پێکەوە پێیان بەختەوەر بین و شانازییان پێوە بکەین.

---



عومەر عەلی غەفوور

# سەرسامیی بەکورد بەس نییە

پەندێکی بەناوبانگی کوردی هەیە دەڵێ "دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە". پەندێکی تری هاوشێوەیش هەیە دەڵێ "بدە رەنج، بخۆ گەنج". ئەگەرچی ئەم پەندە زیاتر لە چوارچێوە سادە و کۆمەڵایەتییە رۆژانەکەدا بەکاردێ و خەڵک وەک حیکمەتێکی مێژوو لەسەر زەرورەتی کارکردن و تێکۆشان بۆ گەیشتنە ئامانج بەکاری دێنن، بەڵام دەکرێ ئێمە لە بواری خەباتی سیاسیی گەلی کوردستانیش بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی کە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیە، بەکاری بێنین.

ئەم پەندە زۆرجار بەدرۆ دەخرێتەوە بەبەڵگەی ئەوەی زۆر کەس بەبێ رەنج و ماندوبوون شاهانە دەژین، هەیشە رەنجی فەرهاد دەدا، بەڵام تا دەمرێ سکێک تێر و حەوت سک برسییە. راستیەکەی، لۆژیکی پەندەکە سەبارەت بە پرسە سیاسییەکەی کوردیش تا ئەم ساتە ئامانجی نەپێکاوە و کورد سەرباری دەستی ماندوو و قوربانیدانی زۆری، هێشتا لەسەر سکی تێر ئۆقرەی نەگرتووە.

کورد 25 ساڵە دەوڵەتی دیفاکتۆیە و پردێکی وشکەکەڵەک بە باقیی ناوچەکانی عێراقیەوە دەبەستێتەوە کە بەزۆر راگیراوە. لەپاش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن و هاتنە سەر کاری حیزبە شیعە و سوننەکان، کێشەکانی نێوان هەردوولا لەباتی چارەسەر قووڵتر بوونەتەوە و رۆژ بەرۆژ ئەو رایەڵانەیش کە هەردوولایان پێکەوە بەستووە، یەک لەدوای یەک دەشکێن و بۆشایی نێوان بەغدا و هەولێر فراوانتر و هەلی پێکەوە هەڵکردنیان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا لاوازتر دەبێ. ئەمە لەبارێکدایە تا ئەم ساتەش کورد جگە لە سوپاس و پێزانینێکی زارەکیی نێودەوڵەتی بۆ قارەمانێتیی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا، هیچ گەرەنتییەکی بۆ بوونە دەوڵەت بەدەست نەهێناوە.

پاش هێرشە چەندقۆڵیەکەی ئەم دواییەی داعش بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە (باشیک، ناوەران، خازر و مەخموور..) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کاتی بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە باشیک لە وتەیەکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەهۆی قارەمانیی پێشمەرگەوە هەموو دنیا بەچاوی رێزەوە سەیری کورد دەکەن، بارزانی گوتی: "خۆزگە گوێتان لە وەزیری بەرگریی ئەمەریکا دەبوو کە چۆن باسی قارەمانێتی پێشمەرگەی دەکرد".

ئەم قسانە راستن و ئێستا خۆڕاگری و قارەمانێتی پێشمەرگە بووەتە مایەی سەرسامیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، رۆژانە یان هەفتانە گەورە بەرپرسانی دنیا سەردانی کوردستان دەکەن و ستایشی ئەو قارەمانییە دەکەن. ئەمە بۆ هەموو کوردێک –جگە لەو کەمینەی هەوادار و هاوبیری داعشن- جێی شانازییە، بەڵام ئایا تەنیا ئەمە بۆ کورد بەسە؟ ئایا سوپاس و پێزانین و دەربڕینی سەرسامی بەتەنیا، جگە لە هەستکردنێکی راگوزەری شانازی بەخۆکردن، کە زیاتر شتێکی عاتیفییە، بەبێ بوونی پلانێک بۆ گۆڕینی ئەو دەستخۆشانەیە بۆ پرۆژەیەکی سیاسی کە کورد بە خەونی مێژوویی خۆی دەزانێ و دەیان ساڵە قوربانیی بۆ دەدات و 25 ساڵیشە بە دیفاکتۆ مومارەسەی دەکا، هیچ نرخێکی هەیە؟

ئاخر لێگەڕێ لە وڵاتانی ئەورووپا، ئەمەریکا بەو جەبەروتەی خۆی و حکومەتی عێراق بەو لاوازی و بێ هەیبەتیەی خۆی، لەکاتێکیشدا سوور دەزانێ تاکە پێکهاتە لە عێراقدا بتوانێ متمانەی پێی هەبێ کورد و کوردستانە، هێشتا ئامادە نییە تەنانەت لەو دۆخە دژوارەی شەڕی داعش کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ، راستەوخۆ — نەک لە رێگەی بەغداوە- پێداویستییە جەنگیەکان بگەیەنێتە دەست حکومەتی هەرێم. ئەگەر لە بارێکی وا نائاساییدا کە کورد رۆژانە رۆڵەکانی دەکاتە قوربانیی شەڕێک کە بە قسەی خۆیان شەڕە بەنوێنەرایەتیی جیهان، تەنانەت وەک بارێکی نائاسایی-ش، هیچ جۆرە سەربەخۆییەکی رێژەیی بە کوردستان رەوا نەبینن، چۆن دەکرێ دڵمان خۆش بێ سبەی کە شەڕەکە کۆتایی هات و کاریان پێمان نەما، لەوە گەورەترمان بۆ بکەن؟

راستە کورد لەو شەڕەدا بەپلەی یەکەم بەرگری لە وجود و نیشتمان و کەرامەتی خۆی دەکا، بەڵام ئەوەیش روونە، بەرگرتنی کورد لە پێشڕەویی داعش و پاشەکشەپێکردنی، سەرئەنجام بەشداریکردنێکی جیدییە لە شکاندنی هێزێک کە چەندین هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئیسلامیی سی دەوڵەتی و شەست دەوڵەتی بۆ بەگژاچوونەوەی پێکهێنراون، بۆیە دەبێ بارتەقای ئەو بەشداریکردنە گەورەیە پاداشتی گەورە بکرێ و تەنیا بە سوپاس و سەرسامیەک بەڕێی نەکەن.

زۆر جار کە باسی ئەو سەرسامیەی بەرپرسانی دەوڵەتان بە پێشمەرگە و شەڕڤانی کورد دەبیستم، لەپاڵ هەستێکی شانازی بەخۆکردن، ترس و بەدگومانییەک سەر دڵم دەگرێت و لەخۆم دەپرسم: تۆ بڵێی پاداشتی ئەو هەموو قوربانیدانەی کوردستان و شەهیدبوونی رۆڵە جوانەکانی لەو شەڕە نەگریسەدا، هەر سوپاس بێ و سبەی سفر هیچ بەدەست بەڕێمان بکەن.

کورد رێک سەدەیەک لەمەوبەر هەمان ئەزموونی لەگەڵ کەمال ئەتاتورک هەبووە کە خۆی ناونابوو غازی (واتە موجاهید). ئەتاتورک بەناوی غەزاوە کوردی فریودا و شەڕی سەربەخۆیی تورکیای پێ کردن، بەڵام پاش برانەوەی جەنگ و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، لەجیاتیی پاداشتکردن و کردنیان بەشەریکە بەشی سەرکەوتنەکان، نکوڵی لە بوونیان کرد و وا سەت ساڵە کورد خەبات بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو بوونە دەکا.

هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی زۆر لە خەم رەخسیوە و قۆناغی نکوڵیکردن لە بوون و مەترسیی لەناوچوونی تێپەڕاندووە، بەڵام تا نەبێتە خاوەن قەوارەی سەربەخۆی خۆی، لە ئاگرەسوورە بەدوور نابێ و دەکرێ لە هەر پەرەسەندنێکی هەڵتۆقیودا –هاوشێوەی هەڵتۆقینی داعش- ریسەکەی ببێتەوە بە خوری، بۆیە گرنگە سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەم قۆناغی "سوپاس و سەرسامی"یە لەڕووی دیپلۆماسییەوە ژیرانە و زیرەکانە بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەی ئەزموونی کوردستان تەوزیف بکەن.

ئەگەر ئەم دۆخەی ئێستا کورد بە دەوڵەتی سەربەخۆ نەگەیەنێ، پێموایە ئیتر ئەستەمە بتوانین بەئومێدیەوە بژین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کێ لە یەکێتی جیادەبێتەوە؟

1

کاتێک لە مانگی نیسانی ساڵی 2000، باوکی رووحیی جەلالیزم، ئیبراهیم ئەحمەد لە تاراوگە کۆچی دوایی کرد، مام جەلال وەک رێبەرێک کە شایستەی خەباتی ئەو بێت، تەرمەکەی هێنایەوە سلێمانی و لەوێ بەخاکی سپارد. ئەو رووداوە رەنگبێ زەنگێکی هۆشیارکەرەوە بووبێت بۆ مام جەلال کە ئەگەر ئەو نەبووایە کێ دەیتوانی ئەوە بۆ خەزووری بکات؟ ئایا خەڵکی دیکە هەمان مامەڵەیان لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دەکرد و ئاوا شکۆدارانە بە خاکیان دەسپارد؟

لەو رۆژەوە، بۆچوونی مام جەلال سەبارەت بە کەسوکاری، بەشدارییان لەکاری سیاسی و وەرگرتنی پلەوپایە لە ناو یەکێتیدا گۆڕا (پێشتر بە هەموو شێوەیەک دژی ئەوە بوو خزم و کەسەکانی پۆستیان هەبێ). وردە وردە کەسە نزیکەکانی تاڵەبانی هاتنە ناو بازنەی دەسەڵاتەوە و لە هەردوولاوە (ماڵی تاڵەبانی و ماڵی ئیبراهیم ئەحمەد) کەسانێک کە پەیوەندیی خوێنیان هەبوو، لە هەرەمی دەسەڵاتدا جێگەی خۆیان گرت. بەو شێوەیە دوای پتر لە دوو دەیە، یەکێتیش هاتە سەر هەمان رێبازی پارتی و بووە حیزبی بنەماڵە.

پێش نەخۆشکەوتنی مام جەلال و دوورکەوتنەوەی لە کاری سیاسی، دەسەڵاتەکانی ناو یەکێتی لە بازنەیەکی بچووکدا کۆبووەوە و ئەم بازنەیەش وەک دیفاکتۆیەک حوکمی یەکێتی دەکات، بەڵام توانای نوێنەرایەتیی سەنگ و پێگەی مێژوویی یەکێتیی نییە.

زۆر کەس کە لەسەر دۆخی یەکێتی دەدوێن، مەسەلەکە لەو لایەڕا تەماشا دەکەن کە جێگرانی سکرتێری گشتی یان باڵی ریفۆرم لە یەکێتی جودا دەبنەوە، بەڵام ئەگەر لە هەوڵ و تەقەلاکانی ئەو باڵە بۆ بەلاداخستنی کێشەکان بە رێگەی کۆنگرە و گفتوگۆوە بڕوانین، دەبینین ئەوە ئەوان نین کە لە یەکێتی جیادەبنەوە، بگرە باڵێک خۆی جیاکردووەتەوە و بەوانەش کە ناڕازین دەڵێ خوا حافیزتان بێت!

ئەگەر ئەمجارە جیابوونەوەیەک رووبدات، کە زۆر زەحمەتە یەکێتی بەرگەی ئەوەیان بگرێ، پتر لەوەی جیابوونەوە بێت، تەڕد و دەرکردنە نەک جیابوونەوەیەکی ئاسایی.

سەرکردایەتی یەکێتیش درکیان بەوە کردووە کە باڵی ریفۆرم تەواو نائومێد بوونە و بیر لە دروستکردنی پلاتفۆرمی جیا دەکەنەوە (سەرەتا لەناو یەکێتی و رەنگبێ دواتر لە دەرەوەی یەکێتی).

لە ئەگەری دروستبوونی حیزب یان بزووتنەوەیەکی نوێ لەسەر دەستی دکتۆر بەرهەم و کۆسرەت رەسوڵدا، شتێک بەناوی یەکێتی نیشتمانی نامێنێ. مەعلوم نییە سەنگ و قورسایی حیزبەکە چەند و چۆن دەبێ، بەڵام لانیکەم ئەگەر وەک جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفاش نەبێ، لە هی ئەو کەمتر نابێت. ئەو رۆژەی گۆڕان جیابووەوە، مام جەلال و هاوپەیمانیی ستراتیژی بە هەموو هێزییەوە یەکێتییان پاراست. ئەمجارەیان کێ دەیپارێزێ؟

ئینجا ئەو حیزبە تازەیە لە کاتێکدا دروست دەبێت کە بەشێکی زۆری هەواداران و دەنگدەرانی گۆڕان و یەکێتی، لە دەرەوەی پارتی و حیزبە ئیسلامییەکان بەدوای ئاسۆیەکدا دەگەڕێن. ئەو حیزبە تازەیە دەتوانێ بە گوتارێک کە دووربێت لە پاشکۆیی یان دژایەتیکردنی پارتی، ببێتە مۆدێلێکی نوێ و چیتر گەنجانی وڵات لە داخی ئەم و ئەو نەکەونە نێو باوەشی پەکەکەوە.

## گرێکوێرەکە دەکرێتەوە؟

3

سەردانی جەعفەر شێخ مستەفا بۆ لای نەوشیروان مستەفا و ئەو پەیامەی رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، ئومێد بەخشە. دەکرێ سەردانەکە سەردانێکی ئاسایی و دۆستانە بێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا جۆرێک بێت لە نێوانگیری لە نێوان پارتی و گۆڕاندا. بە حوکمی ئەوەی کە پێگەی شێخ جەعفەر لای بارزانی بەرزە و خۆشەویستە، تروسکاییەک بەدی دەکرێت کە ئەو پەیامەی نەوشیروان مستەفا، ئاماژەیەک بێت بۆ کرانەوەی دەرگای دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان کە چەند مانگێکە بووەتە هۆی ئیفلیجبوونی پەرلەمان.

رێکخەری گشتی لەو پەیامە زارەکییەدا، گەشبینانە دواوە و شتێکی جیاوازە لەو بڕیار و راسپاردانەی کە رۆژانی رابردوو جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەکەی حەددیانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

## کێ یەک دەگرێتەوە؟

2

لە بەرامبەر ئەو واقیعەی کە پاشماوەی یەکێتیش خەریکە دەبێ بە دوو لەتەوە و هاوکات بۆ بەرگرتن بە هەژموونی پارتی بەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا، بەردەوام مەسەلەی یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی دێتە ئاراوە و هەندێکجاریش وا بە گەرموگوڕی هێنراوەتە پێش کە وا بزانرێت دوو سێ رۆژی دیکە ئەو دوو حیزبە دەبنەوە بە یەک.

ئەگەر لە فاکتەر و هۆکارەکانی جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا و دروستکردنی بزووتنەوەی گۆڕان بڕوانین، دەبینین ئەگەر بهاتبایە ئەو جیابوونەوەیە لەسەردەمی مام جەلالیش رووی نەدابا، ئێستا هەر رووی دەدا. چونکە گرفتی سەرەکیی نەوشیروان مستەفا لەگەڵ مام جەلالدا ئەوە بوو کە دەسەڵات هەمووی لەیەک کەسدا کۆبووەتەوە و دەبێ دابەش بکرێت. دوای مام جەلالیش ئەو حاڵەتە هەر بەرقەرارە! کەواتا ئەگەر باڵی دەستڕۆیشتوو ئامادەیە دەسەڵات و بڕیارەکانی یەکێتی دابەش بکات، دەبێ پێشترێ لەناوخۆی خۆیدا دابەشی بکات (لەگەڵ باڵی ریفۆرم) نەک لەگەڵ دەرەوەی خۆی، سەرەتا رێگە لە پارچە پارچەبوونی زیاتر بگرێ و ئینجا بیر لە یەکگرتنەوە بکاتەوە.

بەشێکی زۆری سەرکردایەتیی گۆڕان لە کەسانێک پێکدێ کە لەشەستەکانەوە لەگەڵ مام جەلالدا بوونە و باس و خواسی یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لای ئەوان زۆر گەرمە. ئەوان پتر لە رووی عاتیفەی مێژووییان بۆ رابردوو سەیری مەسەلەکان دەکەن، بەڵام لە راستیدا بنکەی جەماوەرییان ئەگەر لەسەر هەندێک شتیش کۆک بن، جیاوازن. بۆیە لەئەگەری هەنگاوێکی ئاوادا (کە زۆر زەحمەتە)، تەنیا سەرکردایەتییە کۆنەکەی یەکێتی و گۆڕانن کە یەکدەگرنەوە، ئەوەش بۆخۆی باسێکی دیکەیە کە یەکدەگرنەوە، تێکەڵ دەبنەوە یان حیزبێکی نوێ دروست دەکەن. لە خوارەوە و لای جەماوەرەکەیان، ئەوە وا بە ئاسانی روونادات و بگرە کوتلەیەکی ناڕازیی گەورەش پاڵ پێوەدەنێ بۆ دەرەوەی ئەو یەکگرتنە.



عادل باخەوان

# مردن لە پێناوی مانادا

هەموو ئەو توێژەرانەی کار لەسەر زەبروزەنگی بزووتنەوە ئیسلامیستەکان بە گشتی و تیرۆریزمی ئەو ئەکتەرە رادیکاڵانە دەکەن کە ئیسلام وەک سەرچاوەی شەرعیەتدان بە چالاکیەکانیان بەکاردێنن، تێبینی ئەوە دەکەن کە لە پێنج ساڵی رابردوودا، بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپادا، دیاردەیەکی گرنگ لەنێو پرۆسێسی خۆبیناکردندایە و هەموو ئاماژەکانیش بەرەو ئەوەمان دەبەن کە لە چەند ساڵی داهاتوودا تۆختر و بەهێزتر خۆی بە دەرەوە بناسێنێ. ئەو دیاردەیەش بریتییە لە پەڕینەوەی چەندین ئەکتەری چینی ناوەند و چینی ناوەندی باڵا بەرەو تیرۆریزم!

دروست وەک ئەکتەرەکانی خواری خوارەوەی کۆمەڵگا کە سەر بە چینە مەحرومەکانی کۆمەڵگان و تێکەڵ بە تیرۆریزم بوون، ئەمانیش بەرەو سووریا و عێراقی داعش و ئەلقاعیدە "هیجرەت" دەکەن و خۆیان دەخەنە خزمەت ستراتیژ و گرەوەکانی گرووپە جیهادیستەکانەوە. بەپێی ئەو داتا فەرمیانەی کە لە بەردەستماندان، نزیکەی چوار هەزار گەنجی ئەوروپی لە ریزەکانی داعش و ئەلقاعیدەدان و بەشێکی گرنگی ئەم چوار هەزار کەسە لەو کاتیگۆریەن کە زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زەبروزەنگ ناوی دەنێت: تیرۆریزمی چینی ناوەند.

ئەندامانی ئەم کاتیگۆریە بریتین لەو گەنجانەی کە بە رەگوڕیشە ئەوروپین و ئیسلامیان لە خێزانەکانیانەوە وەرنەگرتووە، بەڵکو لە ئاینەکانی دیکەوە هاتوون و ئیسلامیان وەک ئاینی نوێی مانابەخش بە ژیانیان وەرگرتووە. بەشێک لەمانە پێشتر مەسیحی بوون، بەڵام بۆشاییەکی گەورەی کوشندە لە بوونیاندا دروستبووە و مەسیحیەتی فەرمی نەیتوانیوە بۆیان پڕبکاتەوە، بۆشاییەک کە وەک مەقەست تەواوی وجودیانی دڕاندووە، بەڕادەیەک کە چیدی شتێک لە بوونیاندا نەماوەتەوە لە پێناویدا بژین. بەشێکی دیکەیان ئەو کەسانەن کە پێشتر یەهودیەتیان لە خێزانەکانیانەوە بۆ بەجێماوە، بەڵام خۆیان هیچ ئینتیمایەکیان بۆ یەهودیەت نییە، بەشێکی دیکەیان بودیست بوون، بەڵام لێرە بەدواوە مانای ژیانیان لەنێو بودیسمدا دەست ناکەوێت و رێگای دیکە بۆ دۆزینەوەی مانا دەگرنە بەر. هەروەها بەشێکی دیکەیان ئەو ئەوروپیانەن کە خاوەنی هیچ ئاینێک نین و پێشتر ئاین پرسێکی گرنگ نەبووە لە ژیانیاندا، بەڵام گەڕان بەدوای مانادا دەیانبات بەرەو ئەلقاعیدە و داعش و لە کۆتاییشدا سەریان لە چاپە رادیکاڵەکەی ئیسلامەوە دەردەچێت.

ئەو سۆسیۆلۆگانەی کە لەسەر ئەم کاتیگۆریە کاردەکەن (دونیا بوزار، ئۆلیڤەر رِوا، فەرهاد کۆسرەوکەڤار، جیل کەپێل)، دەڵێن تەواو بەپێچەوانەی جیهادیستەکانی چینی خواری خوارەوە کە لێوان لێون لە حیقد بەرامبەر بە کۆمەڵگا، ئەم ئەکتەرە تیرۆریستانەی چینی ناوەند، هەڵگری هەمان حیقد بەرامبەر بە کۆمەڵگا نین و وەک ئەوانی دیکە قوربانیی راسیزم، دوورخستنەوە، پەراوێزخستن و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی نین. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەمان قوربانییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا نین، بەڵکو سەر بەو چینانەن کە زیاتر لە چینی هەژموونداره‌کانەوە نزیکن تا هەژموون لەسەرکراوەکان.

گەر گرفتی چینە مەحرومەکان بریتی بێت لە بێکاری، لە بێ خانوویی، لە لاوازیی دەسەڵاتی کڕین، لە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن، لە نەبوونی پەروەردەی ڕاقیی کولتووری، بەدڵنیاییەوە گرفتی تیرۆریستەکانی چینی ناوەند و چینی ناوەندی باڵا بریتیە لە کاڵبوونەوەی "نۆرم" و "دەسەڵات" لە ژیانی رۆژانەیاندا. واتە ئەو نۆرمانەی کە ژیانی هەر کەسێک رێکدەخەن و مانایەک بە جوڵانەوە و بەرنامە و هەنگاوەکانی هەر کەسێک دەبەخشن، بە رادەیەک کاڵ بووەتەوە کە چیدی نەتوانن ئەم ئەرکە راپەڕێنن. لە ئاستێکی دیکەشدا، هەڵوەشانەوەی بێوەستانی خێزان و سەرلەنوێ خۆبیناکردنەوەی، هەلومەرجێکی خولقاندووە کە چیدی منداڵانی ئەم چینە کۆمەڵایەتیانە هەست بە ئامادەیی دەسەڵاتێکی سەرپەرشتیار و خەمخۆر نەکەن و هەر لە منداڵییەوە بە گەورەیی خۆیان سپێردرابن. راستە لەسەر ئاستی ماتریاڵ، بەشێکی زۆر لە داواکاریەکانیان وەڵام دراونەتەوە، بەڵام ئەوەش راستە کە لەسەر ئاستی وجودی، چەندین بۆشایی کوشندەیان لە "خود"یاندا دروستکردووە.

لێرەوە، کاڵبوونەوەی نۆرمەکانی کۆمەڵگا و لەهۆشخۆچوونی دەسەڵاتی خێزان، کاتێک پێکەوە و وەک شەپۆلێک دێن و لە ئەکتەرێکی ئەم چینانە دەدەن، ئیدی بەرەو چەندین ناوەند و جێگای دیکە دەیبەن، یەکێک لەو ناوەند و جێگایانە باوەشی تیرۆریزم بەگشتی و تیرۆریزمی ئەلقاعیدە و داعشە بەتایبەتی. لەنێو ئەم باوەشەدا، هەم نۆرم دەدۆزنەوە و هەم دەسەڵات، لەوەش زیاتر، کۆی ستراکتۆری ئەم دوو رێکخراوە لەسەر دووانەی نۆرم و دەسەڵات لە تەواوی رووبەرەکاندا دروست بووە و بەبێ نۆرم و دەسەڵات ئەم ستراکتۆرە هەرگیز ناتوانێت بەم شێوەیەی ئێستا و ئێرە بەردەوام بێت. سیحری ئەلقاعیدە و داعش لەخەیاڵدانی ئەم ئەکتەرانەدا، لەوەدایە کە نەک هەر دەیانخاتە نێو سیستمی نۆرم و دەسەڵاتەوە، بەڵکو ئەو هەستەشیان لا دروست دەکات کە خودی خۆشیان دەبن بە ئەکتەری گێڕانەوەی نۆرم و دەسەڵات بۆ کۆمەڵگا بەرەڵاکراوەکانی نێو کۆڵانەکانی مۆدێرنیتێ! ئەم هەستە وا لە هەر ئەکتەرێکی جیهادیست دەکات کە خۆی بە باڵاتر و باشتر و گەورەتر لەوانی دیکە بزانێت. لەوەش زیاتر، وای لێدەکات کە بەدەم پێکەنینەوە، لەپێناوی ئەم هەستەدا بکوژێت و بیشکوژرێت.

ئەم ئەکتەرە نوێیانە سەد و هەشتا پلە جیاوازن لەو نەوەیەی کە راپەڕینی خوێندکاران لە مایسی 1968 لە پاریس بەرهەمی هێنا. نەوەی شەست و هەشت بەدوای تێرکردنی ئارەزووەکانیاندا دەگەڕان و هەموو شتێکیان لەپێناوی وەڵامدانەوەی ئارەزووەکانیاندا، بەتایبەتی ئارەزووە سێکسییەکان بەکاردەهێنا، بەڵام ئەم ئەکتەرانە هەموو رێگایەک دەگرنەبەر بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەی ئاسنین بۆ ئارەزووەکانیان و سەپاندنی ئەو چوارچێوانەش بەسەر ئەوانی دیکەدا. نەوەی شەست و هەشت دەیویست خۆی لە دەسەڵاتە هەرەمیەکان رزگار بکات، ئەم ئەکتەرانە بەدوای دەسەڵاتی هەرەمیدا دەگەڕێن، نەوەی شەست و هەشت خۆی لە خودا دەدزییەوە، ئەم ئەکتەرانە کۆڵان بە کۆڵان بەدوای خوادا دەگەڕێن! نەوەی شەست و هەشت ئەنارشیست بوون، ئەمان بەدوای رێکخستندا دەگەڕێن، نەوەی شەست و هەشت حیقدێکی رەشی بەرامبەر بە دەزگاکانی دەسەڵات هەبوو، ئەمان رێگای هات و نەهاتی مووسڵ و رەقە بەدوای دەزگاکانی دەسەڵاتێکدا دەگرنە بەر.



هیوا جەمال

# ئارامیی رۆژهەڵاتی کوردستان مەشێوێنن

باشووری کوردستان سنوورەکانی بە (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) ەوەیە، بەرەو دوو ساڵ دەچێت، شەڕ بەرۆکی گرتووە، ئاوارە و پەنابەری زۆر لە شارەکاندان، قەیرانی دارایی هەیە، سەقامگیریی سیاسی لاوازە.

باکووری کوردستان، ئاڵۆزیی تێکەوتووە، دوو جار لە ساڵێکدا هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە، گرتن و کوشتن پەرەی سەندووە، بێکاری و بێ بازاڕیی دروست بووە.

رۆژئاوای کوردستان، سنوورەکانی بە چەندین گرووپی چەکدار دەورە دراون، هەندێ ناوچەی لەژێر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و هەندێکی دیکەشی لەژێر دەستی حیزبی بەعسدایە، بێکاری و هەژاری هەیە، سەقامگیریی سیاسی نییە.

لەو چوار بەشەی کوردستان، تەنیا رۆژهەڵاتی کوردستان ئارامە، داعش و گرووپەکانی دیکە روویان تێنەکردووە، تارادەیەک سەقامگیری هەیە، خەڵک کاروکاسبی خۆی دەکات، بە کشتوکاڵەوە سەرقاڵن، گەنجەکان دەتوانن بچنە شارەکانی دیکە کار بکەن، هەرچەندە ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەژاری نییە و گرتن و زیندانی نییە، بەڵام بەراورد بە بەشەکانی دیکەی کوردستان، جگە لە ئازادییەکەی، لە زۆربەی لایەنەکانی دیکەوە باشترە، بۆیە پێویستە بیر بکرێتەوە ئەو ئارامییە تێکنەدرێ.

پرسیارەکە ئەوەیە، دەبێ کێ بیر بکاتەوە؟ کێ هەوڵ بدات ئارامییەکە تێکنەدات؟ ئارامی لە کێ تێکدەچێ؟

بێگومان ئەم ئەرکانە دەکەونە سەرشانی دوو لایەن، یەکێکیان حکومەت و دەوڵەتی ئێران و ئەوی دیکەیان لایەنە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

بۆ راگرتنی ئارامی و سەقامگیری، ئەرکی سەرەکی و قورس دەکەوێتە سەر حکومەتی ئێران، ئەو دەتوانێت سەقامگیری رابگرێت، ئەویش بە:

1- بانگهێشتکردنی لایەنە کوردییەکان بۆ گفتوگۆ.

2- دەستهەڵگرتن لە زیندانیکردن و لەسێدارەدانی کورد بە بیانووی جیاجیا.

3- دابینکردنی ئازادیی کاری سیاسی و بیروڕا دەربڕین.

4- دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ ناوچە کوردییەکان.

5- کشاندنەوەی ئەو بەرپرسە غەیرە کوردانەی لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە رەوانەی کوردستان کراون.

6- بەشدارکردنی کورد لە دەسەڵاتی سیاسیی ناوەند، بەدوور لە جیاوازیی بیروباوەڕ.

لایەنە کوردییەکان ناتوانن ئارامیی رابگرن، ئەگەر حکومەتی ئێران دەست نەکات بە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە و چەندین خاڵی دیکە، لەبەرامبەردا ئاسانترین کار بۆ لایەنی کوردی ئەوەیە ئارامیی شارە کوردییەکان تێکبدەن.

ئەگەر حکومەتی ئێران دەستی کرد بە بەرنامەیەک بۆ کرانەوە و پێدانی ماف و ئازادیی زیاتر بە کورد، لایەنە کوردییەکان چی بکەن؟ دەبێت لانیکەمی ئەم کارانە بکەن:

1- ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان وەلا بنێن و لە دوو سێ باڵەوە ببنەوە یەک باڵ، هەوڵ بدەن لەسەر بنچینەی تیۆرەکانی بەڕێوەبردن یەکبگرنەوە، وەک لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە، بۆ نموونە کۆنزەرڤاتیڤ و دیموکراتی، یان راست و چەپ.

2- پێکەوە ستراتیژێکیان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، چییان دەوێ؟ فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی؟ یان حوکمی خۆجێیی؟ یان هەرشتێکی دیکە.

3- ئێستا پێش ئەوەی بکەون بەسەر کێکی دەسەڵات و شیرینی دەستکەوت و دەورانی کورسی، هەوڵ بدەن لە کەسانی تەکنۆکرات، حکومەتی کاتی پێکبێنن و کار لەسەر کەسە بەتواناکان بکەن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات.

جا ئەگەر بیر نەکرێتەوە و ئەم هەلە بەهەند وەرنەگیرێت بۆ جووڵەیەکی مەدەنی، هەم لەلای حکومەتەوە و هەم لەلای لایەنە کوردییەکانەوە، بێگومان ئەوەی لە پێشدا زەرەر دەکات خەڵکە، جا هەر لایەک بانگەشەی خزمەتکردنی خەڵک دەکات پێویستە دەستپێبکات.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# خەونەکانم بۆ 2016

ئەمە دواین گۆشەیە کە لە ساڵی 2015دا دەینووسم. ساڵێک کە کۆتاییەکەی وەکو ساڵی 2014 نەبوو. قەیرانەکانی ساڵی رابردووی لەگەڵ خۆی هێشتەوە و قەیرانی نوێتریشی بۆ زیادکردین. هەر لە رووداوەکانی پاش 23ی حوزەیرانەوە بگرە تاوەکو دابەزینی نرخی نەوت و بەردەوامیی مانەوەی داعش، پێماندەڵێن ساڵی داهاتوومان لەمساڵ ئاسانتر نابێت، بەڵام چۆن دەتوانین وابکەین بەرگەی بگرین؟

زۆرینەی باشووری کوردستان بە رەشبینی و نائومێدییەوە ماڵئاوایی لە 2015 دەکات. چونکە هێشتا وێنەکانی سووکایەتیی داعشی بە ژنان و کچانی کورد لە ساڵی 2014دا لە زەینیدا نەسڕیبووەوە، دیمەنی چەلەحانێی بێئەنجامی پەرلەمانتارانی لەنێو هۆڵەکانی پەرلەماندا دیت. هێشتا ئەسپێ لە باخەڵی بێ مووچەی فەرمانبەرانیدا سەوزەڵێ خانمی دەگوت، کەچی منداڵەکانیان و منداڵی کەسوکاریان بەلێشاو سەریان هەڵدەگرت و نیشتمانی خۆیان بەجێدەهێشت.

ئەمساڵ زۆر دیمەن تەزاندیانین: دیمەنی ئالانی کوردی دوای دۆزینەوەی لە کەنار دەریا لە تورکیا، دیمەنی ئەو دایک و باوکانەی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەستیان بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و داوای ئازادبوونی کوڕە پێشمەرگە دیلەکانیان لە خوا دەکرد، یان دیمەنی ئەو پارێزەرەی لە ئامەد هەموو ژیانی بۆ داواکردنی ئاشتی تەرخان کرد، کەچی کرایە قوربانی گوللەی وێڵ و ئیرادەی شەڕەنگێزی. ئەو دیمەنانە هەر لە کوردستان نا، بەڵکو لە جیهانیشدا دڵتەزێن بوون. کەس دیمەنی رەشەکوژییەکەی سەرەتای ساڵی لە شاری پاریس بۆ سەر گۆڤاری شارلی هێبدۆ بیرناچێتەوە. کەسیش ناتوانێ ویژدانی هەبێت و دیمەنی هێرشەکانی پاریسی لەبیربچێت کە کۆتایی ساڵ، داعش ئەنجامیدان و خەڵکێکی زۆر بەوهۆیەوە گیانیان لەدەستدا.

پێناچێت بتوانین بۆ ساڵی داهاتوو چاوەڕوانی دووبارەنەبوونەوەی ئەو دیمەنانە بکەین. هەر هیچ نەبێت ئالانی دیکە هەن کە خۆیان بە دەریا دەسپێرن، پێشمەرگەی دیکەمان هەن کە رەنگە ببنە دیل و دەستی دایکان و باوکانیان بۆ ئاسمان بەرزببنەوە، رەنگە لە باکووریش پارێزەری دیکەی ئاشتی هەبن کە ببنەوە قوربانی ئیرادەی شەڕەنگێزی. بەڵام ئەمە نابێ وابکات خۆزگەی جوان نەخوازین و خەونی شیرین نەبینین.

خەونی من بۆ ساڵی 2016 ئەوەیە کە دیمەنی دانیشتنێکی دۆستانەی کاک مەسعود و کاک نەوشیروان ببینم، کە تێیدا ئەو یەکدەستییەی بەر لە 23ی حوزەیران هەبوو دیسان بەرجەستەی بکەنەوە. خۆزگە دەخوازم لە ساڵی نوێدا تەنیا حکومەت نا، بەڵکو خەڵکیش پلانێکی روونی ئابووری بۆخۆیان دابنێن و ئامادەکاری بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو سەختییانەی هاوشێوەی ئەوانە دەبن کە ئەمساڵ بینیمان. خۆزگەیەکی دیکەشم ئەوەیە بەڕێز ئۆجەلان ببینم لە زیندان ئازاد بێت و یەکێک بێت لەو میوانانەی بەشداری لە مەراسیمی جاڕدانی سەربەخۆیی کوردستاندا دەکەن.

ساڵی داهاتوو ئەمکاتانە بیرتاندەهێنمەوە چەند خەون و چەند خۆزگەم وەدیهاتن و چەندیشیان وەکو ساڵانی پێشوو ئاوەڵئاو چوون!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## ئەگەر رووداو نەبووایە ئێستا کاوار ئەکتەر بوو

« 11

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قڕگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







